# رۆژنامە

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات

ژمارە (٦٠٦) سێشەممە ٢٠١٠/١١/٢ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار




**دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن لەسەر خۆپیشاندان ناکۆکن**

ل...١

# گۆڕان: پاشکۆیەتیمان قبووڵ نییە




فۆتۆ: رۆژنامە

**رۆژنامە**

پەرلەمانتارێکی گۆڕان رایگەیاند: پاشکۆیەتیمان لە لیستی دەسەلات قبوولنەکرد، بۆیە لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کشاینەوەو بزووتنەوەی گۆڕانیش ئاشکرایکرد، بەردەوامبوونی دەسەڵات لە بەفیرۆدانی کاتو جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکان بۆ چاکسازیی سیاسیی لە هەرێم، ناچار بە کشانەوەی کردین، هاوکات وتەبێژی بزووتنەوەکە دەڵێت: بڕیاری کشانەوەکەمان قەتعیی نییە.

دوای چەندین جار ئاگادارکردنەوەی لیستی دەسەڵاتو هەولدان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان، دواجار رۆژی (٢٠١٠/١٠/٢٩) بزووتنەوەی گۆڕان لە راگەیەنراوێکدا بە رەسمیی کشانەوەی فراکسیۆنەکەیان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان راگەیاند.

حاکم لەتیف شێخ مستەفا، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان، لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: لەپێناو یەکهەلوێستیی میللەتی کورددا، بەشداریمان لە پێکهێنانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا کرد، بەلام پاش ماوەیەک دەرکەوت لە ئاستی ناوخۆو بەغداش لیستی دەسەلات بەپیرمانەوە نایەتو هەنگاوی عەمەلیو جددییان نییەو دەیانەوێت ئێمە وەک پاشکۆیەکی ئەوان وابین، ئێمەش پاشکۆیەتیمان قبووڵ نەکرد.

لەبارەی گفتوگۆو کۆبوونەوەیان لەگەل ئەندامانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، محەمەد تۆفیق، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: «بڕیاری کشانەوەمان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە هەلوێستێکی نیشتمانیی دەزانینو کاتی خۆی بەمەرجێک چووینەتە ناو ئەو ئیئتیلافەوە، بەلام بڕیارەکە قەتعیی نییەو ئامادەی گفتوگۆین، بەمەرجێک چاکسازیی بکرێت.

**زانیاریی زیاتر لە ل... ٤، ٥**

## کۆمسیۆن بە رێنماییەک رێ لە پێکهێنانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەگرێت

ل...٣

## بودجەی حیزبەکان ناکۆکیی زیاتر دروست دەکات



**رۆژنامە**

فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان، هەریەکەو پێشنیازی بڕە پارەیەک دەکەن کە بدرێتە حیزبەکان، کە بڕیارە لەسەر بنەمای رێژەی کورسی دیاریی بکرێت.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، پێشنیازکراوە بڕەکانی (١٢، ٥٠، ١٠٠) ملیۆن دینار بۆ هەر کورسییەک دابنرێت، بەلام بە زۆرینەی دەنگ پێشنیازی (٢٥-٥٠) ملیۆن دینار بۆ هەر کورسییەک کراوە، لەگەڵ ئەوەی ماوەی (٩) رۆژە لیژنەی یاساییو ناوخۆ راپۆرتێکی هاوبەشیان ئامادە کردووە، بەلام تائێستا پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان نەکردووە.

لە راپۆرتی لیژنەی دارایشدا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی لیژنەکە بڕی (٢٥-٥٠) تەرخان دەکرێت بۆ کورسییەکی پەرلەمانییو هەروەک ئەو حیزبانەی کە رێژەی دەنگەکانیان گەیشتووەتە نیوەی کورسییەک، پارەی نیو کورسی پێدەدرێت، جگە لەوە بڕی (١٠) ملیۆن دینار بەو حیزبانە دەدرێت، کە مۆڵەتیان هەیە.

هەندێک لە پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن بۆچوونیان وایە ئەو بڕە، واتە (٢٥-٥٠) ملیۆن دینارە، واقیعی نییەو گومانێکی گەورە دروستدەکات، بە تایبەتی بۆ یەکێتیو پارتی کە ئەو بڕە بەشیان ناکات، بۆیە گومانی ئەوە دەکرێت، حیزبەکان بەتایبەتی یەکێتیو پارتی، داهاتی تریان هەبێتو لە شوێنی ترەوە پارە وەربگرن.

پەرلەمانتارێکی یەکگرتووش وتی: «پێشنیازمان کردووە (١٠٠) ملیۆن دینار بۆ هەر کورسییەک دابنرێت، پەرلەمانتارێکی کۆمەلیش وتی: «نابێت بە تەنیا رێژەی کورسی پێوەربێت، بەلکو فراوانتربکرێتو ئەو حیزبانەی مۆڵەتیان هەیە رێژەیەک پارەیان پێ بدرێتو بڕی پارەی کورسییەکانیش جیاواز بێت».

**بۆ ل ٣**

## بارودۆخی کەرکوک مەترسیدارە

**رۆژنامە**

بارودۆخی ئاسایشی کەرکوک، جگە لەوەی لەڕووی ئەمنییو ئەنجامدانی تەقینەوەو کردەوەی تیرۆریستییەوە، ناسەقامگیرە، ماوەیەکە کردەوەی رفاندنو دزینی سامانی هاوڵاتییان پەرەی سەندووە.


هەر لەو میانەدا هەفتەی رابردوو جگە لە بڕینی بازاڕی زێڕەنگەران کە کەمتر لە (٢٠٠)مەتر لە بینای بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی کەرکوکەوە دوورە، دوو کچە کوردی کاکەییش لەلایەن گرووپێکی تیرۆریستییەوە رفێندران لە دواتردا بە پێنج ئەندامی ژنی گرووپی ئەنسارولئیسلام گۆڕدرانەوە.

پێریش لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی پارێزگادا کە بەرپرسانی ئەمنیی شارەکە تێیدا ئامادەبوون، تۆمەتبارکردنێکی زۆر لەنێوان دامودەزگا ئەمنییەکانو پارێزگادا روویدا، کە سەرەنجام کێشەیەکی نوێی لەنێوان کوردو عەرەبو تورکماندا خستەوەو هەردوو لیستی عەرەبو تورکمانەکان کۆبوونەوەکەیان بەجێهێشت.

**زانیاریی زیاتر لە ل..٨**

## لە هەولێر (١٠٠) کارگەی هاڕینی چەو و لم دادەخرێن

ل...١٥



## محەمەد تۆفیق رەحیم: کشانەوەکەمان بە هەڵوێستێکی نیشتمانیی دەزانین

ل...٥



## دوو کچی رفێندراو بە پێنج تیرۆریست گۆڕدرانەوە

ل...٨

### د.نەجمەدین کەریم، ئەندامی (م.س) یەکێتی:

## ئۆپۆزسیۆن رووی کوردستانی جوانتر کردووە

**رۆژنامە**

د.نەجمەدین کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەڵێت: «بوونی ئۆپۆزسیۆن گرنگەو دەتوانێت رۆڵێکی باش ببینێت بۆ پێشخستنی هەرێم، دەبێت بوونی ئۆپۆزسیۆنمان پێخۆشبێت، ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لە کوردستاندا هەیە، ئۆپۆزسیۆنێکی سوودبەخشەو بووەتە هۆی پەرەپێدانی ژیانی دیموکراسی لە کوردستانداو واش لەو کەسانە دەکات، کە ئەمڕۆ حکومەتی هەرێم بەڕێوەدەبەن، بیر لە هەندێک مەسەلە بکەنەوە کە پێشتر بیریان لێ نەکردووەتەوە.



نەجمەدین کەریم، سەبارەت بە گرەنتی چەسپاندنی داخوازییەکانی کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراق، وتی: «هیچ گرەنتییەک نییە کە رێککەوتنەکانمان جێبەجێ بکرێن، رەنگە ئەو لایەنەی لەگەڵیدا رێکدەکەوین سبەینێ پەشیمان ببێتەوەو کۆسپ بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانمان دروستبکات، زەمانەتی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد، بریتییە لە بەهێزکردنی کوردستانو چەسپاندنی دیموکراسییەتو دامەزراندنی دامودەزگا لە کوردستان».

هەروەهاوتیشی: «ئەوکەسانەی کە لە بەغدا پۆستی حکومیی وەردەگرن، دەبێت کەسانێکی بەتواناو شیاوبنو خەلکانێک بن، کە نوێنەرایەتی راستەقینەی خەلکی کوردستان بکەن، جگە لەوە کە سەرجەم نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانو حکومەتی عێراقی، ئاگاداری یەکتربنو کۆبوونەوەی بەردەوامیان هەبێتو لە هەمانکاتیشدا پێویستە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان نوێنەرانی کورد لە بەغداو هەرێمدا هەبێت».

**لەوبارەیەوە چاوپێکەوتنێک لە ل٧ بخوێنەرەوە.**

# تائێستا حکومەت یەک دۆکیۆمێنتی نەوتی نەداوەتە پەرلەمان

**ڕۆژنامە**

ئەندامێکی لیژنەی سەرچاوە سروشتییەکان ئاشکرایدەکات؛ تائێستا حکومەتی هەرێمو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هیچ بەڵگەنامەیەکی ڕەسمیی تایبەت بە نەوتیان نەداوەتە پەرلەمان.

عەبدوڵڵای مەلا نوری، ئەندامی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سەرچاوە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، ئاشکرایدەکات؛ دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو مانگ بەسەر کۆبوونەوەی هاوبەشی پەرلەمانو حکومەتو وەزیری سامانە سروشتییەکانو بەڵێنی وەزیر بۆ خستنەڕووی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە نەوت «تەنیا پەڕەیەک بە ئەندامانی پەرلەمانو لیژنەی پیشەسازیی وزەو سامانە سروشتییەکان نەگەیشتووە، سەرەڕای ئەوەی چ وەکو لیژنەو چ وەکو ئەندامانی پەرلەمان، لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆدا دەیان نووسراو ئاراستەی حکومەتو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کراوە، بە مەبەستی داواکردنی زانیارییو بێ وەڵام ماونەتەوە».

ئاشکراشیدەکات: «لەکاتێکدا وەزیری سامانە سروشتییەکان هەڵسوکەوت بە کاڵایەکی هەستیارو گرنگەوە دەکات، کە نەوتو غازەو سامانێکی نەتەوەیی چارەنووسسازن، کەچی تائێستا هیچ پلانو ستراتیژێکی ڕۆشن بەدی ناکرێت کرابێتە بنەما بۆ کاری ئەو وەزارەتە».

# کۆمسیۆن بە ڕێنماییەک ڕێ لە پێکهێنانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەگرێت

**ڕۆژنامە**

کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی بەغدا دەستەکەی خۆی لە هەرێم کارا دەکاتو باوەڕی بە پاساوەکانی پەرلەمانی کوردستانیش نییە بۆ پێکهێنانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم.

لە بەیاننامەیەکدا، کە لە (٢٧)ی مانگی ڕابردوو دەریکردووە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئاشکرایکردووە؛ کە کۆمسیۆنی ناوبراو سیستمی ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١٠)ی دەرکردووە، کە تایبەتە بە بنەماو ڕێوشوێنەکانی نووسینگەی کۆمسیۆن لە هەرێمی کوردستان، کە تیایدا ئەرکو بەرپرسیارێتیو شێوازی پەیوەندیی نێوان نووسینگەکەی هەرێمو هەرێمی کوردستان دەستبەرداری

کۆمسیۆنی بەغدا دیاریی دەکات.

لەوبارەیەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەغداوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دەرکردنی ئەو سیستمە بۆ ئەوەیە هەرێمی کوردستان دەستبەرداری بیرۆکەی پێکهێنانی دەستەی تایبەتی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بێت.

دەرکردنی ئەو سیستمە لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارەی (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوەیە، کە بەپێی ئەو یاسایە دەبێت سیستمی تایبەت بە نووسینگەی هەرێمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەربکرایەو لە وەڵامی کۆمسیۆنیشدا سەبارەت بە پرۆژەیاسای دەستەی هەڵبژاردنەکانو ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستاندا هاتووە: کە کۆمسیۆن هەوڵی کاراکردنی نووسینگەی خۆی دەدات لە هەرێمو وەک سەرچاوەکە ئاماژەی پێدا؛ دەرکردنی ئەو سیستمە لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت دواکەوتووە، کە دەبوو زووتر دەربکرایە.

ئەم هەنگاوەی کۆمسیۆنی بەغدا لەکاتێکدایە، کە پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١٠/٩/٢٦)دا بە نووسراوێکی ڕەسمیی وەڵامی تێبینییەکانی کۆمسیۆنی بەغدای دایەوەو تیایدا جەخت لەسەر شەرعییەتی پەسەندکردنی یاسای دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمو پێکهێنانی دەستەکە دەکاتەوە، بەڵام وەک سەرچاوەیەک لە کۆمسیۆنی بەغدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەنجومەنی کۆمسیۆن کۆبوونەوەی لەسەر ئەو وەڵامەی پەرلەمانی کوردستان نەکردووە، بەوپێیەی پاساوەکانی بە ناموقنیع دەزانێت بۆ پێکهێنانی دەستەکەی هەرێم».

# حکومەت ١١٠ هەزار کەمتر دەداتە پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگە

**ڕۆژنامە**

ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێییەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئاشکرای دەکات: وەزارەتی دارایی بڕی (١١٠) هەزار دیناری بڕیوە لە دەرماڵەی خۆراکی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگە، ئەگەرچی پێشتر لە پەرلەماندا لەگەڵیاندا ڕێککەوتبووین بڕی (٢١٠) هەزار دیناریان بۆ خەرج بکەن لەم مانگەدا.

کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێییەکانی پەرلەمانی کوردستان، بە (سبەی) ڕاگەیاند: پاش ئەوەی لیژنەکەمان لەگەڵ هەرسێ وەزیرانی دارایی‌و ناوخۆو پێشمەرگە کۆبووەوە دەربارەی پێدانی دەرماڵەی خۆراکی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگە، بۆ ئەم مەبەستە بڕیاردرا لە بەرواری (٩/١)وە بڕی (٢١٠) هەزار دینار دەرماڵەی خۆراک خەرج بکرێت بۆ هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگە، بەڵام وەزارەتی دارایی تەنیا (١٠٠) هەزار دیناری خەرجکردووە.

وتیشی: بە نووسراو یاداشتی وەبیرهێنانەوەمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە، بۆ ئەوەی حکومەتو وەزارەتی دارایی ئاگادار بکاتەوە، کە بڕی (٢١٠) هەزار خەرج بکرێت، نەک (١٠٠) هەزار دینار.

ئاماژەی بەوەش دا؛ ئەو بڕیارەمان لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ هێزەکانی ناوخۆ دابوو، هەروەها بڕیارە لە بودجەی ساڵی (٢٠١١)دا ئەم دەرماڵەیە جێگیر بکرێت لەسەر مووچەی ئەو هێزانە.

# ڕۆژنامە دوا بۆچوونو ناکۆکیی فراکسیۆنەکان سەبارەت بە یاسای بودجەی حیزبەکان بڵاودەکاتەوە

**ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا**

لیژنەی داراییو ئابووریی پەرلەمانی کوردستان دوا ڕاپۆرتی لە بارەی پرۆژەیاسای بودجەی حزبەکان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردو هەردوو لیژنەی یاساییو ناوخۆ ڕاپۆرتەکەیان ئامادەکردووەو تائێستا پێشکەشیان نەکردووە، لەگەڵ ئەوەی بەپێی پێشنیازی هەر سێ لیژنە (٢٥-٥٠) ملیۆن دینار بۆ هەر کورسییەک تەرخانکراوە، بەڵام «پەرلەمان ناتوانێت بڕەکە دیاریبکات».

پرۆژەیاسای پشتگیریی دارایی پارتو قەوارە سیاسییەکان، لە دانیشتنی ٢٠٠٩/١١/١٧دا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو ٢٠٠٩/١١/١٩ پەرلەمانی کوردستان ڕەوانەی حکومەتی هەرێمی کردووەو لە مانگی ئابدا حکومەت ڕەزامەندیی لەسەر پرۆژەکە نیشانداو پرۆژەکەی بێ دەستکاریی ڕەوانەی پەرلەمان کردەوە، ڕەشنووسی پرۆژەکە لە لێکدانی ناوەڕۆکی دوو پرۆژەی ترە، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانەوە پێشکەشکراوەو بەپێی پرۆژەیاساکە؛ پارەیەکی دیاریکراو دەدرێتە سەرجەم حیزبەکان، سەرۆکایەتی پەرلەمان پرۆژەکەی ئاراستەی لیژنەکانی (یاسایی، ناوخۆ، دارایی)ی کردووەو دوای چەند مانگێک لیژنەکان ڕاپۆرتەکانیان ئامادەکردووە.

ڕۆژی ١٠/٢٤ هەردوو لیژنەی یاساییو ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەوبارەیەوە کۆبوونەوەو بڕیاردرا لەسەر بنەمای کورسی پەرلەمان بودجە بە حیزبەکان بدرێت، بەڵام ئەوەی کە ناکۆکییو ڕای جیاوازی لەسەرە، دیاریکردنی بڕی پارەی تەرخانکراوە بۆ هەر کورسییەک، هاوکات بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە پێشنیازکراوە بڕەکانی (١٢، ٥٠، ١٠٠) ملیۆن دینار بۆ هەر کورسییەک دابنرێت، بەڵام بە زۆرینەی دەنگ پێشنیازی (٢٥-٥٠) ملیۆن دینار بۆ هەر کورسییەک کراوە، لەگەڵ ئەوەی ماوەی (٩) ڕۆژە لیژنەی یاساییو ناوخۆ ڕاپۆرتێکی هاوبەشیان ئامادەکردووە، بەڵام تا ئێستا پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان نەکردووە.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تائێستا لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین کە کورسی پێوەربێت، ڕێژەی کورسی بۆ کۆتاش دیاریکرا، بەڵام لەسەر بڕی پارەکە ڕای جیاواز هەبووە».

لە کۆبوونەوەی ڕابردووی لیژنەی یاساییو ناوخۆدا پێشنیازی ئەوە کرا، جگە لە کورسی پەرلەمانیی، لەسەر بنەمای بوونی مۆڵەتی حیزبیی بڕی (٢٥) ملیۆن دینار وەک بودجە بەو حیزبانە بدرێت، کە مۆڵەتیان هەیەو نەگەیشتوونەتە پەرلەمان، ئەو پێشنیازە گفتوگۆیەکی زۆری دروستکردو بەهۆی ڕای جیاوازەوە پێشنیازەکە یەکلایی نەکرایەوە.

هەروەک، عەبدوڵڵا عەلی، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، وتی: دوای چەند کۆبوونەوەیەک جارێکی تر هەردوو لیژنەی یاساییو ناوخۆ تاوتوێی پرۆژەکەیان کردو کۆمەڵێک تێبینییو پێشنیازی جیاواز هەبوو بۆ دیاریکردنی ڕێژەی پارەکە، هەندێکیان پێشنیازی پارەیەکی زۆر زۆریان دەکردو هەندێکی تر پارەیەکی کەم، بەڵام زۆرینەی دەنگ پێی باشبوو ڕێژەکە لەنێوان ئەو دوو بڕەدا بێت (٢٥-٥٠) ملیۆن، هەروەها باسی ئەوە کرا، کە ڕێژەی پارە بۆ هەر کورسییەک دیاریی بکرێت، یان بە کراوەیی بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان بهێڵرێتەوە.

بەپێی یاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی هەرێمی کوردستان بڕی (٩٠) ملیار دینار وەکو (مینحە) بۆ حیزبو ڕێکخراوەکان تەرخانکراوە، تا دەرچوونی یاسای بودجەی پارتو ڕێکخراوەکان، لەگەڵ ئەوەی دەبوو لە خولی ڕابردوودا پرۆژەیاساکە پەسەند بکرایەو بچووایەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام تائێستا ئەو هەنگاوە نەنراوە، هاوکات کاردۆ محەمەد، دواکەوتنی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لیژنەکانو دەرچوواندنی یاساکە بۆ لەمپەڕی سیاسیی دەگەڕێنێتەوە.

پەرلەمانتار، عەبدوڵڵا عەلی لە فراکسیۆنی کوردستانیی، بە پێویستی دەزانێت، بە زوویی پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر پرۆژەیاساکە بکاتو پەسەندی بکات، وتیشی: «ئومێدم هەیە بەمزووانە مەسەلەکە یەکلایی بکرێتەوەو بەرژەوەندیی هەموو حیزبەکانی تێدا ڕەچاو بکرێت».

ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردو بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی لیژنەکە، بڕی (٢٥ـ٥٠) تەرخاندەکرێت بۆ کورسییەکی پەرلەمانی، هەروەک ئەو حیزبانەی کە ڕێژەی دەنگەکانیان گەیشتووەتە نیوەی کورسییەک، پارەی نیو کورسی پێ دەدرێت، جگەلەوە بڕی (١٠) ملیۆن دینار بەو حیزبانە دەدرێت کە مۆڵەتیان هەیە، ئەندامێکی لیژنەکە ئەو بڕە بە نامەنتقی وەسفدەکات.

بە بڕوای بەشێک لە پەرلەمانتاران، پەرلەمانی کوردستان ناتوانێت ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکاتەوە، بەڵکو پێویستی بە ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکان هەیە.

سەمیر سەلیم، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان، وتی: «پێموانییە پەرلەمان بتوانێت ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکاتەوە، بەڵکو دەبێت لە دانیشتنێکی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ پارتە سیاسییەکان بڕیاری سیاسیی لەبارەوە بدرێت».

هاوکات، عەلی عەبدوڵڵا، کە سەر بە لیستی کوردستانییە، ڕایگەیاند: پێمباشە حیزبەکان بە گیانێکی برایانەو نییەتێکی پاکەوە پێکەوە دابنیشنو ڕێژەیەک دیاریی بکەن.

لەلایەکی ترەوە، ناسک تۆفیق، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکگرتوو، ئەوەی خستەڕوو، کە ئەوان وەک فراکسیۆنی یەکگرتوو پێیانوایە ئەو بڕە کەمەو بەشیان ناکات، بەوپێیەی بە وتەی ناوبراو یەکگرتوو حیزبێکی گەورەیەو هیچ داهاتێکی تریان نییەو بە مافی خۆیانی دەزانن داوای زیادکردنی بڕەپارەکە بکەنو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە فراکسیۆنیش پێشنیازمان کردووە (١٠٠) ملیۆن دینار بۆ هەر کورسییەک دابنرێت، پێویستە عەدالەت پەیڕەوبکرێت، یەکێتیو پارتی چەندین ساڵە بودجەیەکی زۆریان هەیەو پارەیەکی زۆریان بۆ خۆیان بردووەو لە چەند شوێنێکی ترەوە داهاتیان هەیە، بۆیە بڕی (٢٥-٥٠) ملیۆن بۆ ئەو دوو پارتە ئاساییە».

بە بۆچوونی ناسک تۆفیق «پێویستە نرخی کورسییەکان جیاوازبێت، چونکە دەنگی کورسییەکان جیاوازن».

هاوکات، بیلال سلێمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کۆمەڵ ئاشکرایکرد؛ کە لەسەر خودی پرۆژەیاساکە تێبینییان هەیە کە نابێت بە تەنیا ڕێژەی کورسی پێوەربێت، بەڵکو فراوانتر بکرێتو ئەو حیزبانەی مۆڵەتیان هەیە ڕێژەیەک پارەیان پێ بدرێت، ئەو حیزبانەش کە ژمارەی دەنگەکانی لە نیوەی کورسییەک زیاترە، پارەی کورسییەکیان پێ بدرێت، ئەو حیزبانەی کە کورسییان بەدەستهێناوە بڕی پارەی کورسییەکان جیاوازبێت و بۆ ڕۆژنامە وتی: «بەمشێوەیە (کورسی یەکەمو دووەم ڕێژەیەک، کورسی (٣، ٤، ٥) ڕێژەیەکی کەمتر، کورسی (٦-١٠) ڕێژەیەکی تر، کورسی دەیەم تا کۆتایی ڕێژەیەکی کەمتری بۆ دیاریی بکرێت».

وتیشی: «داوامان کردووە پێش کۆبوونەوەی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەماندا دانیشتنێک ئەنجام بدەینو لەو دانیشتنەدا ئەو پێشنیازە دەخەینەڕوو».

بۆچی گۆڕان لە ئیئتیلافەکە کشایەوە؟ 4

# بەهێزیی پێگەمان لە بەغدا، لە هەرێمەوە سەرچاوە دەگرێ

شتێکی تازە ناڵێین گەر بڵێین بەرەی ئۆپۆزسیۆنو بەرەی دەسەڵات دوو بەرەی جیاوازنو زۆربەی کات لە دوو دیدو دوو بۆچوونو دوو بەرنامەی جیاوە چالاکی سیاسیی خۆیان ئەنجام دەدەن.

مەرج نییە ئەو جیاوازییانە بەردەوام بەسەر دوو بەرەدا دابەشیان بکاتو لەیەکتر دایانبڕێتو جیایان بکاتەوە، بەڵکو لە وڵاتانی دیموکراتو نیمچە دیموکراتو لای خۆشمان ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات لەهەندێک بەرنامەو هەڵوێستدا دەچنە یەک بەرەوەو پێکەوە کار بۆ ئامانجێکی دیاریکراو دەکەن.

بزووتنەوەی گۆڕان سەرەڕای هەموو ئەو گلەییەی کە هەیبوو ئەو ناهەقییەی کە لەهەڵبژاردنەکاندا بەرامبەری پەیڕەوکرا، دانی بەخۆیدا گرتو بەرژەوەندیی گشتیی و هەستیاریی حوکمڕانیی هەرێمو ئەزموونەکەی رەچاو کردو لەبەرژەوەندیی حیزبی خۆی خۆشبوو بۆ بەرژەوەندیی گشتیی و بە رەسمیی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانو ناوچەکانی دیکەی قبووڵ کرد.

گۆڕان بەرامبەر دەسەڵات کارو بەرنامەی خۆی ئاشکرا کردو رۆڵـی ئۆپۆزسیۆنی بۆ خۆی هەڵبژاردو رازیی نەبوو بەشداریی لە سیستمی دەسەڵاتدارێتی هەرێم بکات، کە پڕە لەکاری نایاسایی و گەندەڵیی و بـێ دادی، بوو بە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا کە بەتەنیا مۆمێک توانی رووناکی بخاتە سەر زۆر لەو کەموکورتییانەی کە لە بودجەو لە بەڕێوەبردنی کاروباری هاوڵاتییانو سیستمی حوکمڕانی هەرێمدا لە پەرەسەندندا بوو.

جگە لەوە گۆڕان توانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن ببنە ژمارەیەکی دیاری ناو پەرلەمانو وەک هێزێک خۆیان بنوێنن کە ئیتر هەوڵـی بـی بایەخ کردنیانو بەلاوەنانیان وەک ر ابردوو کارێکی ئاسان نەبێت.

پاش راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو (تصدیق)کردنی لەلایەن دادگای ئیتیحادیەوە، گۆڕانو لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ ئەوەی نارەزایی و بیروبۆچوونی بایکۆتکردنی دەسەڵات لەئارادا بوو، بەدەم ئەو داوایەی سەرۆکی هەرێمەوە چوون بۆ پێکهێنانی ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکانو دیسانەوە مەسەلەی یەکڕیزیی کوردو یەک هەڵوێستیمان بۆ بەدیهێنانی داخوازییە نەتەوایەتییەکانی کورد لەبەغداو پاراستنی بەرژەوەندییو پێگەی کورد لەگەڵ لایەنەکانی دی بووە چەتری یەکدەنگییو یەکڕیزیی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کورد بەدەسەڵاتو بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە.

لەبەغدا شاندی کوردی پێکەوە لەیەک جێگەو لەسەر یەک مێز کۆدەبوونەوە نەخشەی کاری داهاتوو و بیروڕاو ئەگەرەکانیان دەخستە بەرچاو و بە رۆحیەتی یەک تیم هەڵسوکەوتیان دەکرد.

لەهەرێم حاڵ بەو شێوەیە نەبوو، هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت سەدان کەس لە نانبڕاوەکانو سزای سیاسیی نەگەڕاونەتەوە سەر کاری خۆیانو زیاد لە (٥٠٠) خێزان لەسەر دەنگدان بە گۆڕان برسیو بـێ دەرامەت کراونو لەخێرو بێری وڵاتەکەیانو لەو بودجەیەی کە کورد لەبەغدا دەبێت پارێزگاری لێبکا، بە ناڕوونیو بـێ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی تەخشانو پەخشان دەکرێت!.

هەر لەوکاتەی کە شاندی کوردی لەبەغدا خەریکی گفتوگۆو دانوستان بوو بەنەخشەیەکی دارێـژراو یاسای دەستەی هەڵبژاردن لەهەرێم خرایە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوەو گەر هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن نەبوایە، ئێستا ئەو یاساو ئەو دەستەیەش لەهەرێم دادەمەزراو مەسەلەی هەڵبژاردنو دیموکراسیو دەنگی هاوڵاتییان هیچ بایەخو گرنگییەکی نەدەماو جارێکی دیکەش ناوچەکان دابەش دەکران بەسەر دوو حیزبدا زۆرێک بۆ برا گەورەو شتێک کەمتر بۆ برا بچووک.

لەهەرێمی کوردستان هێشتا وەک دوژمـن سەیری ئۆپۆزسیۆن دەکرێت، پرۆژەیاساکانیان رەت دەکرێتەوە، سیاسەتی بەڕێکردنی کاتو ئەمری واقیعو زۆرینەو کەمینەیان لەگەڵدا بەکاردەهێنرێت، تەنیا بەبەڵێنو قسەی زارەکی دەیانەوێت رازیی و بێدەنگیان بکەن.

دەسەڵات وا سەیری لایەنەکانی دیکە دەکات کە لە دوو حاڵەت بەدەرنەبن، یان ئەوەتا دوژمنو نەیارن، یان ئەوەتا برا بچووکو پاشکۆن، ئەبراهام لینکۆلن دەڵێت: (وەک چۆن نامەوێت ببمە ئاغا، ئاواش نامەوێت ببمە نۆکەر).

گۆڕان بەکشانەوەی لە ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان روونی کردووەتەوە بۆچی بەشداربووە لەو ئیئتیلافەو بۆچیش دەکشێتەوە، بەڵام ئەم کشانەوەیە مانای دژایەتیکردنی هیچ کەسو لایەنێک نییە، دەرگا داخستن نییە بە رووی رێککەوتنو هەوڵەکان بۆ چاکسازییو لەیەک گەیشتن، پشتکردنە داخوازییەکانی گەلو هەوڵو کۆششی لایەنە سیاسییەکان نییە بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانی گەلـی کورد، بەڵکو ئەم کشانەوەیە بۆ ئەوەیە کە مەترسییەکانی ئەم شێوە رەفتارە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بۆ هەموولایەک ئاشکرا بکەین، وەفاداربین بەرامبەر بەڵێنەکانمانو بۆ ئەو جەماوەرەی کە متمانەی پـێ بەخشین.

گۆڕان پێـی وایە سەنگەری بەغدا لەسەنگەری هەرێم جودا نییەو پێکەوە گرێدراوە، پێی وایە چەند لەهەرێم رێکو تەبا بین، چەند دیموکراتخوازو دادپەروەر بین، ئەوەندە پێگەمان لەبەغدا بەهێزو پتەوتر دەبێت.

رۆژنامە

# مەڵبەندی یەکێتی لە چەمچەماڵ فشار دەخاتە سەر کارمەندانی حکومەت

پەیامنێری چەمچەماڵ

لـە کـاتـی دەوامــی رەسمییدا بەرپرسی مەڵبەندی چەمچەماڵی یەکێتی کۆبوونەوەی بە بەڕێوەبەرێتی تەندروستی چەمچەماڵ کردووەو رایگەیاندووە؛ دەبێت بەرپرسی هەموو بەشەکان ئەندامی یەکێتی بن، نەک لایەنەکانی دیکە.

یــەکـێـک لــە بــەشــدارانــی کۆبوونەوەکەی بەرپرسی مەڵبەند بە رۆژنـامـەی راگـەیـانـد: پێشتر بەڕێوەبەری تەندروستی ئاگاداری کردینەوە کە بەرپرسی مەڵبەند ســەردانــمــان دەکــاتو لــە کاتی کۆبوونەوەکەشدا بەرپرسی مەڵبەندی چەمچەماڵ رایگەیاندووە: کە دەبێت بەرپرسی هەموو بەشەکان یەکێتی، بن نەک لە حیزبەکانی ترو جێگە لە ئێمە بگرنو بەرپرسی مەڵبەند لە کاتژمێر (١١:٣٠ بۆ ١٢)ی نیوەڕۆ سەردانی بەڕێوەبەرێتی تەندروستی کردووەو کۆبوونەوەی پێکردوون.

سەبارەت بە سەردانەکەی وەستا رەسوڵ، بەرپرسی مەڵبەندی (١٢)ی رێکخستنی چەمچەماڵی یەکێتی بە رۆژنـامـەی راگـەیـانـد: لەسەر داوای بەڕێوەبەری تەندروستی سەردانمان کـردوون بۆ گوێگرتن لە گرفتو کەموکوڕییەکانیان، بەڵام باسی لابردنی بەرپرسی بەشەکانمان نــەکــردووە، بــەڵـکـو لــە وەڵامــی پرسیاری ئامادەبوواندا وتوومانە؛ کە ئێمە بەرپرسین لە باشو خراپیی بەرپرسەکانو ئەگەر کەمتەرخەمیان هەبێت لایان دەبەین، چونکە ئێمە چـاودێـریـی کـارەکـانـی حکومەت دەکەین لە سنوورەکەدا.

ســەبــارەت بە کۆبوونەوەکەو هەواڵی لابردنی بەرپرسی بەشەکان رۆژنامە پەیوەندیکرد بە د.هەندرێن رەشید، بەڕێوەبەری تەندروستی چەمچەماڵ، بەڵام ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک لەو بارەیەوە بدات.

لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەری یەکێک لە بنکە تەندروستییەکانی سنووری بەڕێوەبەرێتی چەمچەماڵ ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد؛ کە بەڕێوەبەری تەندروستی چەمچەماڵ پێیراگەیاندووە، لـەژێـر فشاری مەڵبەندایە تا لەسەر کارەکەی لاییبات لـەبـەر ئــەوەی ئەندامی یەکێتی نییەو داوای لێکردووە خۆی دەستلەکاربکێشێتەوە، نەک لاببرێت وتیشی: «هەڵوێستی بەڕێوەبەری تەندروستی ئیجابی بووە لەگەڵمدا، بەڵام لەژێر فشاری مەڵبەندا داوای دەستلەکارکێشانەوەی لێکردوومو نایەوێت خۆی فەرمانی لابردنم بۆ دەربکات».

# ئاسایشی هەولێر خۆکوژێکی کوشت

رۆژنامە

ئاسایشی هەولێر کەسێکی خۆکوژی کوشت کە دەیویست بڕێکی زۆر مادەی تەقەمەنیی و تیئێنتی دزەپێبکاتە هەولێرەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری تەقینەوە لەشارەکەدا.

دوێنێ لەسەر رێگای سەرەکی کەرکوک- هەولێر، کەسێکی خۆکوژ بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبرێژکراوو پڕلەمادەی تەقەمەنییەوە کەوتە بۆسەیەکی ئاسایشی هەولێرەوەو لەئەنجامدا خۆکوژەکە کوژراو ئۆتۆمبێلەکەو تەقەمەنییەکانیش پووچەڵکرانەوە.

بەپێی راگەیەنراوێکی ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێم: بەپێی لێکۆڵینەوەو زانیارییە سەرەتاییەکان ئـەو ناسنامەیەی کـە بـە کەسە خۆکوژەکە بووە ناوی (محەمەد حسێن عەلوان) لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٥، ئەو ئۆتۆمبێلەی کە لەلایەن گرووپی تیرۆریستی دەوڵەتی بەناو ئیسلامی عێراقەوە بۆ پەلامارە تیرۆریستییەکە ئامادەکرابوو، جۆری (کیا)ی دووتەنی بـووە، ژمـارەکـەی (٨٩٤٠) فەحس سەلاحەدین بووە.

ئۆتۆمبێلەکەش بەم تەقەمەنییانە بۆمبرێژکرابوو: «٤٠ کیلۆگرام تەقەمەنی جۆری C4، دوو گوللەتۆپی نـەمـسـاویـی، ٤ گوللە ئاربیجی تیئێنتیرێژکراو، دوو رومـانـەی دەستی، ٨ کەپسول، دوو بوتڵ غازی سوتێنەر، دوو بوتڵ ئۆکسجینو سویچی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلەکەو جێبەجێکردنی کردەوە تیرۆریستییەکە لەلای دەستە چەپی خۆکوژەکەوە ئامادەکرابوو».

ئاژانسی پاراستن ئەوەش بەبیر دەهێنێتەوە کە پێشتر رایانگەیاندبوو گرووپو رێکخراوە تیرۆریستییەکان لەخۆڕێکخستنەوەدان بۆ ئەنجامدانی کـاری تیرۆریستیو تەقاندنەوە لەهەرێمی کوردستاندا





# جەژنێکی ئێزدییەکان دەکرێتە پشووی رەسمیی

رۆژنامە

پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا جەژنی سەری ساڵی ئێزدییان، کە دەکاتە یەکەم چوارشەممەی مانگی نیسان، بکاتە پشووی رەسمیی لە هەرێم.

پەرلەمانی کوردستان پرۆژە بڕیاری تایبەت بە دانانی جەژنی ئێزدییەکان بە پشووی فەرمیی لە هەرێم پەسەندکرد، ئەوەش پاش ئەوەی هـەردوو لیژنەی یاسایی و ئەوقافو کاروباری ئایینیی راپۆرتی خۆیان لە بارەی ناوەڕۆکی پــرۆژە بــڕیــارەکــە خستە روو، کە لیژنەی یاسایی بە هەماهەنگیی لەگەڵ بـەڕێـوەبـەری کـاروبـاری ئێزدی لە وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینیی هەرێم سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بۆ پرۆژەکە کردبوو.

بەپێی ئەو پرۆژەیە داوای پشووی فەرمیی بۆ جەژنەکانی برایانی ئێزدی دەکرێت، کە جەژنەکانی: «جەمایی و جەژنی سەری ساڵی ئێزدییانو جەژنی هاوینەو جەژنی بەڕۆژووبوون» لەخۆ دەگرێت.

لە کاتی گفتوگۆکردنی پرۆژەکەش لەلایەن پەرلەمانتارانەوە پێشنیازکرا جەژنی ســەری ساڵی ئێزدییان کە دەکەوێتە یەکەم چوارشەممەی نیسانی هەموو ساڵێک بە تەقویمی شەرقی، ببێتە پشووی فەرمیی سەرتاسەریی هەرێمو ئەو پێشنیازەش بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.

کــاردۆ محەمەد، پەرلەمانتاری کــوردســتــان لــە فراکسیۆنی گــۆڕان رایگەیاند؛ لەناو پــرۆژەکــەدا ئێمە پێشنیازمانکرد، کە جەژنی سەری ساڵی ئێزدییەکان بکرێتە پشووی رەسمیی لە هەرێمو دواتریش پشتیوانیی لێکراو پەسەند کرا.

وتیشی: «ئــەو پێشنیازەمان لە روانــگــەی خەمخۆریمان بـۆ گیانی لێبووردەییو پێکەوەژیانو رێزگرتن لە ئایینەکانی ترە لە کوردستان، هەروەها لەبەرئەوەی ئێزدییەکان لە رووی ئایینییو نەتەوەییەوە ستەمی زۆریان لێکراوە».

# پەکەکە ئاگربەستەکەی درێژدەکاتەوە

سەنگەر کوردە

تا کاتی هەڵبژاردنەکانی تورکیا، کە زیاتر لە (٦) مانگ دەخایەنێت، پــەکــەکــە ئــاگــربــەســتــی خــۆی درێژکردەوە.

دوای کۆتاییهاتنی مــاوەی ئاگربەستەکەیان لە رۆژی (١٠/٣١) کۆنسەی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکێن کوردستان (پەکەکە)، بۆ جارێکی دیکە ئاگربەستی تاک لایەنەی خۆی لەگەڵ تورکیادا درێـژکـردەوە، تا کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا کە بڕیارە مانگی حوزەیرانی ساڵی داهاتوو ئەنجامبدرێت.

ئەحمەد دەنـیـز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە بە رۆژنامەی راگەیاند: مانگی (٦) هەڵبژاردن لە تورکیا هەیەو ئێمەش دەخـوازیـن تا ئەو کاتە ئاڵۆزیی نەبێتو لە ئایندەشدا چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا بە دیالۆگ ببێت، لەسەر ئەو بنەمایەش تا ئەو کاتە هێزەکانی ئێمە هیچ چالاکییەکی سەربازیی ئەنجام نادەن».

لـەکـاتـی هــەر حـاڵـەتـێـکـی نەخوازراویشداوتی: «ئەگەر دەوڵەتی تورکیا هێرش بکاتو ئۆپەراسیۆنی سەربازیی ئەنجام بدات، ئەو کات مافی خۆمانە گفتوگۆ بکەینو دووبـاره بەو بڕیارەدا بچینەوەو هەڵوێستێکی تر وەربگرین».

# نەرمین عوسمان: مقۆمقۆی زۆرم لەسەرە

رۆژنامە

نەرمین عوسمان، ئاماژە بەوە دەکــات؛ لــە وەرگـرتـنـی پۆستی ئەمینداری ژنــان لــە جامیعەی عەرەبی، مقۆمقۆی لەسەر دروست بـووەو تانەی ئـەوەی لێدراوە کە چۆن دەبێت بەهێزترین نوێنەری ژنانی عەرەبیو جیهانی کورد بێت.

دوای ئــەوەی کۆتایی مانگی رابردوو، نەرمین عوسمان، وەزیری ژینگەی عـێـراق بە کـۆی دەنگ کرایە ئەمینداری ژنانی عەرەب لە جامیعەی عەرەبی، بڕیارە بەمزووانە لە پۆستەکەیدا دەستبەکاربێت.

نەرمین عوسمان، بە رۆژنامەی راگەیاند: لیژنەی ژنان یەکێکە لە لیژنە گەورەکانی جامیعەی عەرەبیو لە هەڵبژاردندا بۆ ئەمیندارێتی ئەو لیژنەیە من پاڵێوراوی عێراق بوومو رکابەرەکانیشم دوو ژنی بەحرەینیو لوبنانی بوو، بە کۆی دەنگ من کرامە ئەمینداری ژنان لە جامیعەی عەرەبیدا.

ســەبــارەت بە وەرگرتنی ئەو پۆستەو سوودی بۆ ژنانی عێراقو کــوردســتــان، وتــی: «بــۆ هەموو ژنانی عێراقی سوودی تێدایەو لەو چوارچێوەیەشدا بۆ ژنانی کورد».

نــەرمــیــن عــوســمــان، پێشتر وەزیـــری ژینگەی عێراق بووەو دواتــریــش جــێــگــری ســەرۆکــی لیژنەی مادەی ١٤٠ بووە، ئێستاش بەرپرسی مەکتەبی رێکخراوەی دیموکراتییەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە.

## وتەبێژی گۆڕان سەبارەت بەکشانەوەیان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان

# کشانەوەکەمان بە هەڵوێستێکی نیشتمانیی دەزانین

ڕۆژنامە

محەمەد تۆفیق ڕەحیم، وتەبێژی ڕەسمیی بزووتنەوەی گۆڕان، سەبارەت بە کشانەوەیان لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پێش سێ مانگ، وەرەقەیەکی سیاسیمان پێشکەشکرد سەبارەت بە چاکسازیی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان‌و ئەندامێتیی خۆمانمان لەناو ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکان گرێدابوو بە قبووڵکردنی ئەو وەرەقەیەوەو ڕامانگەیاندبوو، ئەگەر قبووڵ نەکرێت، ناتوانین بەردەوام بین، ئەگەر قبووڵیش بکرێت، بەردەوام دەبین لە ئیئتیلافەکەدا، پاش سێ مانگ هیچ وەڵامێکمان دەست نەکەوت، بۆیە بڕیاری کشانەوەمان داو هەڵوێستەکەی خۆیشمان بە نیشتمانیی دەزانین».

سەبارەت بەوەی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی شەممەی ڕابردووی کوتلە کوردستانییەکان، سەرۆکی هەرێم ڕایگەیاندبوو، پێشتر بە گۆڕانی وتووە، هەر شتێکیان هەبوو، ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆی باسی بکەن، محەمەد تۆفیق وتی: «پێشتر موبادەرەی سەرۆکی هەرێممان کردووەو وەڵامێکی ئیجابیمان وەرنەگرت‌و هەڵوێستی ڕەسمیمان دەست نەکەوت، بۆیە ئەو بڕیارەمان دا»، ئاماژەی بەوەشکرد، بەو هەڵوێستەمان ڕیزی کوردمان تێکنەداوەو ڕیزی کورد بەو سیاسەتانە تێکدەچێت کە لەهەرێمدا لەلایەن دەسەڵاتەوە پەیڕەو دەکرێن.



بڕیاری کشانەوەمان قەتعیی نییەو ئامادەی گفتوگۆین

سەبارەت بەوەی کە تاچەند پابەندن بە خاڵەکانی کوتلە کوردستانییەکانەوە، یان ئەجێندایەکی تریان دەبێت بۆ بەغدا، وتی: «لەو (١٩)خاڵەی داخوازیی کوتلە کوردستانییەکان کە پێشکەش بە لایەنە عێراقییەکان کراوەو کراوەتە بناغەی گفتوگۆ لەگەڵیاندا، زۆربەی زۆری پێشنیازی فراکسیۆنی گۆڕان بووە، لەبەرئەوە ئێمە پابەند دەبین بەو خاڵانەو زۆرینەی خاڵەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەجێندای تایبەتی خۆمان هەیە بۆ گفتوگۆ، بەڵام زۆربەی کارەکانی ئێمەش، جەخت دەبێتەوە لەو خاڵانەی کە لە وەرەقە تەفاوزییەکەدا هەیەو بەلای ئێمەوە زۆرتر گرنگی بەوە دەدرێت کە بەرنامەی حکومەتی داهاتوو چییە؟ نەک مەسەلەی پۆست‌و پلەکان‌و ئێستاش وەفدێکی فراکسیۆنی گۆڕان چوونەتە بەغداو چاوەڕوانی کاردانەوەی لایەنە کوردستانییەکان ناکەین، تا دواتر بچینە بەغدا».

دەربارەی کاردانەوەی کشانەوەکەشیان، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، وتی: «تەفاهومێکی باش هەیە، ئەمە وایکردووە کە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەخۆیاندا بچنەوەو ئامادەی گفتوگۆبن لەسەر وەرەقە چاکسازییەکەی ئێمەو تا ئێستاش هەندێک موبادەرەی ڕەسمیی هەیە».

وتیشی: «ئێمە هەموو موبادەرەیەکمان قبووڵە بۆ هەر لایەنێک کە بیەوێت دانیشتنمان لەگەڵدا بکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخەکە»، دەربارەی گەڕانەوەشیان بۆ ناو ئیئتیلافەکە، وتی: «ئامادەین کە گفتوگۆ بکەین‌و کشانەوەکەمان قەتعیی نییە».

لەدواکۆبوونەوەی ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکان لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم‌و جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق، بڕیاردرا کە لیژنەیەک بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکبهێنرێت بۆ گفتوگۆو دانیشتن لەگەڵ فراکسیۆنی گۆڕان، لەوبارەیەوە محەمەد تۆفیق، وتی: «دوای ئەو بڕیارە، چاوپێکەوتن لەنێوانماندا هەبووە».

فراکسیۆنی گۆڕان، ڕۆژی(٢٠١٠/١٠/٢٩)، لە ڕاگەیەنراوێکدا کشانەوەی خۆی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕاگەیاندو بڕیاریدا، وەک فراکسیۆنێکی سەربەخۆ بچێتە پەرلەمانی عێراق‌و دوابەدوای ئەو ڕاگەیاندنە، هەریەکە لە فراکسیۆنەکانی کۆمەڵ‌و یەکگرتووی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی کوردستان، ڕەخنەیان لەو هەڵوێستە گرت‌و بێئاگایی خۆیان نیشاندا لەوەی پێشتر کە ڕاوێژو پرسیان پێبکرابێت لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە، کە پێشتر هەرسێ لایەنیان لە (٢٠١٠/١٠/٩)و لە یاداشتێکی ڕەسمیدا هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند بەرامبەر هەوڵی دەسەڵات بۆ تێپەڕاندنی یاسای دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم‌و هەڕەشەی هەڵوێستوەرگرتنیان کرد تا ئاستی «کشانەوە لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان».

محەمەد تۆفیق، سەبارەت بەو پرسەو وەرگرتنی ڕای کۆمەڵ‌و یەکگرتوو، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد: «ئەوان ئاگاداربوون لە هەڵوێستی ئێمەو پێشتریش هەموو لایەک زانیویانەو ئێمە بە ئاشکرا باسمانکردووە کە بەردەوامبوونمان لەو ئیئتیلافە، پەیوەستە بەو وەرەقە چاکسازییەی کە پێشکەشمان کردووە».

---

# ڕێکخراوێکی ئەمریکی: ڕێککەوتنی ستراتیژیی یەکێتی‌و پارتی ڕێگرە لە چاودێریکردنی حکومەت لەلایەن پەرلەمانەوە

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە

ڕێکخراوی ئاسک ڕایگەیاند؛ بە هۆی ڕێککەوتنی ستراتیژیی یەکێتی‌و پارتییەوە زۆرینەی پەرلەمانتاران نەیانتوانیوە لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکەن.

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ASK)، لە ڕاگەیاندنی سێیەمی خۆیدا کە تایبەتە بە چاودێریکردنی پەرلەمانی کوردستان، چەندین کەموکورتی لە کاروبارەکانی ئەو دامەزراوە نیشتمانییەدا خستووەتە ڕوو.

بەپێی ڕاگەیانراوەکەی ئەو کۆمەڵەیەو لە بەشی یەکەمی بەدواداچوونەکە کە تایبەتە بە داڕشتنی یاساکان، هاتووە: کە دوای ئەوەی پرۆژەیاسای (دەستەی نەزاهە) لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی (٢٠٠٩) لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە نێردرا بۆ پەرلەمان، بەڵام لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی (٢٠١٠) خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسایەک کرا، کە بە فەرمیی نەهاتبووە پەرلەمان لە چوارچێوەی یاساییدا، جیاواز لەو پرۆژەیاسایەی لەلایەن حکومەتەوە بە فەرمیی بۆ پەرلەمان نێردرابوو، لە ماوەی شەش مانگدا سەرۆکایەتی پەرلەمان وەڵامی (لیژنەی نەزاهە)ی بە ونبوونی پرۆژەیاساکە داوەتەوە.

هاوکات لە بەشی پەسەندکردنی بودجەدا، ڕێکخراوەکە خاڵێکی خستووەتە سەر ئەوەی کە ماوەی یاسایی بۆ ناردنی پرۆژەیاسای بودجەی خەمڵێنراوی ساڵی (٢٠١١) تێپەڕیوەو لەلایەن حکومەتەوە نەنێردراوە بۆ پەرلەمان، بەڵام وەزارەتی دارایی هۆی دواکەوتنی پرۆژەیاسای بودجەی خەمڵێنراوی ساڵی (٢٠١١) دەگەڕێنێتەوە بۆ نەگەیشتنی بودجەی خەمڵێنراوی سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێم، ئەمە لەکاتێکدا کە پێویستە بودجەی خەمڵێنراوی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێم بگاتە وەزارەتی دارایی ئەوکاتە بودجەی خەمڵێنراوی ساڵی (٢٠١١) بە تەواوی ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.

لەلایەکی دیکەوەو لە بەشی بەدواداچوون‌و چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، (ASK) نووسیویەتی: «پەرلەمانی کوردستان لە بەدواداچوون‌و چاودێریکردنی حکومەت لە ئاستی پێویستدا نەبووە، ژمارەیەک لە ئەندامان پێیانوایە؛ بەهۆی بوونی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ناتوانن وەک پێویست لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکەن، چونکە لەناو پەرلەمانیش زۆرترین کورسییان بەدەستهێناوە».

هەر لەو بڕگەیەی ڕاگەیەنراوەکەی ئەو کۆمەڵەیەدا هاتووە: «پێویستە لەکاتی پێکهێنانی حکومەتدا، سەرۆکی حکومەت بەرنامەی کاری حکومەت بخوێنێتەوە لە پەرلەمان (لە دانیشتنی فەرمیی پەرلەمانی کوردستان)، بەڵام سەرۆکی حکومەت لە وتاری ڕاگەیاندنی حکومەتدا بەڵێنی دا لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەرنامەی کار ئامادە بکەن‌و بە فەرمیی بینێرن بۆ پەرلەمانی کوردستان.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ساڵێک بەسەر پێکهێنانی حکومەت، بەرنامەی کاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن نەنێردراوە بۆ پەرلەمان، لەگەڵ ئەوەشدا پەرلەمانی کوردستان بە فەرمیی ئاگاداری دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نەکردووەتەوە بۆ ناردنی بەرنامەی کاری حکومەت‌و هیچ بەدواداچوونێکیش لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و ئەندامانی پەرلەمانەوە نەکراوە.

هاوکات بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە کاروباری حکومەت‌و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، پێویستە دوای دەرکردنی هەر بڕیارێک لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران، بە فەرمیی پەرلەمان ئاگادار بکرێتەوەو بڕیارەکان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بنێردرێت‌و سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاراستەی لیژنەکانی بکات بە مەبەستی بەدواداچوون‌و چاودێریکردنی بڕیارەکانی حکومەت، بەڵام ئەم سیستمە پەیڕەو نەکراوەو میکانیزمێکی ڕوون نییە لەنێوان حکومەت‌و پەرلەمان بۆ ئاگاداربوون لە بڕیارەکانی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران، ئەمەش کاردەکاتە سەر لاوازیی ئاستی بەدواداچوونی پەرلەمان بۆ بڕیارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

هەر بەپێی ڕاگەیەنراوەکەی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، چونکە هەندێک لە مادەکانی لەگەڵ ئێستای واقیعی پەرلەماندا ناگونجێت، هەروەک لە مادەی (٧١) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لیژنەکان پابەندەکات بە ماوەی (١٠) ڕۆژ بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتیان سەبارەت بە پرۆژەیاساکان لەدوای خوێندنەوەی یەکەم، بەڵام لە کۆی (٤٦) بڕیارو پرۆژەیاسا، تەنیا (١١) بڕیارو پرۆژەیاسا ڕاپۆرتی لیژنەکان ئامادەکراوەو (٣٤) بڕیارو پرۆژەیاسا ماوەی یاسایی بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لیژنەکان تێپەڕیوە.

(ASK) ئاماژەی بەوە داوە؛ کە پەرلەمانی کوردستان لەماوەی دوو خولی ڕابردوو هەروەها لە ماوەی خولی سێیەمیشی نەیتوانیوە کێشەی وەرگێڕانی یاساکان بۆ سەر زمانی کوردی چارەسەر بکات، لەگەڵ ئەوەی گرنگە یاساکان لە هەرێمی کوردستان بە زمانی دایک دەربچن‌و لەناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستاندا پرۆژەیاساکان‌و یاساکان بە زمانی کوردی بن.

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ASK)، ڕێکخراوێکی ئەمریکی کوردی نێودەوڵەتییە، کە لە ساڵی (١٩٩٩)وە لە کوردستان کار دەکات‌و لە ئێستادا (٢) پرۆژەی چاودێریی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبات، ئەوانیش چاودێریکردنی پەرلەمانی کوردستان‌و چاودێریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

ساڵێکە د.بەرهەم بەرنامەی کاری نەناردووەتە پەرلەمان



سەرۆکی حکومەتو وەزیرەکان وەڵامی پەرلەمانتاران نادەنەوە 6

# بۆچی گۆڕان لە ئیئتیلافەکە کشایەوە؟

ڕاپۆرتی: بەرهەم خالید

پاش ماوەیەک کارکردنو گفتوگۆ، بزووتنەوەی گۆڕان بڕیاری کشانەوەی خۆی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ڕاگەیاندو هۆکارەکەشیان گەڕاندووەتەوە بۆ جێبەجێ نەکردنی کارنامەی چاکسازییو بەکارهێنانی بۆ مەبەستو دەستکەوتی حیزبیی.

بزووتنەوەی گۆڕان،لەراگەیەندراوەکەیدا کە ڕۆژی (٢٠١٠/١٠/١٩) بڵاویکردووەتەوە، دەڵێت: «گۆڕان بەشدارییەکی کاریگەری لەپێکهێنانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا کرد، لەسەر ئەو بنەمایەی کە لەکوردستاندا چاکسازیی هەمەلایەنە ئەنجام بدرێت، کە بە پێشمەرجی یەکڕیزییو یەکدەنگیی کورد دادەنرێت لەبەغدا».

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەنراوەکەدا، هاتووە: «لەکاتێکدا چاوەڕێی هەنگاوی جدیی دەسەڵات بووین بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە چاکسازییە، کە بەدڵنیاییەوە یەکدەنگیو یەکڕیزیی نوێنەرایەتیی کوردی لەبەغدا دەپاراست، بەڵام بەردەوامبوونی دەسەڵات لە بەفیڕۆدانی کاتو جێبەجێ نەکردنی کارنامەی چاکسازییو قووڵکردنەوەی بێمتمانەیی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانداو بەکارهێنانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ مەبەستو دەستکەوتی حیزبیی خۆیان، ئێمە ناچاردەکات لەو ئیئتیلافە بکشێینەوە».

هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆنی هەرێمیش (گـۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) بە چەند مەرجێک بەشدارییان لە ئیئتیلافەکەدا کرد، لەوانە (هەوڵدان بۆ چاکسازیی سیاسیی لە کوردستانو شەفافییەتو جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەتو نەهێشتنی سزای سیاسیی لەلایەن دەسەڵاتەوە)، بۆ ئەو مەبەستەش خاڵێکیان لە کارنامەی ئیئتیلافەکەدا دانا، کە ئەگەر سێ لایەن لە ئیئتیلافەکە کشانەوە، ئەوا هەڵدەوشێتەوە.

لەو میانەشدا، بزووتنەوەی گۆڕان لە (٢٠١٠/٨/١٦)دا پڕۆژەیەکی بۆ چاکسازیی سیاسیی لە کوردستان خستە بەردەمی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو داوای هەمووارکردنی پەیڕەوی ناوخۆو کاراکردنی پەرلەمانو بەدامەزراوەکردنی هێزە چەکدارەکانی کوردستان، کە لە چەکداری سەر بەحیزبەوە بکرێنە هێزی نیشتیمانیو هەروەها ڕێگرتن لە کاری حیزبیی لەو دامەزراوەیەو لە دەستتێوەردانی حیزب لە دامودەزگاکانی حکومەتو ڕێکخستنی بودجەی حیزبەکان بەپێی یاساو زامنکردنی ئازادیی ڕادەربڕین دەکات، بەڵام وەک گۆڕان ڕایگەیاند: دەسەڵات هیچ وەڵامێکی ئەو پڕۆژەیەی نەداوەتەوەو لە دوایین کۆبوونەوەی پارتە سیاسییەکانو سەرۆکی هەرێمیشدا، نوێنەرانی گۆڕان ئەو داوایانەیان بیری سەرۆکی هەرێم هێنایەوەو ئەویش بەڵێنی جێبەجێکردنی دان.

هەروەها ڕۆژی (٢٠١٠/١٠/٢٥) فراکسیۆنی گۆڕان، یاداشتێکی دایە سەرۆکایەتیی پەرلەمانو داوای دواخستنی گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژەیاسای دەستەی هەڵبژاردنەکانو هێنانە پێشەوەی چەند پڕۆژەیەکی دیکەی کرد لەپێناو دەرچوون لەو چەقبەستنە سیاسییەی دۆخی سیاسییو پەرلەمانی تێکەوتووە.

پاش ئەو هەوڵانەش، بزووتنەوەی گۆڕان کە نوێنەرایەتیی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆن دەکات، بڕیاری دا کە بکشێتەوە لە ئیئتیلافی فرکسیۆنە کوردستانییەکان لەپەرلەمانی عێراقو وەک کوتلەیەکی سەربەخۆو لەپێناو بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستاندا کاربکات.

حاکم لەتیف شێخ مستەفا، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان،لەوبارەیەوە بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند : لەپێناو یەکهەڵوێستیی میللەتی کورددا، چووین بەدەم دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمەوە بۆ پێکهێنانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بەڵام بەو مەرجەی لە ناوخۆی هەرێم چاکسازیی سیاسیی بکرێتو لە بەغداش گوتاری حیزبییو کارکردنی حیزبیی بگۆڕین بۆ کارکردنو گوتاری نەتەوەیی، بەڵام پاش ئەو ماوەیە، هەستمانکرد کە لە هەردوو ئاستەکەدا، لیستی دەسەڵات بەپیرمانەوە نایەتو هەنگاوی عەمەلیو جدییان نییەو نایەنە پێشەوەو تەنیاو تەنیا دەیانەوێت، ئێمە وەک پاشکۆیەکی ئەوان وابینو مەبەستەکانی خۆیان جێبەجێبکەن، ئێمەش پاشکۆیەتیمان قبووڵ نەکردو چەند جارێک ئاگادارمان کردنەوە، بەڵام بێسوود بوو، بۆیە ئەو بڕیارەمان دا.

وتیشی: «لە بەغدا، دەبینە بەرگریکارێکی سەرسەختی مافەکانی خەڵکی کوردستانو هەروەها دەبینە چاودێریش بۆ ئەوەی هیچ لایەنێک نەتوانێت سازش لەسەر مافەکانی خەڵک بکات لەپێناو بەرژەوەندیی حیزبییو شەخسیی بەرگریی لە مافەکانی کورد دەکەینو هەرکاتێکیش یەکێتیو پارتیو لایەنەکانی تر لە هەر مەسەلەیەکی چارەنووسسازدا پرسیان پێکردینو پێویستی بە گفتوگۆ کرد لەپێناو گەیشتن بە کۆدەنگییەک، ئامادەین بۆ دانیشتن لەپێناو یەکهەڵوێستیی لەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە چارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە هەیە».

لەلای خۆشیەوە توانا عوسمان، ڕۆژنامەنووسو چاودێری سیاسیی، پێیوایە: کشانەوەی گۆڕان لە ئیئتیلافەکە، دەکرێت ڕەنگدانەوەی ئیجابیی هەبێت لەو ڕووەوەی کە ئەو چەقبەستنە سیاسییەی لە کوردستاندا هەیە، دەیشلەقێنێتو دەرگا لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چاوپێداخشانەو پێداچوونەوەی زیاتر بکرێتەوە بە ژیانی سیاسیی لە کوردستانداو دەڵێت: «چوونی گۆڕان بۆ ناو ئیئتیلافەکە، تا ئەو ساتە هەڵە نەبووەو جۆرێک بووە لە تاقیکردنەوەی ئەگەرە سیاسییەکان، بەڵام کاتێک دەزانێت لەگەڵ گوتارو ستراتیژی سیاسیدا یەکناگرێتەوە، کشانەوە هەنگاوێکی گونجاوە».

ئەو چاودێرە، باس لەوەش دەکات کە گۆڕان خاوەنی تێڕوانینی سیاسیی خۆیەتی لەسەر مەسەلە ستراتیژییەکانی وەک: کەرکوک، کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغداو مەسەلەی سامانی نیشتمانیی، هەربۆیە کشانەوەشی نیشانەی ئەوەیە کە گۆڕان بەو نەخشە ڕێگاو ئالیەتانە ڕازی نییە کە لیستی هاوپەیمانیی هەیەتی، ئەوەش بۆچوونێکی پەسەندەو بە وەفاییە بۆ دروشمەکانی هەڵبژاردنو دەنگدەرانی، کە بەڵێنیدا بوو بە ڕێگایەکی جیاوازتر دەچێتە بەغداو تێڕوانینی تایبەتی هەیەو گوتاری سیاسیی نوێی هەیە، بۆیە کشانەوەشی سەلمێنەری ئەوەیەو هەنگاوێکی گرنگە لە بە وەفابوون بۆ ئەو دروشمانە».

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ئەو بڕیارەی گۆڕانیش، توانا، وتی: «ئەو هەنگاوە هیچ کاریگەریی لەسەر پێگەی کورد نابێت لە بەغدا، چونکە پێشتر شیعەکان یەک لیست بوونو دەستکەوتیان هەبووەو ئێستا کە چەند لیستێکن دەستکەوتی باشتریان هەیەو بەهێزترن، بۆیە چوونی گۆڕان بە جیا بۆ بەغدا، بە قازانجی کوردەو جیاوازییو زۆریی لیستەکان مانای کەمبوونەوەی پێگە نییە، لەبەرئەوەی ئێستا جیاوازییەکی زۆر لە هەڵوێستی سیاسیی لە ئارادا نییە لە نێوان گۆڕانو هاوپەیمانیدا».

پاش بڕیاری کشانەوەی گۆڕان، بەشێک لە میدیاکانی سەر بە حیزبەکانی دەسەڵات، ئەو هەنگاوەیان بەوە لێکدایەوە کە پێگەو یەکڕیزیی کورد لە بەغدا لاواز دەکات.

لەبەرامبەردا حاکم شێخ لەتیف، ئەو تۆمەتانە بە توندیی ڕەتدەکاتەوەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: یەکڕیزیی کورد لە بەغدا، شتێک نییە بکرێتە چاکەیەکو دەسەڵات بەوانی بفرۆشێتەوە، بۆیە ئەگەر بە جیا بچن بۆ بەغدا، ئەوە تۆمەت نییەو ئەسڵ ئەوەیە بە جیا بچینە بەغدا، هەروەک دەڵێت: «پەرلەمانی عێراق، ئەو مینبەرەیە کە هەر لایەنێک پێشێلی مافی بکرێتو گوشاری لەسەر دروست بکرێت، بۆی هەیە بۆ بەرگریکردن لە مافەکانیان بەکاریبهێنێت، ئێمە هیچ داخوازییەکی تایبەتمان نەبووەو تەنیا داوای چاکسازیی سیاسییو شەفافییەت لە بودجەو نەهێشتنی گەندەڵییو یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەمان کردووە، ئایا ئەو داوایانە لە بەرژەوەندیی خەڵکو کێشەی کوردو تەنانەت ئەو دوو حیزبەشدا نین ئەگەر بیانەوێت تەمەنی سیاسیی خۆیان درێژبکەن، بۆیە ئەوانن کە ناهێڵن ئەو دوایانە بگەنە مەنزڵو دەیانەوێت ئێمە مۆر بۆ ئەجێندا حیزبییەکەی ئەوان بکەین لە بەغداو لە ڕێگەی ئێمەوە شەرعییەت بە کارەکانی خۆیان بدەن».

ئاماژەی بەوەشکرد: «گـۆڕان، ئەو هەنگاوەی ناوەو ئەوانیش دەتوانن هەنگاوی جدیی بۆ چاکسازییو کاراکردنی پەرلەمان بنێنو بڕیارەکان لە دەستی حیزبەوە بگەڕێنەوە بۆ حکومەت، بەو هەنگاوەش، ئەوان تۆپەکە دەخەنەوە ساحەی گۆڕان، ئەو کاتە بۆیان هەیە بڵێن، ئەوەتا گۆڕان ناگەڕێتەوە ناو ئیئتیلافەکە».



گۆڕان بانگەشەی ئەوەی کرد کە بۆ میللەت کۆشش دەکات نەک پلەوپایە

فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

## ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕان سەبارەت بە کشانەوەی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان

پەیامی سەرەکیی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، گۆڕینی نوێنەرایەتیی حیزبیی بوو بە نوێنەرایەتیی نەتەوەیی.

هەر لەو ڕوانگەیەوە، سەرباری ئەو هەموو ناحەقیو پێشێلکارییەی لەلایەن دەسەڵاتەوە دژ بە بزووتنەوەی گۆڕان لەهەڵبژاردنەکاندا کرا، گۆڕان بەشدارییەکی کاریگەری لەپێکهێنانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا کرد، لەسەر ئەو بنەمایەی کە لەکوردستاندا چاکسازیی هەمەلایەنە ئەنجامبدرێت، کە بە پێشمەرجی یەکڕیزییو یەکدەنگیی کورد دادەنرێت لەبەغدا.

لێرەشەوە، بزووتنەوەی گۆڕان لە (٢٠١٠/٨/١٦)دا، پڕۆژەیەکی بۆ چاکسازیی سیاسیی لە کوردستان خستە بەردەمی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کە خۆی لە داخوازییە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستانو برەودان بەپرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە، کە گرنترینیان سێ یاسای سەرەکین کە دەبنە کۆڵەکەی دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتی، وەک هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆو کاراکردنی پەرلەمانو بەدامەزراوەکردنی هێزە چەکدارەکانی کوردستان کە لە چەکداری سەر بەحیزبەوە بکرێنە هێزی نیشتمانییو هەروەها ڕێگرتن لە کاری حیزبیی لەو دامەزراوەیەو لە دەستتێوەردانی حیزب لە دامودەزگاکانی حکومەتو ڕێکخستنی بودجەی حیزبەکان بەپێی یاساو زامنکردنی ئازادیی ڕادەربڕینو زۆری دیکەش، کە بۆ هەر یەکێکیان فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پڕۆژەیاسای تایبەتی پێشکەش کردووە.

ئێمە لەکاتێکدا چاوەڕێی هەنگاوی جدیی دەسەڵات بووین بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە چاکسازییە کە بەدڵنیاییەوە یەکدەنگییو یەکڕیزیی نوێنەرایەتیی کوردی لەبەغدا دەپاراستو ئەزموونی دیموکراسیشی لە هەرێمی کوردستان بەرەوپێش دەبردو ژیانی هاوڵاتییانیشی لەهەموو بوارەکاندا بەرەو ئاستێکی باشتر دەبرد، بەڵام بەداخەوە، سەرباری هەموو هەوڵو پەرۆشییەکی بزووتنەوەی گۆڕان، دەسەڵات نەک هەر ئەو بەرنامە چاکسازییەی جێبەجێ نەکرد، بەڵکو تەگەرەی زیاتری لەبەردەم یەکڕیزییو تەبایی لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا دروستکرد، کە دیارترینیان هەوڵی سەپاندنی پرۆژەیاسای دەستەی باڵای هەڵبژاردنو ڕاپرسییە لەکوردستاندا، ئەمە لەکاتێکدا کە چەندین پرۆژەیاسای گرنگ لەبەردەم پەرلەمان بوون بۆ گفتوگۆکردنو پەسەندکردنیانو ئێمە پێمانوایە، ئەم هەوڵە بۆ قۆرخکردنی هەتاهەتایی دەسەڵاتو زەوتکردنی ئیرادەو مافی هاوڵاتییانە لەدەستنیشانکردنی نوێنەرەکانیان.

بەردەوامبوونی دەسەڵات لە بەفیڕۆدانی کاتو جێبەجێ نەکردنی کارنامەی چاکسازییو قووڵکردنەوەی بێمتمانەیی لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانداو بەکارهێنانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ مەبەستو دەستکەوتی حیزبیی خۆیان، ئێمە ناچاردەکات لەو ئیئتیلافە بکشێینەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەردەوام دەبین لە هەوڵەکانمان بۆ داکۆکیکردن لە مافو داخوازییەکانی گەلەکەمانو چەسپاندنی دیموکراسییو پرەنسیبی شەراکەتی کورد لە حوکمڕانیی عێراقدا.

بزووتنەوەی گۆڕان
٢٠١٠/١٠/٢٩

> چوونی گۆڕان بۆ ناو ئیئتیلافەکە، تا ئەو ساتە هەڵە نەبووەو جۆرێک بووە لە تاقیکردنەوەی ئەگەرە سیاسییەکان، بەڵام کاتێک دەزانێت لەگەڵ گوتارو ستراتیژی سیاسیدا یەکناگرێتەوە، کشانەوە هەنگاوێکی گونجاوە

### د. نەجمەدین کەریم، ئەندامی (م.س)ی یەکێتی:

# ئۆپۆزسیۆن سوودبەخشەو رووی کوردستانی جوانتر کردووە

سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**د. نەجمەدین کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانو یەکێک لە نوێنەرانی پارێزگای کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیوایە، زەمانەتی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد بریتییە لە بەهێزکردنی ناوخۆی کوردستانو چەسپاندنی دیموکراسییەت لە هەرێم.**

**د. نەجمەدین کە لە هەمانکاتدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتییە، دڵخۆشە بەوەی گرژییەکانی نێوان یەکێتیو گۆڕان زۆر کەمبوونەتەوەو چاوەڕوانی باشتربوونی پەیوەندییەکان دەکات.**



> زەمانەتی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد بەهێزکردنی کوردستانو چەسپاندنی دیموکراسییەتو دامەزراندنی دامودەزگایە لە هەرێم

**رۆژنامە: نزیکەی ساڵێکە لە ئەمریکاوە گەڕاونەتەوە، بارودۆخی ئێستای کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

* هەرێمی کوردستان کەموکووڕییو کێشەی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی بەرەو پێشەوە دەڕواتو لەگەڵ ئەو کێشانەی کە لە کوردستاندا هەن، ئەمڕۆ واقعێک دروستبووەو لە کوردستاندا کە تەنیا دوو حیزب نییەو ئێستا ئۆپۆزسیۆن هەیە، هەرچەند ئەم ئۆپۆزسیۆنە هەموو شتێکی بۆ ناکرێت، بەڵام بوونی ئۆپۆزسیۆن گرنگەو دەتوانێت رۆڵێکی باش ببینێت بۆ پێشخستنی هەرێم، دەبێت بوونی ئۆپۆزسیۆنمان پێخۆشبێت.

**رۆژنامە: لەم قۆناغەی ژیانی سیاسی هەرێمدا، چاکسازیی تا کوێ زەروورەتی هەیە؟**

* لە هەموو قۆناغێکدا چاکسازیی پێویستەو دەبێت گرنگی بە ئازادییو سەروەربوونی یاسا بدەین، لە هەڵبژاردنی(٢٠٠٩/٧/٢٥)دا کە سەرەتای دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن بوو، خەڵکێک لە ناو یەکێتیو پارتی بەشێوەیەکی جیاواز هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو ئۆپۆزسیۆنە دەکردو نەیاندەویست ئەو هێزەی کە لە پەرلەمانو حکومەت هەیانە لێی کەمببێتەوە، بەڵام دەبینین دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن، نەک مەترسییە بۆسەر کوردستان، بەڵکو لە ناوخۆو دەرەوە رووی کوردستانی جوانتر کردووە، بۆیە دەبێت فێرببین گوێمان لە قسەی جیاوازو رەخنە بێت، دەبێت بۆچوونو پێشنیازی ئۆپۆزسیۆن بەو شێوەیە وەربگیرێت کە خزمەت بە خەڵکی کوردستان دەکاتو پێویستە مەدەنییانە مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بکرێت.

**رۆژنامە: رۆڵو ئەدای ئۆپۆزسیۆن لەهەمبەر پرسە نیشتمانییو حوکمڕانییەکەدا باش دەبینیت؟**

* ئۆپۆزسیۆن کەموکوڕیی هەبووە، بەڵام ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لە کوردستاندا هەیە، ئۆپۆزسیۆنێکی سوودبەخشەو بووەتەهۆی پەرەپێدانی ژیانی دیموکراسی لە کوردستانداو واش لەو کەسانە دەکات کە ئەمڕۆ حکومەتی هەرێم بەڕێوەدەبەن، بیر لە هەندێک مەسەلە بکەنەوە کە پێشتر بیری لێ نەکراوەتەوە.

**رۆژنامە: (٢)ساڵ پێش ئێستا، مام جەلال پرۆژەیەکی بۆ جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت پێشکەشکرد، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

* بەداخەوە، ئەو پرۆژەیەی بەڕێز مام جەلال، جێبەجێ نەکرا، لەکاتێکدا پرۆژەیەکی زۆر باشو گرنگە، هۆکاری جێبەجێ نەکردنی بۆ دووئیدارەیی دەگەڕێتەوە، لە ئێستادا بەناو یەک ئیدارەین، بەڵام لە واقیعدا دوو ئیدارەین، ئەگەر ئەو پرۆژەیە جێبەجێبکرێت، لە بەرژەوەندیی خەڵکانێک دەدرێت، بۆیە ئەو خەڵکانە کۆسپی بۆ دروستدەکەن، بە پلەی یەکەم ئەرکی سەرشانی یەکێتییە جەخت لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەکە بکاتەوە، هەرچەند دەزانین جێبەجێکردنی زۆری دەوێت، بەڵام پێویستە هەنگاوی جدیی بۆ بنرێت، خەڵک بۆ ئەوە دەنگی بە یەکێتی داوە تا خزمەتی بکات، خزمەتیش بەوە ناکرێت، کە لەبەر خاتری شەخسو گرووپێک کارە باشەکان جێبەجێ نەکرێنو بارودۆخەکە وەکو خۆی بهێڵرێتەوە.

> پەیوەندیی نێوان پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، خراپە

**رۆژنامە: بەوپێیەی بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتیشن، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕانو یەکێتی گەیشتووەتە چ ئاستێک؟**

* گۆڕانو یەکێتی، لە یەک سکەوە هاتوونەتە دەرەوە، یەکێتیو گۆڕان خوێنیان تێکەڵەو برایەتییان لەیەکەوە نزیکە، من دڵخۆشم بەوەی کە ئێستا گرژییەکان زۆر کەمبوونەتەوەو ئەو هێرشو تۆمەتانەی کە پێشووتر دەدرانە پاڵ یەکتر، ئێستا نەماونو چاوەڕان دەکرێت پەیوەندییەکان باشتر بن.

**رۆژنامە: بابێینە سەر ئەو قەیرانە سیاسییەی لەعێراق هەیە، بە رای ئێوە کورد لەگەڵ مالیکی حکومەت دروستبکات باشە یان لەگەڵ عەلاوی؟**

* لە دوای هەڵبژاردنەوە، ئێمە لە شاندی دانوستانکاری کوردی، وەرەقەیەکمان پێشکەش بە لایەنە عێراقییەکان کردووەو نزیکەی (٣٠) کۆبوونەوەمان لەگەڵ لایەنەسیاسییە عێراقییەکاندا کردووەو نزیکەی (٥٠) کۆبوونەوەمان لەنێو خۆماندا کردووە، تا ئێستا توانیومانە لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسا لەسەر داخوازییەکانی کورد رێکبکەوین، تەنیا یەک خاڵ نەبێت، لیستی عێراقییە هەرچەند لە خاڵە عێراقییەکاندا لەگەڵ ئێمەدایە، بەڵام تا ئێستا ئامادەییان پیشان نەداوە بۆ جێبەجێکردنی داخوازییە سەرەکییەکانی ئێمەو رێکنەکەوتووین، بۆیە کورد لە دەوڵەتی یاسا نزیکترە لە لیستی عێراقییە. ئێمە رێز لە ئەیاد عەلاوی دەگرینو خۆشماندەوێت، بەڵام خۆیو لیستەکەی لەگەڵ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و داخوازییە سەرەکییەکانی کورددا نین، بۆیە چەند لای ئێمە خۆشەویست بێت، ئەوان لە ئێمە دوورن، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە، جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کوردە، نەک شەخسو کەسایەتی.

**رۆژنامە: باسی ئەوە دەکرێت، پێگەی کورد لەم قۆناغەدا لاوازتربووە، پێتوایە کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێت؟**

* پێگەی کورد، نە بە ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراقە، نە بە ژمارەی ئەو پۆستانەیە کە لە عێراقدا وەریاندەگرێت، پێگەی کورد لەوەدایە کە نەتەوەی دووەمە لە عێراقداو کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە کە لە دەستووری عێراقدا دانی پێدانراوە، ئەمڕۆ نە لیستی عێراقییەو نە لیستی هاوپەیمانیی نیشتمانیی، ئەگەر پێکەوەش رێکبکەون، بەبێ کورد ناتوانن حکومەت پێکبهێننو پێویستی تەواویان بە پشتیوانیی کورد هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، بۆیە من پێگەی کورد بە لاواز نابینم، بەڵام رووداوەکانی داهاتوو بە شێوازی کارکردنی خۆمانەوە بەندە، ئەگەر بەشوێن داخوازییەکانمانەوە نەچین، رێکەوتنەکانمان تەنیا لەسەر کاغەز دەمێننەوە، پێنج ساڵی رابردوو ئەوەی سەلماندووەو پێشتریش رێککەوتنی نووسراو هەبووە، بەڵام جێبەجێ نەکراوەو راستە حکومەت سست بووە، بەڵام خۆیشمان سست بووین.

**رۆژنامە: گرەنتی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد لە چیدایە؟**

* هیچ گرەنتییەک نییە کە رێککەوتنەکانمان جێبەجێ بکرێن، رەنگە ئەو لایەنەی لەگەڵیدا رێکدەکەوین سبەینێ پەشیمان ببێتەوەو کۆسپ بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانمان دروستبکات، زەمانەتی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد، بریتییە لە بەهێزکردنی کوردستانو چەسپاندنی دیموکراسییەتو دامەزراندنی دامودەزگا لە کوردستان، هەروەها ئەو کەسانەی کە لە بەغدا پۆستی حکومیی وەردەگرن، دەبێت کەسانێکی بە تواناو شیاوبنو خەڵکانێک بن کە نوێنەرایەتی راستەقینەی خەڵکی کوردستان بکەن، جگەلەوە کە سەرجەم نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانو حکومەتی عێراقی، ئاگاداری یەکتربنو کۆبوونەوەی بەردەوامیان هەبێتو لە هەمانکاتیشدا پێویستە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان نوێنەرانی کورد لە بەغداو هەرێمدا هەبێت.

**رۆژنامە: پێویستە مەسەلەی کەرکوکو ناوچەدابڕێنراوەکان لەکوێی دانوستانەکانو داخوازییەکانی کورددا بێت؟**

* ئێمە لە چوار ساڵی رابردوودا، کەمتەرخەمیمان بەرامبەر بە مەسەلەی کەرکوکو ناوچەدابڕێنراوەکان هەبووەو جدیی نەبووین، لە کاتێکدا لە ساڵی(٢٠٠٦)دا دەمانتوانی حکومەتەکەی مالیکی بڕووخێنین، ئەگەر لەو کاتەدا فشارمان لە مالیکی بکردایە، ئێستا مادەی(١٤٠) لە قۆناغێکی تردا بوو، قۆناغی رابردوو هەلێک بوو کە کورد نەیقۆستەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەم قۆناغەدا ئەو هەلەمان لەدەستدا ماوەو دەتوانین وابکەین کە مادەی(١٤٠) جێبەجێ بکرێت، ئەویش بەوە دەبێت، ئەو مەسەلەیە هەمووکات لە ئەولەویاتی کارەکانمان بێتو بەردەوام بیری حکومەتی بهێنینەوەو کارتی فشاری کشانەوە لە حکومەت بەکاربهێنین، هەروەها دەبێت ئێمە لە کەرکوکو ناوچەدابڕێنراوەکانی تر، بڕوای لایەنەکانی ترو بەتایبەتی تورکمان لە خۆمان نزیکبکەینەوە، هیچ پاساوێکمان نییە بەوەی کە ئەمڕۆ تورکمان دژایەتی جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠) دەکات، ئەوە هەڵەو کەموکووڕیی خۆمان بووە، مەبەستم ئەوە نییە کە هەموو تورکمان لەگەڵمان بێت، بەڵام بە خزمەتگوزاریی دەتوانین هەڵوێستی بەشێکی زۆری خەڵکی تورکمان بگۆڕین، پێویستە شێوەی کارکردنی خۆمان بگۆڕینو دۆستی کورد پەیدابکەین، ئەگەر ئیدارەی شارەکە باشتربکەین، خەڵکی شارەکە بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە

## کەرکوک بووە بە زبڵخانە

لەگەڵماندا دەبنو ئەوکاتەش جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠) ئاسانتر دەبێت.

**رۆژنامە: کەواتە، پێتوایە کە ئیدارەکردنی کەرکوکو ئەو ناوچانە لەلایەن کوردەوە، هۆکارێک بووە بۆ چارەسەرنەکردنی کێشەکان؟**

* بمانەوێتو نەمانەوێت، خەڵک، ئیدارەی کەرکوک بە ئیدارەی کورد دادەنێتو لەسەر کورد حسابە، لە حەوت ساڵی رابردوو، بەغدا کۆسپی بۆ ئیدارەی کەرکوک دوستکردووەو حیزبایەتیش کۆسپ بووە، هەروەها ئیدارەی کەرکوک خۆیشی کۆسپی بۆ خۆی دروستکردووە، پەیوەندیی نێوان پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگا خراپە، ئەنجومەنی پارێزگاو بەرپرسانی ئیداریی وەکو پێویست بە کاری خۆیان هەڵنەساون، ئەمە وایکردووە کە دژایەتیی مادەی(١٤٠) بکرێت، بۆ نموونە حەوت مانگە (١٢)ملیار دینار بۆ پاککردنەوەی کەرکوک دەرچووە، بەڵام تا ئێستا تەرخان نەکراوە، لە کاتێکدا کەرکوک بووە بە زبڵخانەو کەموکووڕییەکی زۆر هەیە، خەڵکەکەی بە کوردو تورکمانو عەرەبەوە بێزارو بێئومێدبوون، خەڵکیش مافی خۆیانە کە بێزاربوون، چونکە بەرپرسە کوردەکان دوورن لە خەڵکەوە.

**رۆژنامە: ناڵەباریی بارودۆخی کەرکوکو ناوچەدابڕێنراوەکان لەچیدا دەبینیتەوە؟**

* لە کەرکوکو ناوچەدابڕێنراوەکان، بارودۆخێکی ناڵەبار دروستبووە، ئێستا کۆچی پێچەوانە دروستبووە، هەموو ئەو کوردانەی کە دوای رووخاندنی رژێمی بەعس چوونەتەوە بۆ کەرکوکو موسڵو جەلەولاو سەعدیەو قەرەتەپەو خورماتوو، ئێستا بۆ کوردستان کۆچ دەکەن، هەروەها لە ماوەی رابردوودا، خەڵکێکی زۆری غەیرە کەرکوکی لە کەرکوک دامەزراون، جگە لەوە بەپێی زانیارییەکان، لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا (٥ - ٧)هەزار خێزانی عەرەب هاتوونەتە کەرکوکو ناوچەکانی سنووری پارێزگای دیالەش هەمان بارودۆخیان هەیە، ئەم بارودۆخە مەترسی بۆ سەر ئایندەی ئەو ناوچانە دروستکردووەو پێویستە بەزوویی پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەو بارودۆخە رابگرنو چارەسەری بکەن.

**رۆژنامە: دەوترێت، یەکێتیو پارتی بەنیازی گۆڕینی بەرپرسە کوردەکانی شارەکەن، ئەمە تاچەند راستە؟**

* گۆڕانکاریی پێویستەو خەڵکی کەرکوکیش گۆڕانکارییان دەوێت، من لێتی ناشارمەوە، گۆڕینی بەرپرسە کوردەکان لە کۆبوونەوەکانماندا باسکراوە، ئەوەی کە گرنگە، ئەوەیە کە لە ئێستادا هەر گۆڕانکارییەک کە دەکرێت، پێویستە بەوردیی دیراسەبکرێتو دەبێت ئەو کەسانەی کە دادەنرێن، لەگەڵ یەکتردا تەبابنو پشتیوانیی تەواویان لێ بکرێتو لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە حیزب دەستنەخاتە کارەکانیانەوە، دەبێت بزانرێت کە چۆن گۆڕانکاریی دەکرێتو کێ لە شوێنیان دادەنرێت، بەڵام بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخە، باشترین میکانیزم، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکە.

> کورد لە دەوڵەتی یاسا نزیکترە تا لە لیستی عێراقییە

> لە ئێستادا بەناو یەک ئیدارەین، بەڵام لە واقیعدا دوو ئیدارەین

د. نەجمەدین کەریم، لە ساڵی (١٩٤٩) لە کەرکوک لەدایکبووە.
دامەزرێنەری ئیستیتۆی کوردە لە ئەمریکا
یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کورد لە ئەمریکا

«دووکچی ڕفێنراو، بە پێنج تیرۆریست گۆڕدرانەوە» 8

# یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان ناکۆکیی لەنێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا دروست دەکات

ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال

ناکۆکییەکانی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات لەسەر پرۆژەیاسای خۆپیشاندان لە کوردستاندا، کۆبوونەوەی پەرلەمانی دواخست، دوای کۆبوونەوەو گفتوگۆکانیش ئۆپۆزسیۆن پێیانوایە؛ زۆرێک لە ئەندامانی فراکسیۆنی دەسەڵات کار بۆ سنووردارکردنی ئازادیی‌و دیموکراسی دەکەن، ئەوەش بەو «کۆت‌وبەند»ەی لەبەردەم یاسای خۆپیشاندانداا پێشنیازیان کردووە.

لە ماوەی ڕابردوودا دوو پرۆژە بڕیار بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، یەکێکیان بە هاوکاریی چوار ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە پێشکەشکرا، ئەوەی تریش لەلایەن لیستی کوردستانییەوە پێشکەش کرا، هەرچەندە هەفتەی ڕابردوو لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستاندا پرۆژەیاسای خۆپیشاندان خرایە ڕوو، بەڵام بەهۆی ناکۆکییەوە هەر چوار لیژنەی یاسایی‌و ناوخۆو مافی مرۆڤ‌و کۆمەڵگەی مەدەنی ڕاسپێردران، کە لە ماوەی هەفتەیەکدا کۆبوونەوە بکەن‌و ڕاپۆرتی هاوبەش لە بارەی پرۆژەکەوە ئامادە بکەن، هەروەک ئەو زنجیرە کۆبوونەوانەی لەنێوان لیژنەکاندا ئەنجامدران کە نوێنەرانی فراکسیۆنەکانی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆنیان تێدایە، نەگەیشتنە ڕێککەوتنێک‌و چەند خاڵێکی جەوهەریی بە هەڵواسراویی مانەوە، وەک پەرلەمانتاران دەڵێن؛ کاریگەریی دەبێت لەسەر دیاریکردنی سیستمی دیموکراسی.

دوێنێش لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا ڕاپۆرتەکە خوێندرایەوەو تەنیا مادەی یەکەم تاووتوێکرا کە لە (٦) برگە پێکهاتووەو گفتوگۆکان‌و پەسەندکردنەکەی بۆ دانیشتنەکانی دیکە درێژە دەکێشێت.

## خاڵە ناکۆکەکان

هەرچەندە لیژنە ڕاسپێردراوەکان هەندێک لە ناکۆکییەکانیان چارەسەر کرد، بەڵام خاڵە جەوهەرییەکان بە چارەسەرنەکراوی مانەوە، کە گرنگترینیان وەرگرتن، یان وەرنەگرتنی مۆڵەت‌و سزای ڕێکخەران لە کاتی ڕوودانی بارگرژیی‌و پاراستنی ئەمنیی خۆپیشاندانەکان.

نەریمان عەبدوڵڵا، پەلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە لیژنەی ناوخۆو ئەنجومەنە خۆجێییەکان، باس لەوە دەکات؛ ئۆپۆزسیۆن بە گشتیی لەگەڵ هەندێک پەرلەمانتاری لیستی دەسەڵات ڕایانگەیاند؛ ئەنجامدانی خۆپیشاندان پێویست بە وەرگرتنی مۆڵەت ناکات، بەڵکو تەنیا ئەو لیژنەیەی سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکە دەکات حکومەت ئاگادار بکاتەوە لەوەی خۆپیشاندان ئەنجام دەدرێت، «بەڵام بەشێکی لیستی دەسەڵات پێداگریی لەوە دەکەن مۆڵەتی حکومەتی هەبێت، ئێمە پێمانوایە ڕەنگە ئیجتیهادی شەخسی کاریگەریی هەبێت‌و ڕێگریی بکات، ئەوەش ڕێگرییەکی گەورە دەبێت لەبەردەم ئازادیی لە کوردستاندا»، ئاماژەی بەوەشدا؛ ئەگەر ساخ بووەوە ڕەزامەندیی هەبێت، دەبێت خۆپیشاندانی لەناکاو بەدەربێت لە مۆڵەت وەرگرتن.

لەلایەکی دیکەوە، سەمیر سەلیم، پەرلەمانتاری یەکگرتوو، بە پێویستی دەزانێت

> «ئۆپۆزسیۆن: ئەنجامدانی خۆپیشاندان پێویست بە وەرگرتنی مۆڵەت ناکات»

کۆتوبەندەکان هەڵبگیرێت‌و بۆ ڕۆژنامە دەڵێت؛ «ئاراستەی ئۆپۆزسیۆن پێیوایە پێویست بەوە ناکات دەسەڵات ڕۆڵ ببینێت لە مۆڵەتدان بە خۆپیشاندان، بەڵام ئاراستەی دەسەڵات بەو شێوەیەیە کە بەبێ مۆڵەت نابێت»، بڕواش وایە دەبێت دەسەڵاتەکانی ڕەتکردنەوەی خۆپیشاندان دیاریبکرێت، بۆ ئەوەی ئیحتیکاری سیاسیی‌و میزاجگەرایی‌و پێوەرە حیزبییەکان ڕۆڵ نەبینێت لە سنووردارکردن‌و مۆڵەت نەدانی جموجۆڵە سیاسییەکاندا، هەروەها «دەستنیشانی حاڵەتەکانی ڕەتکردنەوە بکرێت».

ئەو نارەزاییانە لەکاتێکدایە کە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردووش زیاتر لە (٢٥) ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، یاداشتێکیان دایە نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی یاساکە بە شێوەیەک دەربچێت دیموکراسی بەرتەسک نەکاتەوەو ئاستەنگ نەخاتە بەردەم خۆپیشاندەران، ئەوەش بە وەرنەگرتنی مۆڵەت‌و کۆتوبەندنەکردنی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکان.

## کۆتوبەندکردنی ڕێکخەرانی خۆپیشاندان

خاڵێکی دیکەی ناکۆک ناوی پرۆژەکەیە، ئەوەش لەنێوان ئەوەی یاساکە تەنیا خۆپیشاندان بێت، یا کۆبوونەوەشی لەگەڵ دابێت، هەروەک ئەوەی ناکۆکییەکانی قووڵتر کردووە لێپرسراوێتی خستنە ئەستۆی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە لەکاتی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو و بارگرژیدا.

لەو ڕووەوە نەریمان وتی: «بەشێکی لیستی دەسەڵات پێیانوایە؛ دەبێت یاسای خۆپیشاندان‌و کۆبوونەوەی گشتیی بێت، بەڵام ئێمە پێداگریمان لەوە کرد کە دەبێت تەنیا ڕێکخستنی خۆپیشاندان بێت، چونکە دەکرێت ئەوەش بقۆزرێتەوە، دەسەڵات هەر کاتێک بیەوێت لێپێچینەوە بکەن‌و نەهێڵن کۆبوونەوە بکرێت».

وتیشی: «ئێمە دژی ئەوەین ڕێکخەری خۆپیشاندان بەرپرسیار بکرێت لە سزادانی لەکاتی کەوتنەوەی ڕووداودا، چونکە تاوان‌و سەرپێچی شەخسییەو سزاش دەبێت شەخسیی بێت، نەک کەسێک ئاژاوەگێڕبێت تۆ لیژنەکە بگریت، کێ دەڵێت ئەوە دەستێک نییە، یا بە مەبەست نایەنە ناوەوە، ڕێکخەران بۆ باجەکەی بدەن».

لەلایەکی دیکەوە، ئیسماعیل مەحمود، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانیی‌و سەرۆکی لیژنەی ناوخۆو ئەنجومەنە خۆجێیەکان، لەو بارەیەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «من ڕاموایە ئەوانەی مۆڵەت وەردەگرن لێپرسراوبن بە زەرەرو زیانەکان کە بە ئاداب‌و نەریتی گشتیی دەگەن، بەڵام ئەوانەی زیان بە خەڵک دەگەیەنن کەسەکانی ناو خۆپیشاندان خۆیان سزا بدرێن، نەک ئەوانەی داوای خۆپیشاندانەکەیان کردووە، پێشموایە؛ دەبێت وەزیری ناوخۆ مۆڵەتی خۆپیشاندانی سەرانسەریی بدات، بەڵام بۆ قەزاو ناحیەو پارێزگاکان، یەکە ئیدارییەکان بۆیان هەبێت مۆڵەت بدەن بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان، چونکە ڕەنگە بەڕێوەبەری ناحیەیەک یا قایمقامێک ڕێگریی بکات».

بەڵام سەمیر سەلیم، بە پێچەوانەوە پێیوایە؛ «ناکرێت لێپرسراوی ڕووداوی ناسروشتی لە کاتی خۆپیشاندان بخرێتە ئەستۆی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە، چونکە ئەگەر دەستێک کارێک بکات‌و ئاراستەی خۆپیشاندان بگۆڕێت، دەبێت ئەوانە سزا بدرێن، نەک ڕێکخەرانی خۆپیشاندان».

## ناکۆکییەکانی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆن

ناکۆکییەکان لەسەر یاسای خۆپیشاندان بەشێوەیەکە پەرلەمانتارانی دەسەڵات بە پێویستی دەزانن، کە «بەپێی یاسا ڕێکبخرێت»، بەڵام پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن لەو بڕوایەدان ئەوەی گفتوگۆی لەسەر کراوە «ڕێگرییە، نەک ڕێکخستن»، لەو بڕوایەشدان ئەگەر بەوشێوەیە تێپەڕێنرێت، دیموکراسی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئیسماعیل مەحمود، لەو ڕووەوە دەڵێت: «لەسەر هەندێک ناکۆکیی ڕێککەوتین‌و هەندێکیان وەکخۆی ماونەتەوەو لە هۆڵی پەرلەمان یەکلایی دەکرێنەوە»، وتیشی: «بەپێی دەستوور هاتووە، کە خۆپیشاندان شتێکی ئازادە، بەڵام بە یاسا ڕێکبخرێت، چونکە ناکرێت بەو شێوەیە بکرێت‌و لە خۆپیشاندانداا پەلاماری دامودەزگاو شوێنە گشتییەکان بدرێت‌و زیان بە ئاداب‌و نەریتی گشتیی بگەیەنێت، بەوەش نابێت قەیدو شەرتی وا دابنێیت، کە پێشێلی ئازادیی بکەیت‌و خەڵک نەتوانێت خۆپیشاندان بکات، بۆیە دەبێت لە هەردوولاوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت‌و سیغەیەکی وا بدۆزرێتەوە، کە هەم ڕێ لە خەڵک نە گیرێت، کە نەتوانێت داخوازییەکانی پێشکەش بکات، هەم حکومەت بتوانرێت خۆپیشاندانەکان ڕێکبخات».

بەڵام نەریمان عەبدوڵڵا، لەو بڕوایەدایە؛ ئەگەر ئەو ڕایانەی پەرلەمانتارانی لیستی دەسەڵات بسەپێنرێت ڕۆحی خۆپیشاندان‌و دیموکراتییەت لە کوردستان سەردەبڕێت، «چونکە کەس ئامادە نییە لێپرسراوی بۆ هەر ئاژاوەیەک لە ئەستۆ بگرێت، ئەوەش هیچ مەنتقێکی تێدا نییەو لە دنیادا شتی لەو جۆرە نییە، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە بێت، هەق نییە ناوی بنرێت یاسای ڕێکخستنی خۆپیشان، بەڵکو دەبێتە یاسای ڕێگریی خۆپیشاندان».

هەروەک سەمیر سەلیم، دەڵێت: «ئەو یاسایە یەکێکە لەو یاسایانەی ژیانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان دیارو جێگیر دەکات‌و ڕووبەرەکانی فراوان دەکات، دوو ئاراستەش لە پەرلەمان لەناو لیژنەکاندا کاردەکات، یەکێکیان هی دەسەڵاتەو کار لەسەر ئەوە دەکات بەرەو کۆنترۆڵکردن‌و زیاتر کۆتوبەندکردن لە جموجوڵی دیموکراسی‌و هاوڵاتییان، لەدەربڕین‌و هەوڵدان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان، زیاتر کۆتوبەندکردنە لەژێر ناوی ڕێکخستنی جموجوڵی دیموکراسی». پێشیوایە؛ ئاراستەی دووەم کە ئاراستەی ئۆپۆزسیۆنە، کەمکردنەوەی کۆتوبەندو یاساو ڕێساکانە بۆ زیاتر ئاسانکاریی مەودای ئازادیی‌و دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا.



# سەرۆکی حکومەت‌و وەزیرەکان وەڵامی پەرلەمانتاران نادەنەوە

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە

پەرلەمانتارێکی گۆڕان سەبارەت بە دەستتێوەردانی حیزب لە دابەشکردنی مووچەی خانەشینیدا پرسیار ئاراستەی وەزیری دارایی دەکات، لە کاتێکدا پێشتر چەندین پرسیاری ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەت‌و وەزیرە پەیوەندیدارەکان کردووە، بەڵام بێ وەڵام بووە.

کوێستان محەمەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە ڕۆژی ٢٠١٠/٩/٢٨ پرسیارێکم ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی کرد سەبارەت بە دەستتێوەردانی حیزب لە مووچەی خانەنشینی هاوڵاتییان، بەڕێزیان لە (١٠/٤)دا بە نووسراوی ژمارە (٦٠١) وەڵامیان دامەوە، بەڵام چەند تێبینییەکم لەسەر وەڵامەکە هەبوو، بۆیە داوای ڕوونکردنەوەی زیاترم لێکردووەو ئێستا چاوەڕێی وەڵامم».

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان ئاماژە بەوە دەکات؛ کە سەبارەت بەو مووچەی خانەنشینییەی کە (٣٧) هەزار دینارە، ئاڵوگۆڕی مووچەکە لەلایەن حیزبەوە دەکرێت‌و مووچەی شەش مانگی ئەو خانەشینانە لە مانگی ئابی ئەمساڵدا لە زۆربەی قەزاو ناحیەکان لە بارەگای مەڵبەندو کۆمیتەکانی یەکێتی لە سنووری سلێمانیدا دابەشکراوە، هەربۆیە «پرسیارەکانم لە وەزیری دارایی ئەوەبووە؛ کە ئایا ئەو پارەیە بودجەی گشتییە، ئەگەر بودجەی گشتییە بۆچی حیزب تەداخولی تیادەکات؟ ئەووەڵامی داومەتەوە، دەڵێت: بەڵێ، ئەوە بودجەی گشتییەو ئاڵوگۆڕەکان حیزب نایکات، بەڵکو وەزارەتی پێشمەرگە دەیکات، مووچەکەش لە بنکەی خانەنشینەکان دابەشدەکرێت».

کوێستان محەمەد، جارێکی دیکە داوای ڕوونکردنەوە لە وەزیر دەکات‌و دەڵێت: «بەڵگەی تەواوم لە بەردەستدایە بۆ ئەوانەی کە پێشتریش پرسیارم لە بارەوە کردوون، بۆیە هیوادارم ئەو وەڵامەی ئەمجارەی وەزیر ببێتە هۆی ئەوەی کە کەمێک لە پێشێلکارییەکان ڕاست بکاتەوە».

لەلایەکی ترەوە، هەمان پەرلەمانتار لە ماوەی خولی سێیەمی پەرلەماندا چەندین پرسیاری ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەت‌و وەزیرە پەیوەندیدارەکان کردووە، بەڵام جگە لەو وەڵامەی وەزیری دارایی کە هێشتا پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە، هیچکام لە پرسیارەکانی وەڵام نەدراونەتەوە.

لەدوای دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان دوای پشووی هاوینە، ئەو پەرلەمانتارە سێ پرسیاری ئاراستەی سەرۆکی حکومەت کردووە، لەسەر یەکنەگرتنەوەی دیوانی چاودێریی‌و دەزگای ئاسایش‌و دەزگای مین، هەروەک وتی: «دیوانی چاودێریی لە (٩/٢٠) دەنگمان بۆ داو کەسێکی ترمان بۆ دیاریکرد، بەڵام تائێستا نە نووسراوی بۆ دەرچووەو نە سوێندی خواردووەو نە دیوانەکەش یەکیگرتووەتەوە، دەزگای ئاسایشیش بە هەمان شێوە، دەزگای مینیش لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە یاسای بۆ دەرچووە، لە بودجەشدا لە (٤/١٣) تیایدا هاتووە: کە دەبێت بودجەکەیان یەکبخرێتەوە، بەڵام یەکی نەگرتووەتەوە، هەر بۆیە لە (٩/١) پرسیارم ئاراستەی سەرۆکی حکومەت کردووەو وەڵامی نەداومەتەوە، دواتر لە (١٠/٧) دووبارە پرسیارم ئاراستەی کردووەتەوە دووبارە وەڵامی نەداومەتەوە، بۆیە داوامکردووە سەرۆکایەتی پەرلەمان بانگی بکاتە پەرلەمان بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکان لە بەردەمی پەرلەمان بداتەوە.

ئەمە جگە لەوەی پەرلەمانتارەکە چەند پرسیارێکی ئاراستەی سەرۆکی حکومەت‌و وەزیری پلاندانان کردووە، لەسەر بودجەی هەرێم کە کۆمەڵێک مادەو برگەی تیایە، کە تائێستا جێبەجێ نەکراون، هێشتا وەڵامی ئەو پرسیارانەشی وەرنەگرتووە.

لە هەوڵێکی تریشیدا پرسیاری ئاراستەی سەرۆکی حکومەت کردووە، کە دەڵێت: پێنج ساڵە حکومەت یەکیگرتووەتەوەو یاسای وەزارەتی دارایی دەرچووە، بەڵام تائێستا دوو وەزارەتی دارایی لە کوردستاندا بوونی هەیە، تائێستاش وەڵامی وەرنەگرتووەتەوە.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دوای ئاراستەکردنی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران، دەبێت حکومەت لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا وەڵامبداتەوە، ئەگەر وەڵامەکان قەناعەتپێهێنەر نەبوون، یان وەڵامی پرسیارەکان نەدرانەوە، دەبێت ئەو لایەنەی پرسیارەکەی ئاراستەکراوە بانگهێشتی بەردەم پەرلەمان بکرێت، هەروەک کوێستان محەمەد، داوای لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە کە بانگهێشتی پەرلەمانیان بکەن بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ پرسیارەکانیان ئاراستە بکەن.

لە وتاری دەستپێکردنەوەی خولی گرێدانی سێیەمی پەرلەمان لە (٩/١)ی ئەمساڵدا، سەرۆکی پەرلەمانیش ئاماژەی بەوە کرد؛ کە زیاتر لەلایەن پەرلەمانتاران‌و لیژنەکانەوە (٦٨) پرسیار ئاراستەی سەرۆکی حکومەت‌و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کراون، کە زۆرینەیان وەڵام نەدراونەتەوە، بۆیە کە خولی داهاتوو هاتەوە، داوای ڕوونکردنەوە لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە بۆچی وەڵامنادەنەوە؟، هەربۆیە بە بڕوای ئەو پەرلەمانتارە، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش لەوە نارازییە کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزارەتەکان زۆر بە کەمیی وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە.

# دۆخی جەلەولاو سەعدیەو قەرەتەپە مەترسیدارە

ڕاپۆرتی: هاوڕێ عەبدوڵڵا

**هەردوو حکومەتی هەرێمو بەغدا ڕێکەوتن لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی هێزە ئەمنیپەکانی حەوزی حەمرینو بەجێهێشتنی ناوچەکەش لەلایەن خێزانە کوردەکانەوە بەردەوامە.**

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا ناوچەکانی (جەلەولا، سەعدیە، قەرەتەپە، جەبارە) بە دۆخێکی ئەمنیی نالەبارو مەترسیدا تێپەڕیوەو ڕووبەڕووی کۆچی پێچەوانە بووەتەوە، بەپێی لێدوانی بەرپرسانی ناوچەکە نزیکەی (٤) هەزار خێزانی عەرەب هاتوونەتە ناوچەکەو (٦٠٠) خێزانی کوردیش ناوچەکانیان جێهێشتووە.

تەشەنەسەندنی ئەو ڕەوشە نائارامەو بێهەڵوێستیی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستانو نوێنەرانی کورد لەو ناوچانە نیگەرانییەکی زۆری خەڵکی کوردستانی لێکەوتووەتەوەو بەو هۆیەشەوە داوا لە بەرپرسانی هەرێم دەکرێت هەوڵی بە پەلە بدات بۆ ئاساییکردنەوەی ئەو بارودۆخە.

لە یاداشتێکدا فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە کراوە؛ «ماوەیەکە کۆچکردنو کۆچپێکردنی زۆرەملێی هاوڵاتییانی کورد لە ناوچەدابڕێنراوەکاندا بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستیپێکردووەو ڕۆژانە دەیان خێزانی کورد ڕووبەڕووی توندوتیژیی دەبنەوە، ئەوەش بەرنامە بۆداڕێژراوە بە مەبەستی پەکخستنی مادەی (١٤٠).

هەروەک گۆڕان داوا لە هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمو نوێنەرانی کورد لە بەغدا دەکات، کۆبوونەوەیەکی بە پەلە بۆ تاوتوێکردنی میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پلانە سازبکەن.

لە پەیامێکدا یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان، کە (١٠/٢٤) ئاراستەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم کراوە، «هۆشیاریی دەدات کە هەندێ لایەنی شۆڤێنیی عێراقی خەریکی دارشتنی پیلانو لێدانەوەی ئەو ئاوازەن، کە ڕژێمی دیکتاتۆری گۆڕبەگۆڕ دەرهەق بە گەلی کوردستان دەینواند هەر ئەو سیاسەتە پەسەند دەکەنو هانی تیرۆرو زەبرو زەنگ دەدەن لە ناوچەدابڕێنراوەکانی کوردستان، ئەویش بە تەنگاوکردنو برسیکردنو تۆقاندنی خەڵکی سڤیلی ئەم ناوچانە، کە لەلایەک بێ بەش بوون لە هەموو خزمەتگوزارییەکی حکومەتی عێراقو هەروەها بە شێوەیەکی باشیش حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕی لێ نەداونەتەوە، پێویستە سنوورێک بۆ ئەم هەڵسوکەوتە نامرۆڤانەیە دابنرێت».

هاوکات بە مەبەستی تاووتوێکردنی ئەو مەسەلەیە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لە شاری سلێمانی چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییان سازکردو تێیدا چەند ئامارێکیان دەربارەی کۆچی خێزانە کوردەکانی ناوچەجێناکۆکەکان بۆ گەرمیان خستە ڕوو.

عەتا محەمەد، بەرپرسی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەت (CDO) ئاشکرای کرد، بەهۆی تۆقاندنو تیرۆر لەو ناوچانەدا، نزیکەی (هەزار) خێزانی کورد لە ناوچەکانی (جەلەولا، تەلەعفەر، قەرەتەپە، دووز) ڕوویان لە ناوچەکانی گەرمیان کردووە، ئەوەشی بە مەترسیی زانی بۆ کەمبوونەوەی خێزانی کورد لەو ناوچانەدا «دەبێت هەموولایەک هاوهەڵوێست بین لەسەر ڕاگرتنی ئەو حاڵەتەو ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دێینە دەنگو لەو ڕووەوە بێدەنگ نابین».

ڕۆژی (١٠/٢٨) هێزە ئەمنییەکانی کوردستانو بەرپرسانی ئەمنیی دیالەو چەند بەرپرسێکی ئەمنیی عێراقیو نوێنەری کوردەکانی ناوچەکە کۆبوونەوەو لەو کۆبوونەوەیەدا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە جارێکی تر هێزە ئەمنییەکانی ناوچەکە بە تایبەتی (فەوجی پۆلیسی فریاکەوتنی جەلەولا) بە شێوەی پەنجا بە پەنجا لەنێوان کوردو عەرەبدا دابەش بکرێتو هاوکات پۆستی جێگری فەرماندەی فەوجی تەواری جەلەولا بدرێتە کورد، بەپێی وتەی فەرماندەی هێزەکانی دیالە؛ پێدەچێت لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێت.

ئەنوەر حسێن، بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا ئەو ڕێککەوتنەی بە باشزانی، بۆ ئەوەی هێزە ئەمنییەکانی هەرێمو عێراق بگەنە ئەنجامێک بۆ گەڕاندنەوەی ئەمنو ئاسایش لە ناوچەکەو چارەسەرکردنی کێشەکانو بە ڕۆژنامەی وت: «لەم قۆناغەدا حکومەتی عێراق پێویستی بە دەنگی کورد هەیەو هەلێک بۆ کورد ڕەخساوەو پێویستە نوێنەرانی کورد ئەو هەلە لەدەست نەدەنو بگەنە ڕێگە چارەیەک بۆ نەهێشتنی ئەو زوڵمو زۆرەی کە لە کوردەکانی حەوزی حەمرین دەکرێت، دەبێت پێش پێکهێنانی حکومەت ڕێککەوتن بکرێت لەسەر گەڕاندنەوەی هێزە ئەمنییەکانی کوردستان بۆ ناوچەکەو کێشەی ناوچەدابڕێنراوەکان کاری سەرەکیی لیستە کوردستانییەکان بێت، ئەگەر پشتگوێ بخرێت، ئەو ناوچانەمان لەدەست دەچن.

لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٩/٣١ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا، لیستی هاوپەیمانیی کوردستان (٦) کورسی پارێزگای دیالەی بەدەستهێنا، بەڵام تائێستا هیچ هەڵوێستیکیان نەبووە لەسەر ئەو مەترسییانەی کە لەم دووایییەدا ڕووبەڕووی خێزانە کوردەکان بوونەتەوە.

جەلیل ئیبراهیم، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کوردەکانی ناوچەکە بە تایبەتی جەلەولا، خۆیان کۆچدەکەنو خانووەکانیان دەفرۆشن، ڕاستە ئاگاداری ئەو ڕەوشە نالەبارەین، بەڵام تائێستا کەس سکاڵای لای ئێمە نەکردووەو ئێمەش هیچ هەنگاوێکمان بۆ ئەو مەسەلەیە نەناوە».




# ئەمریکا، فشار لەسەر کورد دروستدەکات

بەرهەم خالید

پێکهێنانی حکومەتی عێراق، لەکۆتایی نزیکدەبێتەوەو چەند سەرچاوەیەکیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەمریکا پشتگیریی عەلاوی دەکاتو گرەنتی داوەتە کورد بۆ هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ عەلاویدا.

ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی چاپی لەندەن، بڵاویکردەوە کە ئەمریکا ترسی لە پرۆژەی ئێران هەیە لە عێراق، بەتایبەت کە لەژێر گوشاری ئەو وڵاتەدا، هەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو سەدرییەکان یەکیانگرت بۆ پێکهێنانی حکومەت، بۆیە پێی باشە کە کورد پشتگیریی لیستی ئەلعێراقییە بکاتو لەبەرامبەردا گرەنتی دەداتە کورد.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، هەریەکە لە باراک ئۆباماو جۆزێف بایدن، پەیامی دەنگییان ئاراستەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم کرد بە مەبەستی پێکهێنانی حکومەتو هەروەها ئەیاد عەلاویش سەردانی هەرێمی کردو لەگەڵ بارزانی کۆبووەوە ئەوەش ئاماژەی نزیکبوونەوەی ئەو دوو لیستەیە، پێش کۆبوونەوەی سەرۆک لیستەکان کە بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا سازبکرێت، بە مەبەستی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق.

د. مەحمود عوسمان، پەرلەمانتاری عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە ئێستادا دوو ئەگەر هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەت، یان ئەوەیە کە هەموولایەک بەیەکەوە بتوانن حکومەت پێکبهێنن، بەتایبەت کە لە ئێستادا دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم، گفتوگۆی لەسەر دەکرێتو چەند کۆبوونەوەیەک ئەنجامدراوەو ئەگەر نەشتوانن، دەبێت حکومەتی زۆرینە پێکبێت بەپێی کوتلەی پەرلەمان، ئەوەی تائێستاش دەرکەوتووەو بەپێی وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی، کورد لە لیستەکەی مالیکییەوە نزیکترن وەک لە عەلاوی، هەرچەندە ئەوەش پێویستی بە گفتوگۆی زیاتر هەیەو چاوەڕوان دەکرێت، تا کۆتایی ئەم هەفتەیە ڕوون بێتەوە کە حکومەتەکە بە چ شێوازێک پێکدەهێنرێتو کورد لەگەڵ چ لایەنێک هاوپەیمانی دەبەستێتو پشتگیریی کێ دەکات.

ئەو پەرلەمانتارە، ئەوەشی ڕاگەیاند: نامەی شەفەویی ئۆباماو بایدن گەیشتووەتە سەرۆکی هەرێمو ئەوان ڕایانوایە کە حکومەتێک پێکبێت بە بەشداریی مالیکیو عەلاویو کوردو تێبینییان لەسەر ڕەوتی سەدرییەکان هەیەو حەزناکەن بەشداریی حکومەت بکەن: «لەبەرئەوەی ئەمریکا ترسی لە ئێران هەیە کە کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق بکات، چونکە ئەگەر مالیکیو سەدر حکومەت پێکبهێنن، ئەگەرچی کوردیشیان لەگەڵ بێت، ئەوا ڕۆڵی ئێران فراوان دەبێت، بۆیە پێیان باشە هەموو لایەنەکان بەشداریی پێکهێنانی حکومەت بکەن».

لە ئێستادا، مەسەلەی دابەشکردنی پۆستە سیادییەکانی، وەک سەرۆک وەزیرانو سەرۆک کۆمار، کێشەی سەرەکیی نێوان لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی ئازاری ڕابردووی عێراقەو بەو هۆیەوە ماوەی (٧)مانگە نەتوانراوە حکومەت پێکبهێنرێت، هەریەکە لە لیستی عێراقییەو دەوڵەتی یاسا، ململانێ لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیران دەکەنو کوردیش داوای پۆستی سەرۆک کۆمار دەکات.

د. مەحمود عوسمان، لەوبارەیەوە دەڵێت: «پێدانەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار بە کورد، دەوەستێتە سەر جۆری پێکهێنانی حکومەتەکە، ئەگەر لە هەموو لایەنەکان پێکبێت، ئەوا ئەو پۆستە زەمان نییە کە بدرێتە کورد، لەبەرئەوەی کە ئەگەر لیستی عێراقییە بە سەرۆکایەتی مالیکی قایل بن، ئەگەر هەیە لە بەرامبەردا چاویان لە پۆستی سەرۆک کۆمار بێت، بەڵام ئەگەر حکومەت بەو شێوەیە بێت کە مالیکی حکومەت پێکبهێنێت بە هاوکاریی کورد، ئەوا تا ڕادەیەکی باش، ئەو پۆستە بۆ کورد مسۆگەر دەبێت».

# ناوچە جێناکۆکەکانو کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم

سەربەرز گەرمیانی

پەرلەمانی کوردستان ماوەی دوو مانگ زیاترە پرۆژەی دامەزراندنی (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان)ی هێناوەتە بەر باسو گفتوگۆ لەسەر کردن، ئەمە لەکاتێکدا بە چەندان پرۆژەیاسای گرنگو هەستیار کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی هاوڵاتییانەوە هەیە لە گشت ڕووەکانەوە پشتگوێ خراوەو لەناو چەکمەجەی مێزو لەسەر ڕەفەی دۆڵابی ناو ژوورەکانی بینای پەرلەماندا تۆزی لەبیرچوونەوەو گوێپێنەدان قەتماغەی کردووە بەسەریانەوە!!!. جا دەبێت مەبەست چی بێت لە هێنانە گۆڕێی ئەم پرۆژەیە بەم گەرموگوڕییە، مکوڕبوونی سەرکردایەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە دامەزراندنی ئەم کۆمسیۆنە بەم پەلە پڕۆزییە لەسەر بنەمای بەشبەشێنەکەی نێوانیانو بێبەریی کردنی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانو کەسایەتی پرۆفشناڵو شارەزا لە نوێنەرایەتی تیایدا، دواجار ترسناکیی هەنگاوێکی لەم جۆرە لەم بارودۆخە سیاسییەی هەرێمی کوردستان بە گشتییو ناوچەجێناکۆکەکان بە تایبەتی پێیدا تێدەپەڕێت، ئاخۆ ئەو دەرئەنجامە سلبیو نەخوازراوانە چی بن کە لەپشت پەردەوە خۆیان مەڵاس داوە؟؟!!

دیارە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە لەسەر ڕێنمایی چەقی بڕیاری هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە ئەجێندای کاری دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، ناتوانین لە باشترین حاڵەتدا لە رووکەشێکی (واجهە) دەمامککراوی چەقەکانی بڕیاری ئەم دوو حیزبە زیاتر بیشووبهێنین، لەکاتێکدا ئەم سەرۆکایەتییە هەنگاوێکی وا چارەنووسساز دەگرێتەبەر وەکو لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتی ئەم دەزگا یاسادانەرە، دیارە بە دیوە سیاسییەکەیدا بڕیاری بەرزترین لوتکەی دەسەڵاتی ئەم دوو حیزبەیە، بۆیە وروژاندنو خستنەڕووی ئەم پرۆژەیاسایە لە ناوەڕۆکدا کرۆکو مەغزایەکی سیاسیی لەپشتەوەیەو بە ڕێنمایی ڕاستەوخۆی سەرکردایەتی سیاسیی کورد کراوە.

گەر ئاوڕێک لە ئەداو هەڵوێستی سیاسیی ئەم سەرکردایەتییە بدەینەوە سەبارەت بە ناوچەدابڕاوەکانی هەرێمی کوردستانو لە پێشیانەوە کەرکوک، یەکەم هەڵوێستی سازشکارانەیان مۆرکردنو دووپاتکردنەوە لەسەر ناولێنانی بە (ناوچەجێناکۆکەکان) بوو، لەپاشاندا پشتگوێخستنو لە بیرکردنی کەیسی ئاوارەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانو بایەخدان بە بواری پەروەردەو فێرکردن بە زمانی دایکو... هتد هاوکات سەرهەڵدانی کەشو بارودۆخێکی ئەمنیی شێواو و بگرە ترسناک لەو ناوچانەو کاری تیرۆریستیو تۆقاندن بە هەموو شێوەو شێوازەکانییەوە، سەرباری قورسییو گرانیی باری بژێوییو نەبوونی هەلی کارو... هتد کە سەرەنجام نەک هەر کۆچی پێچەوانەی ئاوارە گەڕاوەکانی بەدوادا هات، بەڵکو دانیشتووانە کوردەکەی کە تاکو ساتی ئەنجامدانی (پرۆسەی ڕزگاریی عێراق) لە زێدو مەڵبەندی خۆیان مابوونەوە، ناچارکرد لە زێدی بنەڕەتییان دەرپەڕێنرێنو ملی ڕێی ئاوارەییو دەربەدەریی بگرنەبەر، ئەم شەپۆلی کۆچە بەرفراوانە لە حاڵی حازردا هاوکاتە لەگەڵ دیاردەی گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکانو ژمارەیەکی زۆری عەرەبی دیکە، کە لە ناوچەکانی ناوەڕاستو باشووری وڵات بەرەو ئەم ناوچانە دێنو تێیدا نیشتەجێ دەبن.

دیارە سەرکردایەتییەک ئەمە هەقیقەتی هەڵوێستو سیاسەتی بێت سەبارەت بەم ناوچانە، تەوژمی شۆڤێنیستی عەرەبیو تورکمانیو ئایینیو مەزهەبیی توندڕەو شەویان نابێتە دەم ڕۆژەوە لە پیلانگێڕان دژی گەڕانەوەی ئەم ناوچەدابڕاوانە بۆ سەر سنووری خۆرسکی هەرێمی باشووری کوردستان، کە لەدوا پلانیان هەروەکو لەم ڕۆژانە لەسەر زاری وەزیری پلاندانانی عێراقی عەلی بابان، ئەوە بڵاوکرایەوە؛ کە (خانەی نەتەوە) لە فۆرمی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان بڕیاری لابردنی دراوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەتوانین بڵێین، دوا بازنەی پیلانەکەیە دژ بەو ناوچانە، چونکە هەر مەبدەئییانە تێهەڵکێشکردنی ئەم پرۆسە شارستانییە واهاتووە (متبع) بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی بە لاڕێدابردنی پرۆسەکەیە بە ئاقارێکی سیاسییو ململانێی نەتەوایەتی، ئامانج لێی زەرەرگەیاندنی سیاسییە بە پرسی چارەنووسی ئەم ناوچانە، چونکە دوای تێپەڕبوونی (١٣) ساڵ بەسەر دوا سەرژمێریی، کە لە ساڵی (١٩٩٧)ی زایینیدا ئەنجامدراوە لە سەردەمی تەعریبکردنو ڕاگواستنی دانیشتووە کوردە ڕەسەنەکەی ئەو ناوچانە، سەرژمێرییەکی وردوو بە دیقەت بۆ زانینی ژمارەو ڕێژەی کورد لەو ناوچانە پێویستییەکی لە ڕادەبەدەری ئەمڕۆیە لە پێناوی یەکلاییکردنەوەی ئەم پرسە.

لە دواجاریشدا هەوڵەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ پێکهێنانی (کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان) لەسەر ئاستی هەرێم، دەلالەتو ئاماژەیەکمان پێنادەن، ئەم هەنگاوەی دوایی سەرەنجامی سازشو ڕێککەوتنێکی ئەم سەرکردایەتییە سیاسییەمان بێت لەگەڵ ناوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتییو ئیقلیمی، بە دەستهەڵگرتنو دەستبەردان لە پرسی ناوچەدابڕاوەکانو (تەسلیمکردنی قەڵاکە بەبێ تەقە).

لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس، پێکدێت 10

## خراپبوونی ئاسایشی کەرکوک، پەلیکێشاوە بۆ ڕفاندنو دزینی سامانی هاوڵاتییان

# «دووکچی ڕفێنراو، بە پێنج تیرۆریست گۆڕدرانەوە»

ڕۆژنامە– کەرکوک



بارودۆخی ئەمنیی پارێزگای کەرکوک، بەرەو دۆخێکی مەترسیدار ڕۆیشتووەو لە ئەنجومەنی پارێزگاشدا، کێشەیەکی نوێی لەنێوان کوردو عەرەبو تورکماندا خستووەتەوە.

تا دێت ڕەوشی ئەمنیی پارێزگای کەرکوک بەرەو خراپبوون دەڕواتو دوایین ڕووداوی هێرشکردنە سەر ئاڵتوون فرۆشەکانی بازاڕی عەسریی شاری کەرکوکیش، کە لە دووری کەمتر لە (٢٠٠)مەتر لەبینای بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی کەرکوکەوە ئەنجامدرا، ڕۆڵی هێزەکانی پۆلیسی لە بەرقەرارکردنی ئەمنو ئاسایشی شارەکەدا، خستووەتە ژێر پرسیارەوەو ئەنجومەنو ئیدارەی کەرکوکیش لەکۆبوونەوەیەکی نائاسایی داخراودا، لێپرسینەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنیی شارەکەدا کرد،

### هێرشکردنە سەر بازاڕی عەسرییو ڕفاندنی دوو کچی کاکەیی

سەعات (٦)ی ئێوارەی ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو، ژمارەیەک چەکداری نەناسراو کە (٣) ئۆتۆمبیلیان پێ بوو، بە چەکی قورسو سوک، هێرشیان کردە سەر ئاڵتوون فرۆشەکانی بازاڕی عەسریی شاری کەرکوکو دوای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پۆلیسدا بۆماوەی نزیکەی (٢٠) دەقیقە، ژمارەیەک دوکانی بازاڕەکەیان بڕیو (٩)پۆلیسو هاوڵاتییان کوشتو (١٢)ی دیکەیان بریندار کرد، لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەشدا تەنیا یەک چەکدار کوژراو کەسێکی دیکەشیان بە بریندارییی لەلایەن پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوکەوە دەستگیرکرا، بۆ ڕۆژی دواتر لە گەڕەکی واستی شاری کەرکوک، ژمارەیەک چەکدار بە دوو ئۆتۆمبێلی جۆری (ئۆپڵ وBMW) هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتییەکی کوردی کاکەیی بەناوی وەلیدو بە کەلەپچەکراوی، دووکچی ناوبراویان فڕاند کە تەمەنیان لەنێوان (١٥–٢٠)ساڵدا بوو.

### لێکۆڵینەوەکانو دەستگیرکردنی هێرشبەران

لەکاتی ڕووداوەکەدا، کەسێک لەلایەن بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانەوە بە ناوی (عامر) بریندارکراو دەستگیرکرا، دوای لێکۆڵینەوە کە پۆلیسی قەزاو ناحیەکان لەگەڵیدا، ئەنجامیانداوە، (٦)کەسی دیکەی باندەکە دەستگیرکران کە سیانیان خەڵکی دیالەو سیانیان خەڵکی چەمچەماڵ بوون، کە بە وتەی بەرپرسە ئەمنییەکان، هەندێکیان ئەندامی ئەنسارولسوننە بوونو هەندێکی تریشیان کارمەندی ئاسایشی یەکێتی بوون لەچەمچەماڵو دوای ئەنجامدانی کردەوەکە بە ئۆتۆمبێلەکەیانەوە گەڕاونەتەوە بۆ چەمچەماڵ، بەپێی لێدوانی عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکان، زیاتر لە (١٠)چەکدار بەشداریی کردەوەکەیان کردووەو هەندێکیان هێشتا دەستگیرنەکراون.

### ململانێی بەرپرسانی ئەمنیی لەسەر دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان

عەمید سەرحەد قادر، بە ڕۆژنامەی وت: «ئێمە (عامر)مان دەستگیرکردووەو بەر لەهەموو کەسیش، خۆمو پاسەوانەکانم گەیشتووینەتە سەر ڕووداوەکەو لێکۆڵینەوەمان لەگەڵدا ئەنجامداوە، ئەگەریش من نەبوومایە، وەک ڕووداوەکانی دیکە بەنادیاریی دەمایەوە». دوو ڕۆژ دوای ڕووداوەکە، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک لەگەڵ لیوا تۆرهانی جێگرییو بەئاماژەدانێکی لاوەکی بە ڕۆڵی عەمید سەرحەد باسیان لە ڕووداوەکە کردو سەرچاوەیەکی ئاگاداریش بە ڕۆژنامەی وت: بەهۆی ڕووداو و هەڵوێستەکانی لیوا جەمالەوە لە دوای ڕووداوەکە، ساردیی کەوتووەتە نێوان ناوبراو و عەمید سەرحەد قادرەوە، چونکە وەک سەرچاوەکە ئاماژەی پێدا، دەبوو لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا، عەمید سەرحەد ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بڵاوبکردایەتەوە، چونکە ئەو ئەنجامەکانی بەدەستهێنابوو، هەمان ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی وت: «لەکاتی پەلامارەکەدا، بەرپرسانی ناو بەڕێوەبەرێتیی پۆلیس، داوایان لەپاسەوانەکانی ناو بەڕێوەبەرێتیی پۆلیس کردووە، کە تەنیا ڕێگە لە چەکدارەکان بگرن، کە نەیەنە ناو بەڕێوەبەرێتییەکەوەو تەداخول لە هێرشی سەر بازاڕەکە نەکەن»، ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی ئاشکرا کرد: «کە هێزی بەشداریی خێرا هەیە لەناو بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسو ژمارەیان (٦٠)کەسەو بەشداریی ڕووداوەکەیان نەکردووە، کە تەنیا بەپیادە کەمتر لەدوو خولەک لەشوێنی ڕووداوەکە دوورن، لەکاتێکدا لەکاتی ئەو جۆرە ڕووداوانەدا ئەوە ئەرکی ئەوانە کە خێرا بەشداریی بکەن».

ئەمە لەکاتێکدایە، لە سەرچاوەی زانیاریی تایبەتەوە کە لەناو هێزەکانی پۆلیسدا، ڕۆژنامە زانیویەتی، ماوەیەکی زۆرە بازاڕی عەسریی لە ڕووداوێکی لەم جۆرە ئاگادار کراونەتەوەو هەڕەشەیان لێکراوە کە پۆلیس ئاگاداری هەڕەشە پێشوەختەکانەو چەند مانگێک بەر لەئێستا، بڕیاردراوە کە هێزێکی پۆلیس پاسەوانی ئەو بازاڕە بکات، بەڵام بڕیارەکە کاری پێنەکراوەو پشتگوێخراوە.

> «چەند مانگێک بەر لە ئێستا، بڕیاردراوە کە هێزێکی پۆلیس پاسەوانی ئەو بازاڕە بکات، بەڵام بڕیارەکە کاری پێنەکراوەو پشتگوێخراوە»



### هەڵوێستی ئەنجومەنو ئیدارەی کەرکوک

ڕۆژی (٢٠١٠/١٠/٣١) ئەنجومەنو ئیدارەی پارێزگای کەرکوک،کۆبوونەوەیەکی نائاساییان ئەنجامداو بانگهێشتی فەرماندەی پۆلیسی کەرکوکو جێگرەکەیو ژمارەیەک ئەفسەریان کردو (٤)سەعات دوور لەچاوی کامێراو میدیاکان، کۆبوونەوەکە بەداخراویی بەڕێوەچوو، سەرچاوەیەک لەناو کۆبوونەوەکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەکۆبوونەوەکەدا، ئەندامانی ئەنجومەن بەتوندی لێپرسینەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنیی کردووەو ژمارەیەکیان بەسەر مێزیانداداوەو داوای دەستلەکارکێشانەوەی بەڕێوەبەری پۆلیسیان کردووە، ئەویش پێی وتوون، ئەگەر ئەنجومەن بیەوێت، دوای ئەوەی کە مەرجەعی خۆم ئاگاداردەکەمەوە، ئامادەم دەست لەکار بکێشمەوە»، هەمان ئەو سەرچاوەیە، وتیشی: «عەمید خەتاب عومەری بەڕێوەبەری پۆلیسی ئامادەی کەرکوک، بەتوندیی وەڵامی ئەندامانی ئەنجومەنی داوەتەوەو بەوهۆیەوە کوتلەکانی عەرەبو تورکمان، کۆبوونەوەکەیان جێهێشتووە».

دوای بەجێهێشتنی کۆبوونەوەکە، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشدا کە عەرەبو تورکمانەکان بەیانێکی هاوبەشیان خوێندەوەو تیایدا هاتووە: «لەکاتێکدا ئەنجومەن کۆبووەتەوە بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی خراپی ئەمنیی، بەڕێوەبەری پۆلیسی ئامادەی کەرکوک هێرشی کردووەتە سەر ئەندامانی ئەنجومەنو بەداخەوە، سەرۆکی ئەنجومەن بێدەنگ بووە لە پارێزگاریکردن لەئەندامانی ئەنجومەنو پیشەکەی خۆی، بۆیە کۆبوونەوەکەمان جێهێشتووەو بەرپرسیارنین لە دۆخی ئەمنییو تەنیا لیستێکی دیاریکراوی ناو ئەنجومەن ئۆباڵی ڕەوشی ئەمنیی لە ئەستۆیە».

هەردوو کوتلەی عەرەبیو تورکمانی ڕایانگەیاند: «داوای دەستلەکارکێشانەوەی بەڕێوەبەری پۆلیسی ئامادەی کەرکوکو پیاچوونەوە بە هەیکەلی ئەمنیدا دەکەینو بەهۆی شکستی هێزە ئەمنییەکانەوە، داوای هێنانەناوەوەی سوپای فیرقەی (١٢) دەکەین»، هەرلەبارەی کۆبوونەوەکەوە، عەلی ساڵەیی، ئەندامی لیستی برایەتیی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەموو لایەنەکان، بە بەرپرسانی ئەمنیشەوە درک بەبوونی کەموکووڕیی لەسلکی ئەمنیدا دەکەینو لەکۆبوونەوەکەدا هەرلایەنەو قسەی خۆیان کردووەو دەستنیشانی کەموکووڕییە ئەمنییەکانیان کردووە، بڕیاریشدراوە کە لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە خەلەلەکان پێکبهێنرێتو هیوادارین بەزوویی بگەینە ئەنجام».

### گۆڕینەوەی دوو کچە ڕفێنراوەکە بە پێنج تیرۆریست

دوای ڕفاندنی دوو کچی کاکەیی لە ڕۆژی (٢٨)ی ئەم مانگەدا لە گەڕەکی واست، کوشتنو بریندارکردنی دووان لە ڕفێنەرەکان لەلایەن باوکی کچەکانەوە، هەمان ڕفێنەرانی ئەو دوو کچە، لە ڕێگای تەلەفۆنەوە پەیوەندییان لەگەڵ پۆلیسی کەرکوک بەستووەو لەبەرامبەر ئازادکردنی دوو کچەکەدا، داوای ئازادکردنی (٥) ئەندامی ژنی گرووپی ئەنسارولئیسلامیان کرد کە مانگێک بەر لەئێستا لەلایەن پۆلیسی کەرکوکەوە بە تەقەمەنییو بەڵگەنامەی ڕێکخراوەکەوە دەستگیرکرابوون، سەرچاوەیەکی ئاگاداریش لە پۆلیسی کەرکوک بە ڕۆژنامەی وت: «ئەو پێنج ژنە تیرۆریستە دەستگیرکراون، تاوانەکانیان بەسەردا ساغبووەوەو بەمادەی (٤)ی تیرۆر مەحکوم بوون، بەڵام بەبێ وەرگرتنی کەفیل، ڕۆژی (٢٩)ی مانگ لەگەڵ دووکچە کاکەییە ڕفێنراوەکە، ئاڵوگۆڕیان پێکراوەو ئازادکراون».

### هاوڵاتییان، متمانەیان بە پۆلیس نەماوە

دوای ڕووداوی هێرشە چەکدارییەکەی سەر ئاڵتوونفرۆشەکانی بازاڕی عەسریی، ترسو نیگەرانیی لەلای هاوڵاتییان دروستبووەو هاوڵاتییان متمانەیان بە پۆلیس نەماوە، هاوڵاتیی یوسف عیزەدین، تەمەن (٤٣)ساڵ کە دانیشتووی گەڕەکی ڕەحیماوای کەرکوکە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دوای ئەو ڕووداوە، متمانەمان بە پۆلیس نەماوە، چونکە ئەو کردەوەیە لەنزیک بەڕێوەبەرێتیی پۆلیس ئەنجامدراو ماوەیەک تیرۆریستان شەڕیان لەگەڵ پۆلیسدا کرد، بەڵام نەتوانرا ڕێگرییان لێبکەنو بەوهۆیەوە کاسبکارانو خەڵکی کەرکوک ژیانو ماڵیان لەمەترسیدایەو هیچ گرەنتییەکی ئەمنیی نییە بۆ هاوڵاتییان».

کەمال ڕەفیق، تەمەن (٣٨)ساڵیش، کە هاوڵاتییەکی تری دانیشتووی گەڕەکی ڕێگای بەغدای کەرکوکە، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە لە هەر وڵاتێکدا، ڕووداوێکی لەوجۆرە ڕوو بدات، وەزیر دەست لەکار دەکێشێتەوە، نەک بەرپرسانی ئەمنیی ناوخۆییو وتی: «بەڵام لەم وڵاتەی ئێمەدا هەر باکیان نییەو تەنانەت لەکاتی ڕووداوەکانیشدا بە هانای هاوڵاتییانەوە ناچن».

### باگراوندی ئەم ڕووداوانە

چاودێرێکی سیاسیی، وێڕای جەختکردنەوە لە بێتواناییو پۆلیس، باس لەوە دەکات، کە ئەم ڕووداوە گرێدراوی دۆخو کێشە سیاسیو ئیدارییەکانی پێشووترە، لەوبارەیەوە دانا عەسکەر، ڕۆژنامەنووسو چاودێر، بە ڕۆژنامەی وت: «هۆکاری سەرەکیی ئەم ڕووداوانە، بێتواناییو نەبوونی ئەزموونی هێزەکانی پۆلیسو بەرپرسانیەتیو دووریی و بێمتمانەیی نێوان پۆلیسو هاوڵاتیش، هۆکارێکی دیکەیەو ڕووداوێکی لەم جۆرەش، مایەی شەرمەزارییە»، وتیشی: «ئەم پەلامارە گرێدراوی کێشە سیاسییەکانەو هەوڵێکە بۆ شێواندنی دۆخی ئەمنیی کەرکوک، تا کورد ناچار بکرێت کە شارەکە بەجێبهێڵێت، لەکاتێکدایە کە بە بەرنامە کار بۆ کەمکردنەوەی کورد لەناوچە دابڕێنراوەکاندا دەکرێتو ڕۆژانە بەبیانووی باشبوونی دۆخی ئەمنیی کەرکوک، لەچاو پارێزگاکانی دیکەی عێراق، خێزانی عەرەب ڕەوانەی کەرکوک دەکرێن».

# بەپێی چەند بەڵگەنامەیەکی سوپای ئەمریکا، مەترسیی پێکدادانی پێشمەرگەو سوپای عێراق هەیە



راپۆرتی: رۆژنامە

بەڵگەنامەیەکی سوپای ئەمریکا ئاماژە بە مەترسیی سەرهەڵدانی شەڕی نێوان پێشمەرگەو سوپای عیراق دەکات‌و پسپۆڕێکی سەربازیش پێیوایە؛ کە هـەردوولا لەبەر چەند هۆکارێک نایەنەوێت شەڕی یەکتری بکەن.

لە درێــژەی ئـەو بەڵگەنامانەی سوپای ئەمریکا لـە سایتی ویکیلیکس، رۆژنـامـەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی راپۆرتێکی لە بارەی یەکێک لە بەڵگەنامەکانەوە ئامادەکردووە، کە ئاماژە بە مەترسیی سوپای ئەمریکا دەکات لە دروستبوونی شەڕو پێکدادان لەنێوان هێزەکانی سوپای عێراق‌و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچە سنوورییەکانی نێوانیان، بە تایبەت دوای کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠١١).

بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە، کە بـەرواری (٢٨)ی ئەیلولی ساڵی (٢٠٠٨)ی لەسەرە، ئاماژە بەوە کراوە؛ کە ئەگەر زۆرە ململانێ‌و رکەبەرییەکان لە ناوچەکانی هێڵی تەماسی کوردو عەرەبدا بە شێوەیەکی خێرا روو لە توندوتیژیی بکات لەپاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا.

بـەپـێـی راپـۆرتـەکـەی نـیـویـۆرک تایمز، پەیوەندییەکانی نێوان کوردو عەرەب لە ناوچەی تەماسی نێوانیان ئاڵۆز بووە تا ئەو هێندەی ژەنەراڵ رای ئۆدێرنۆ، کە ئەو کات بەرپرسی هێزەکانی ئەمریکا بووە لە عێراق بۆ رێگرتن لەو پێکدادانە لەنێوان پێشمەرگەو سوپای عێراقدا، زنجیرەیەک خاڵی پشکنینی دامـەزرانـدووە، کە پێشمەرگەو سوپای عێراق‌و ئەمریکای تیا بەشدار بووە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەگەری پێکدادانی بێ پلان، یان بەرنامە بۆ داڕێژراو لەنێوان ئەو دوو هێزەدا.

لە بەرامبەردا لیوا سـەروەر بەرزنجی، کە پسپۆڕێکی سەربازییە بە پلەی فەریق پێکدادانی نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق بەدوور دەزانێت‌و گرەنتی روونەدانی ئەو پێکدادانانەش دەبەستێتەوە بە پابەندبوون بە دەستوورەوەو بۆ رۆژنامە وتی: «لە دەستووردا پێشمەرگە دانی پێدانراوەو بەم دواییەش لێکتێگەیشتنی نێوان سوپای عێراق‌و پێشمەرگە بەرەو چارەسەرکردن رۆیشتووە، جگە لەوەی رێککەوتنی سیاسیش لەنیوان کـوردو لایەنە عێراقییەکاندا بەدی دەکرێت».

ئەو پسپۆرە سەربازییە ئاماژەی بەوەشدا؛ کە لە لایەک کێشەکانی عێراق ئەوەندە زۆرن وا لە حکومەتی ناوەندی دەکات هێرش نەکاتە سەر پێشمەرگەو لە بەرامبەریشدا هێزی پێشمەرگە کە لە هەوڵی دابینکردنی بودجەی پێشمەرگەیە ئەو کارە ئەنجام نادات.

لە بەڵگەنامەیەکی تری سوپای ئەمریکادا، کە بەرواری (٢٧ی مـانـگـی ئـەیلولی ٢٠٠٨)ی لەسەرەو رۆژنامە ئەمریکییەکە ئاماژەی پێدەکات؛ باس لە چیرۆکی کێشەیەکی نێوان پۆلیسی عێراقی‌و هێزە کوردییەکان دەکـات لە قـەزای خانەقین، کە بەهۆی دەستگیرکردنی ئەندامێکی دەزگا هەواڵگرییەکانی کوردەوە بووە، کاتێک بەرپرسێکی محەلیی خانەقین لە بنکەیەکی پۆلیس ئازادی کردووە دوای دەمەقاڵێ، پێکدادان لەنێوان هەردوو لادا دروست بووە، بە هۆیەوە چەند پێشمەرگەیەک بوونەتە قوربانیی، یەکێک لە چیرۆکەکانی تری ئەو بەڵگەنامانەی سوپای ئەمریکا سەردانی ئەسیل نجێفی پارێزگاری موسڵە بۆ ناحیەی بەعشیقە، کە وەک رۆژنامەی نیویۆرک تایمز ئاماژەی پێدەکات؛ کوردەکان بە هی خۆیانی دەزانن، پێشتر هیزەکانی ئەمریکا لە ئەگەری روودانی کارەساتێک ئاگادار کراونەتەوە، ئەگەر نجێفی سەردانی بەعشیقە بکات، سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی، نجێفی ئەو سەردانەی ئەنجامداوەو لە میانەی پشکنینی ئەو رێگەیەی کە پارێزگاری موسڵی پیا تێپەڕ دەبێت، هێزەکانی ئەمریکا بۆیان دەرکەوتووە کە پێشمەرگەو سوپای ئەمریکا وەک دوو هێزی هەماهەنگ لە خاڵەکانی پشکنیندا نەبوون، بەڵکو وەک دوو هێزی دژ بە یەک مامەڵەیان کردووە، کە لە ئامادەباشیدان بۆ یەکتری.

هاوکات پەرلەمانتارێکی مەسیحی پێشووی عێراق، کە پەیوەندیی توندی بە مەسیحییەکانی موسڵەوە هەیە ئاماژە بە بوونی کێشەو ململانێی نێوان هێزی پێشمەرگەو ناوچە مەسیحییەکانی دەوروبەری موسڵ دەدات.

ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا، کە پێشتر لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان پەرلەمانتاری عێراق بوو بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ کە لە مـاوەی چەند ساڵی رابـردوودا کێشە لەنێوان پێشمەرگەو سوپادا دروسـت بـووە، چونکە هـەردوولا ململانێیان کـردووەو سوپای عێراق پێشمەرگەی بە دەرکردنی مەسیحییەکان تۆمەتبار دەکردو پێشمەرگەش رەتی دەکردەوە، وتیشی: «پێشبینیی دەکرێت لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بارودۆخەکە خراپ بێت، بەهۆی ململانێ لەسەر دەسەڵات».

## مووچەی پلەباڵاکان، عێراق تووشی قەیرانی دارایی دەکات

# مووچەی هەر پەرلەمانتارێکی عێراقی، لە هاوتا ئەمریکی‌و بەریتانییەکەی زیاترە

راپۆرتی: هەستیار قادر



مووچەی پلەباڵاکان دەوڵەتی عێراق تووشی قەیرانی دارایی دەکات‌و لیستی عێراقییەش پرۆژەیەک بۆ کەمکردنەوەی ئەو مووچەیە پێشکەش بە پەرلەمان دەکات.

زیـادبـوونـی ژمـارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێی نوێنەرانی عێراق لە (٢٧٥) ئەندامەوە بۆ (٣٢٥) ئەندام، چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەی چەند ساڵی دهاتوودا قورساییەکی دارایی گەورە لەسەر عێراق دروست بکات‌و کاریگەریی زۆری هەبێت لەسەر ئەو رێـژەی کورتهێنانەی، کە ساڵانە لە بودجەی عێراقدا دروست دەبێت، بەوپێیەی هەر پەرلەمانتارێک مانگانە بڕی (٣٢) ملیۆن دیناری عێراقی وەردەگرێت، کە (١٢) ملیۆن‌و (٥٠٠) هەزاری مووچەی بنەڕەتییەو بـڕەکـەی تریشی بەسەر دەرماڵەی نیشتەجێبوون‌و پاسەوان‌و چەند دەرماڵەیەکی تردا دابەش دەبێت، کە ساڵانە تێکڕای بودجەی مووچەو دەرماڵەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەم ژمارەیەی ئێستایەوە دەگاتە (١٠) ملیارو (٤٠٠) ملیۆن دینارو ساڵانە هەر ئەندام پەرلەمانێکی عێراق (٣٨٤) ملیۆن وەردەگرێت، بەڵام بەبێ لێبڕینی رێژەی خانەنشینیی، ئەمە لە کاتێکدایە کە هاوتاکانیان لە بەریتانیا ساڵانە (٢٠٠) ملیۆن دیناری عێراقی (١٧٠) هەزار دۆلارو هاوتا ئەمریکییەکانیان (١٩٠) ملیۆن دینار (١٦٥) هەزار دۆلار وەردەگرن.

عـەبـدول خـزەیـر تاهیر، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی عێراقییە، پێیوایە؛ ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان مووچەو دەرماڵەی پەرلەمانتارو پۆست‌و پلە باڵاکانی دەوڵەتی عێراقیدا هەیە لەگەڵ مووچەی فەرمانبەری ئاسایی زۆرەو لە داهـاتـوودا بودجەی عێراق تووشی هەرەسهێنان‌و پووکانەوە دەکات‌و تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «کارێکی شیاو نییە کارمەندێکی ئاسایی حکومەت (١٥٠) هەزار دینار وەربگرێت، لەکاتێکدا لەسەر حیسابی ئـەوان پۆستە باڵاکان مووچەو دەرماڵەی زۆر وەردەگرن».

ئەمە لەکاتێکدایە لەدوای کۆتاییهاتنی هەموو خولێکی پەرلەمانییەوە هەر پەرلەمانتارێک بڕی (٨) ملیۆن‌و (٥٠٠) هـەزار وەک مـووچـەی خانەنشینی وەردەگرێت، کە لەم خولەوە بۆ خولەکانی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش بۆ هەر خولێک مانگانە (٢) ملیارو (٧٦٢) ملیۆن‌و (٥٠٠) هەزار لەسەر بودجەی عێراق دەکـەوێـت، ئەمە جگە لـەوە لە کۆمەڵەی نیشتمانیی کاتیدا (١٠٠) ئەندام‌و لە کۆمەڵەی نیشتمانیی دوای ئەویشدا کە بۆ مـاوەی کەمتر لە ساڵێک بوو (٢٧٥) ئەندام‌و لە ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووشدا (٢٧٥) ئەندامی تر خانەنشین کـراون، لەگەڵ ئـەوەی هەندێک لەو ئەندامانە دووبارە بوونەتەوە بە ئەندام پەرلەمان لە خولەکانی تردا، بەڵام دوو مووچە وەرناگرن.

ئالا سەعدون، سەرۆکی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراق، بە گرنگی دەزانێت لەو کێشەیەدا هەر باسی پەرلەمانتار نەکرێت، وەک ناوبراو ئاماژەی پێدەکات؛ وەزیرەکانیش هەمان مووچەیان بە زیادەوە هەیەو کەسیش لە عێراقدا ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی مووچەی خۆی دیاریی بکات‌و ئەو رێژەی مووچانە بە یاسا دەستنیشانکراوە، بەڵام سەرۆکی لیژنەی دارایی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران دانی بەوەدا نا، کە ئەو مووچە زۆرە لە داهاتوودا کێشە دروسـت دەکـات‌و بە گرنگی زانـی بۆ چارەسەرکردنی، پارەی پاسەوان‌و چەند دەرماڵەیەکی تری لێ کەمبکرێتەوە.

لەلایەکی تـرەوە، لیستی عێراقییە بـەنـیـازە لـەگـەڵ دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، پرۆژەیاسایەک بۆ کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتارو پلەباڵاکانی دەوڵـەتـی عێراقی پێشکەش بکات، لـەوبـارەیـەوە عەبدولخزر تاهیر، لە لیستی عێراقییە ئاشکرایکرد؛ کە بەنیازن لەدوای دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، کێشەی زۆری مـووچـەی پلەباڵاکان بـورووژێـنـن‌و پرۆژەیەک بۆ کەمکردنەوەی پێشکەش بکەن، وتیشی: «دەبێت دووبـارە چاو بـە خشتەو ریـزبـەنـدیـی مـووچـەدا بخشێنرێتەوە، تـا داهـاتـی عـێـراق دادپـەروەرانـە بـەسـەر هاوڵاتییاندا دابەشبکرێت، ئەو پەرلەمانتارەی عێراقییە ئاماژەی بە کێشەیەکی تریش دا سەبارەت بەوەی هەندێک لە پۆستە باڵاکانی دەوڵەت تائێستا بە یاسا رێـژەی مووچەکەیان دیارینەکراوەو مووچەش وەردەگـرن، وەک دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار».

# دەوڵەتی یاسا: مالیکی ئامادەیە، بچێتە بەردەم دادگا
# لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس، پێکدێت

راپۆرتی: رۆژنامە

حکومەتی عـێـراقـی، لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە بەڵگەنامەکانی سایتی ویکیلیکسی تایبەت بە عێراق پێکدەهێنێت‌و عێراقییەش داوای دانیشتنی بەپەلە دەکات‌و هاوکات، سەرکردەیەکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاساش، ئامادەیی نوری مالیکی بۆ چوونە بەردەم دادگا دەردەبڕێت.

لەپاش ئـەوەی کە هەفتەی رابـردوو، سایتی ویکیلیکسی سویدی، نزیکەی چوار هــەزار بەڵگەنامەی سوپای ئەمریکای سـەبـارەت بە رەوشــی عێراق لە دوای ساڵی(٢٠٠٣) بڵاوکردەوەو تیایدا ئاماژەی بە رەوشی مافی مرۆڤ‌و چەند نهێنییەکی پێشێلکردنی دابوو لە ناوەندی ئەمنیی‌و سەربازییەکانی عـێـراقـدا، داواکـاریـی لایەنە عێراقییەکان بەتایبەت عێراقییە بۆ لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە زیادیکردو لەو چوارچێوەیەشدا لیستی عێراقییە کە ئەیاد عەلاوی سەرکردایەتی دەکات، داوایەکی بە ئیمزای (٥٥) پەرلەمانتارەوە ئاراستەی د. فـوئـاد مـەعـسـوم، سـەرۆکـی کاتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە، تا کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی ئەو ئەنجومەنە سەبارەت بە بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس سـازبـدرێـت، تا لیژنەیەکی هەماهەنگ لـەگـەڵ ئەنجومەنی بـاڵای دادوەریـی عێراق‌و نەتەوەیەکگرتووەکان پێکبهێنن بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراقدا وەک فەرماندەی گشتیی هێزەچەکدارەکان لە عێراق.


تەڵال زەوبەعی


عەدنان سەراج

سەبارەت بەو داوایەش، تەڵال زەوبەعی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی عێراقییە، بـەدواداچـوون بۆ ئەو بەڵگانەی کە لە سایتی ویکیلیکس بڵاوکراونەتەوە، بە ئەرکێکی نیشتمانیی دەزانێت‌و بەگرنگی دەزانێت کە سەرجەم لایەنەکان ئەو لێکۆڵینەوانە ئەنجام بدەن‌و کاربکەن بۆ پاراستنی ماف‌و کەرامەتی هاوڵاتییانی عێراقی.

تەلال زەوبەعی، کە سەرۆکی یەکێک لە هۆزە بەناوبانگەکانی پارێزگای ئەنباریشە، تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەدڵنیاییەوە، ئەو پرسە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دەورووژێنین».

ئەم داوایەی لیستی عێراقییە کە هەندێک پێیانوایە، بۆ لێدانی چانسی مالیکی بۆ بوون بە سەرۆک وەزیرانە، هاوکاتە لەگەڵ بڕیارێکی حکومەتی عێراقی بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە بەڵگەنامەکانی سایتی ویکیلیکس بە سەرۆکایەتی دارا نورەدینی وەزیری داد، کە کوردە.

لەوبارەیەشەوە، سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی دادی عێراق کە نەیوست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، بە رۆژنامەی راگەیاند: «تا ئێستا، ئەو لیژنە تایبەتەی وەزارەتەکەی کە حکومەتی عێراقی بڕیاری پێکهێنانی داوە، بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ بەڵگەنامەکانی سایتی ویکیلیکس سەبارەت بە رەوشی مافی مرۆڤ لە عێراق‌و دەستوەردانی ئەمنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاروباری عێراق، ئەندامەکانی دەستنیشان نەکراون‌و بەرنامەی کاریشیان بۆ دانەنراوە».

هاوکات، ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات، وێڕای ئـامـاژەدان بە گومانی ئیئتیلافەکەی لە راستیی‌و دروستیی بەڵگەنامەکانی سایتی ویکیلیکس، ئامادەیی نـوری مالیکی بۆ چوونە بـەردەم دادگـا لەسەر ئەو پرسە نیشان دەدات‌و لـەو رووەوە، عەدنان سـەراج، سەرکردەی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە تا ئێستا بـەدواداچــوون بۆ ئەو زانیارییانەی کە لە بەڵگەنامەکانی ویکیلیکسدا هاتوون، نەکراوە، بۆیە تا ئێستا راست‌و دروستییان نەسەلمێنراوە.

عەدنان سەراج، تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئامادەیە کە بچێتە بەردەم دادگا، یان لەبەردەم هەر لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە ئامادەبێت لەسەر بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس، ئەگەر داوای ئەوەی لێبکرێت‌و مالیکی خۆی بە ملکەچی یاسا دادەنێت».

# ئەنباریش سامانەکەی نافرۆشێت

راپۆرتی: کاروان عومەر

بـەهـۆی گـرێـبـەسـتـی فرۆشتنی نـەوت‌وگـازەوە، کێشە دەکەوێتە نێوان پارێزگای ئەنبارو وەزارەتــی نەوتەوە، لەکاتێکدا کە پارێزگای ئەنبار دژی ئەو گرێبەستانە دەوەستێت‌و وەزارەتی نەوتیش، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تاکە لایەنی خاوەن بڕیارن.

لە پاش ئەوەی کە دوو هەفتە لەمەوبەر، وەزارەتـی نەوتی عێراق، دوو گرێبەستی لـەبـواری وەبەرهێنانی نــەوت‌و گازی سروشتی لە پارێزگای ئەنبار لەگەڵ دوو کۆمپانیای کازاغستانی‌و کۆریای باشووریدا ئیمزا کرد، ئەو هەنگاوە نارەزایی لێکەوتەوەو ئەنجومەنی ئەو پارێزگایە، جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەیان رەتکردەوە بەوپێیەی بە تێروانینی ئەوان، دەبێت ئیمزاکردنی ئەو گرێبەستانەو پرۆسەی وەبەرهێنانی سامانەکەیان بە هەماهەنگیی نێوان حکومەتی ناوەندی‌و ئیدارەی پارێزگای ئەنبار بێت‌و دەستبەجێ لە پاش راگەیاندنی ئەو هەڵوێستەش، حوسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق، جێبەجێکردنی ئەو داوایەی پارێزگای ئەنباری رەتکردەوەو رایگەیاند: «وەبەرهێنان‌و دەرهێنانی نەوت‌و گازی سروشتی لە سەرجەم عێراقدا، مافی حکومەتی فیدراڵییەو ناهێڵن کەس رێی لێبگرێت»، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی بڕگە یەک‌و دووی مادەی (١١٢)ی دەستووری عێراق، دەبێت حکومەتی ناوەندی لەگەڵ حکومەتی خۆجێییەکانی هەرێم‌و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت‌و گازدا، ئیدارەی ئەوسامانە دەرهێنراوانە بکات‌و پێکیشەوە سیاسەتی ستراتیژیی ویـنـادەکـەن بۆ پەرەپێدانی سامانی نەوت‌و گاز لە هەرێم‌و پارێزگاکاندا.

سەبارەت بە هەڵوێستەکەی پارێزگای ئەنباریش، د. موئەید زوبێر، راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبار، ئاماژەی بەوەدا، کە بەپێی برگەی دووی مادەی (١١٢)ی دەستووری عێراق، دەبێت وەبەرهێنان لە بـواری سامانە سروشتییەکان، بە هەماهەنگیی لەگەڵ پارێزگاکان ئەنجامبدرێت‌و تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «داوامان لە حکومەتی ناوەندی کردووە کە ئەو گرێبەستانە بە هەماهەنگیی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبار ئەنجامبدرێن، بەڵام وەزارەتی نەوتی عێراق ئەو بۆندانەی داوە بە دوو کۆمپانیای بیانیی، بەبێ ئەوەی راوێژ بە پارێزگای ئەنبار بکرێت».

راوێـژکـاری راگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبار، ئاشکراشی کرد؛ کە بەپێی رووپێوە جیۆلۆجییەکان، کێڵگەی نەوت‌و غازی سروشتیی گەورە لە پارێزگای ئەنباردا هەیە، بەڵام سەرجەم ئەو برە یەدەگانە کە ئاماژەی پێدەکەن، خەملێنراون‌و راستەقینە نین‌و پارێزگای ئەنبار گەورەترین پارێزگای عێراقە لە رووی گەورەییەوە، کە رووبـەری (١٣٨)هـەزار کیلۆمەتر دووجایەو ژمارەی دانیشتووانی،

> «دەستووری عێراق، بە پلەی یەکەم مافی وەبەرهێنانی لە بواری سامانە سروشتییەکاندا، تەنیا بە حکومەتی ناوەندی داوەو لە رووی ئەو مافەشەوە حکومەتی هەرێمەکان بە پلەی دووەم دێن»

یەک ملیۆن‌و (٤٣٠) هەزار کەسەو پێکدێت لە هەشت قـەزا، کە ئەوانیش قەزاکانی: ئەبوغرێب، فەلوجە، رومادی، عانە، هیت، حەدیسە، قائیم‌و رووتبەن.

هاوکات، وەزارەتی نەوتی عێراق، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە تاکە بڕیاردەری وەبەرهێنانی سامانی سروشتییە لە عێراقدا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بە سوودبینینی پارێزگای ئەنبار دەکات لە بـواری وەبەرهێنانی نــەوت‌و گازی سروشتیدا.

عاسم جیهاد، وتەبێژی وەزارەتــی نەوتی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: «وەزارەتی نەوت، تاکە لایەنە بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان لەبواری نەوتداو تاکە لایەنە کە مافی دارشتنی ستراتیژی نەوتی لەعێراقدا هەیە»و ئاشکراشی کرد: «وەزارەتەکەی بەرژەوەندیی ئەو پارێزگایانەی پاراستووە لە ئیمزاکردنی ئەو گرێبەستانەدا، بەوپێیەی مەرجی ئەوەیان داناوە کە (٨٥٪)کارمەندانی ئەوکێڵگانە، کرێکاری عێراقی بن، جگەلەوەی کە ئەو پارێزگایانە سوودمەند دەبن لە سیستمی پترۆ دۆلار کە پشکێک لە داهاتی ئەو کێڵگانە بۆ ئەو پارێزگایانە تەرخان دەکرێت».

هاوکات، لەگەڵ ئەو کێشانەدا، ئاستی نـارەزایـیـەکـان لـەسـەر پرسی نـەوت‌و گازی نێوان ئەنبارو حکومەتی ناوەندیدا بەرزتربووەوە تا ئەو هێندەی کە ئەحمەد ئەبوریشەی سەرۆکی ئەنجومەنی سەحوەی ئەنبار، لە لێدوانێکدا، هەڕەشەی ئەوەی کرد، کە رێگە نادەن هێڵی گواستنەوەی نەوتی عێراق-سوریا بە پارێزگای ئەنباردا تێپەڕێت، کە بەم دواییە لە میانەی سەردانەکەی نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ سوریا لەنێوان هــەردوو حکومەتی دیمەشق‌و بەغدادا رێککەوتنی لەبارەوە کراو لەلایەکی تریشەوە، پسپۆرێکی دەستووریی، ئاماژە بەوە دەکات، کە پارێزگاکان ناتوانن رێگربن لە وەبەرهێنانی نەوت‌و گازی سروشتی، بەڵام دەشبێت پرۆسەکە بە هەماهەنگیی نێوان هەردوولا ئەنجام بدرێت.

تـاریـق حــەرب، پـسـپـۆڕی بـواری دەستووریی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هیچ پارێزگایەکی عێراقی مافی ئەوەی نییە کە رێگریی بکات لە ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەکی وەبەرهێنان لە بواری سامانە سروشتییەکاندا، چونکە بەپێی دەستووریی عێراق، ئەو سامانە سامانێکی گشتییەو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەستووری عێراق، بە پلەی یەکەم مافی وەبەرهێنانی لە بواری سامانە سروشتییەکاندا، تەنیا بە حکومەتی ناوەندی داوەو لە رووی ئەو مافەشەوە حکومەتی هەرێمەکان بە پلەی دووەم دێن، چونکە هەریەک لە حکومەتی ناوەندی‌و حکومەتی هەرێمەکان، خاوەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن‌و یاسادانان‌و دادوەرین، بەپێچەوانەی پارێزگاکانەوە کە ئەو مافەیان نییە».

تاریق حـەرب، ئـامـاژەی بـەوەشـدا: «دەسـتـووری عێراق، تەنیا ئاماژەی بۆ ئەوە کـردووە کە هەماهەنگیی هەبێت لە نێوان حکومەتی ناوەندی‌و پارێزگاکاندا لەوبارەیەوە، نەک ئەو پارێزگایانە بەشداربن لە ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە بواری سامانە سروشتییەکان، وەک ئەوەی کە پارێزگاکانی ئەنبارو دیالەو واسـت‌و بەسرە داوای دەکەن، بەوپێیەی ئەو پارێزگایانە هەرێمی فیدراڵییان پێکنەهێناوە، تا ئەو کارە ئەنجام بدەن».


کێڵگەیەکی نەوت

# ڕۆشنبیرانی تورکیا «کۆمەڵگەی ئازاد»یان هێنایە هەولێر

ڕاپۆرتی: هیوا جەمال


یەکێک لە سیمینارەکانی کۆنفرانسەکە
فۆتۆ: ڕۆژنامە

دەیان ڕۆشنبیرو ئەکادیمیو سیاسییو پەرلەمانتار جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە گۆڕانکاریی بەردەوام هەیەو پێویستە کار لەسەر هەموو جومگەکانی ژیان بکرێت، تا «کۆمەڵگەی ئازاد» بەرهەم بهێنرێت.

لە کۆنفرانسێکدا، کە ڕۆژانی شەممەو یەکشەممەی ڕابردوو لە هەولێر ئەنجامدرا، خانەی حیکمەت بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی بە هاوکاریی (کۆمەڵەی فیکری لیبراڵ، ALT)ی تورکی گفتوگۆ لەبارەی چۆنییەتی هاتنە ئارای کۆمەڵگەی ئازاد کرا.

فـاروق ڕەفیق، بەڕێوەبەری خانەی حیکمەت وتـی: لـەدوای ڕووخانی بەعس خەوبینینێک بە ئازادییو بنیاتنانی کۆمەڵگەی ئازاد هەیە، بەڵام لە ئاستی فیکریی ڕەهەندەکانی کۆمەڵگەی ئازاد لە ڕووی تیۆرییو فکرییەوە تائێستا باسی لێوە نەکراوە.

خانەی حیکمەت پێنج ساڵە دامەزراوەو ئەمە چوارەمین کۆنفرانسە ئەنجامی دەدات، بەڵام بەڕێوەبەری خانەی حیکمەت لە وتاری کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا باسی ئەوەی کرد، پێدەچێت دوایین کۆنفرانس بێت، چونکە «مـاوەی (٣) مانگە لەلایەن حکومەتەوە مینحەکەمان بڕاوەو ئەگەر بەوشێوەیە بڕوات ناتوانین بەردەوام بین»، لەگەڵ ئەوەی فاروق ڕەفیق ئاماژەی بەوەشدا؛ کە بۆ (١٢) ساڵی داهاتوو بەرنامەی کارکردنیان ئامادەیە.

فاروق ڕەفیق، وتیشی: هیوادارین لە ڕێگەی ئەم کۆنفرانسەوە، بتوانین تیشک بخەینە سەر ڕەهەندەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

لەو کۆنفرانسەدا (١٠) لە توێژەرەکانی (ALT)، توێژینەوەکانی خۆیان پێشکەشکرد.

کۆمەڵەی فیکری لیبراڵ (ALT)، لە ساڵی (١٩٩٢) لە تورکیا دامەزراوەو چەندین کۆنفرانسو سیمیناری ناوخۆییو دەرەکیی ئەنجامداوەو کۆرسی بۆ خوێندکارانی ئەو وڵاتە کـردووەتـەوەو زیاتر لە (٢٠٠) چاپکراویان هەیە.

د.بیجان شاهین، بەڕێوەبەری کۆمەڵەکە، لە وتەی دەستپێکردنـدا باسی زەرورەتـی دامەزراندنی کۆمەڵەکەیانی کردو وتی: لە نەوەدەکانی ڕابـردوودا قۆناغێکی نوێ لە تورکیا دەستی پێکرد، لە ساڵی (١٩٩٣) تورکۆت ئۆزال، بە هەڵبژاردن حوکمی گرتەدەستو کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ئەنجامدا، بە تایبەت لە بواری ئابووریدا، بەڵام گۆڕانکارییەکانی ئۆزال، پێویستی بە پاڵپشتی فیکریی هەبوو، بۆیە ئێمە وەک کۆمەڵێک گەنج دەستمان بەم کارە کرد.

لـە کۆنفرانسەکەدا (١٠) سیمینار ئەنجامدراو کۆڵەکەکانی کۆمەڵگەی ئازادیان شیکردەوەو بیروڕای جیاواز خرایە ڕوو.

د.موستەفا ئاچار، لە سیمیناری «ئابووریی بازاڕی ئازادو فەزیلەتی بازرگانی ئازاد»، باسی ئەوەی کرد، کە دەتوانرێت لەم ڕووەوە ڕێ بۆ بەدیهاتنی کۆمەڵگەی ئازاد خۆشبکرێت، ڕوونیشیکردەوە، دەسەڵات دەتوانێت بازاڕی ئازاد دروست بکات، هەروەک بازاڕی ئازادی وەک یەکێک لە ڕێچکەکانی چوون بەرەو کۆمەڵگەی ئـازاد باسکرد، دەرئەنجامی باسەکەی ئەوەی شیکردەوە، کە دوو ڕێگە هەیە بۆ کـارکـردن، هێز یـان ئاشتی، کە د.موستەفا، ئاشتی وەک ڕێگەی سەرەکیی کارکردن بۆ خەڵکو حکومەت هەڵبژارد.

زۆرینەی بیروڕا زانستییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، ئەگەر پلان نەبێت، ناتوانرێت کاری سەرکەوتوو بەرهەمبهێنرێت، بۆیە د.لیڤینت کۆرکۆت، لە سیمیناری دووەمی ڕۆژی یەکەمدا باسەکەی بە ناونیشانی «پلاندانانی ستراتیژیی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی» پێشکەشکرد.

یەکێکی دیکە لە بنەماکانی کۆمەڵگەی ئازاد، دیموکراسییە، بۆیە د.بیجان شاهین لەوبارەیەوە سیمینارێکی پێشکەشکردو وتی: وەک دەڵێن: «دیموکراسی ڕووەکێکی ناسکی دەگمەنە»، گەورەترین مەترسیش بۆ ئەم ڕووەکە چڕبوونەوەی دەسەڵاتە، کاتێک هێزی ئابووریو هێزی سیاسیی لەلایەن دەسەڵاتەوە کۆنترۆڵکرا، ئەو کاتە چڕبوونەوە ڕوودەدات.

یاساناسەکان بـەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ناکرێت کۆمەڵگەیەکی مەدەنیو ئازادت هەبێت بێ ئەوەی یاسا تێیدا سەروەر بێت، لەوبارەیەوە سیمیناری «مافەکانی تاکو حوکمی یاسا» وەک پێویستیی کۆنفرانسەکە پێشنیازکراو د.بیلال چانەتان، گوزارشتی لە بۆچوونەکانی خۆی کرد لەوبارەیەوە.

> **دیموکراسی ڕووەکێکی ناسکی دەگمەنە، گەورەترین مەترسیش بۆ سەر ئەم ڕووەکە چڕبوونەوەی دەسەڵاتە**

د.بـیـلال چانەتان، باسی بنەماکانی یاساو قۆناغەکانی حوکمی یاساو تیڕوانینی لیبراڵی کرد، هەروەک لەم بارەیەوە ڕەخنەی لە وڵاتەکەی خۆی گرتو وتی: لە مادەی دووەمی دەستووری تورکیادا دەڵێت: «دەوڵەت دەوڵەتێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام حوکمی یاسا حوکمی دەکات»، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی کە لە واقیعدا ڕوودەدات، بریتییە لە سنووردانان بۆ حکومەت.

ئۆزلەم کاگلەر، بەڕێوەبەری کارگێڕیی (ALT) لە سیمینارەکەی خۆیدا بە شێوەیەکی گشتیی باسی کۆمەڵگەی مەدەنیو پەیوەندیی بە دیموکراسیو ئاشتییەوە کرد، هەروەها باسی فرەیی کردو چۆنییەتی تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی مەدەنی وەک کۆنسێپتێک شیکردەوە، دواتر سیستمی دیموکراتی لەسەر بنەمای کۆمەڵگەی مەدەنی بەراورد کرد، لەگەڵ ئەمانەشدا سروشتی مرۆڤو کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی شیکردەوە.

لە جیهاندا ئایینەکان بەشێکی گرنگی کۆمەڵگە پێکدێنن، زۆربەی ڕێچکە فکرییەکانیش فرەیی ئایین لە کۆمەڵگەی مەدەنی دەرناکەنو هەندێکیش وەک حەقیقەت لە قەڵەمی دەدەن، لەم ڕوانگەیەوە، «تیۆری لیبراڵ لەمەڕ ئازادیی ئایینییەوە» ناونیشانی سیمینارەکەی د.بیلال سەمبور بوو.

د.بیلال سەمبور، باسی ئەو چەمکە هاوبەشانەی کـرد، کە لەنێوان ئایین (بە تایبەت ئیسلام) لەگەڵ فیکری لیبراڵدا هەیەتی، نموونەشی بە (شورا)و (ئیجماع) هێنایەوە، وتیشی: دەکرێت لەم دووانە سوود وەربگیرێت بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئازاد.

بیلال لەسەر پرسیارەکانی (ئێمە کێین؟ لە کوێوە هاتووین؟ بۆ کوێ دەچین؟)، وەستاو، وتی: بە درێژایی مێژوو هەموو مرۆڤەکان ویستوویانە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، ئایینیش بۆ وەڵامەکانی دەگەڕێت.

بێگومان کۆمەڵگەی ئازاد بێ ڕیسککردنو ڕچەشکێنی نایەتە دی، لەم بارەیەوە پرۆفیسۆر بەهاتین کەرادیمیر، سیمیناری «ڕچەشکێنی لە کۆمەڵگەی ئازاد دا»ی پێشکەشکرد.

بەهاتین، سێرچی لە بـارەی هەرێمی کـوردسـتـانـەوە کـردووەو وتـارێـکی خوێندوەتەوە کە باسی ئـەوەی کـردووە؛ «هەولێر دەبێتە دوبەی» ، بەڵام پرسیاری کەرادمیر ئەوە بوو، کە کێ ئەو گۆڕانکارییە دەکات؟، کێ دەتوانێت ئەو دەستپێشخەرییە بکات؟، حکومەت یان کۆمپانیاکان، یان پرۆژە بچووکەکانی بازرگانی؟، هەر خۆشی دەڵێت: «من پێمواية خاوەن کارە بچووکەکان دەتوانن ئەو دەستپێشخەرییو ڕچەشکێنییە بکەن».

لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی دنیادا زانکۆکان مەڵبەندی بەرهەمهێنانی مەعریفەنو پشکی شێریان لە بەرەو بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگەدا هەیە، لەبەر ئەوەش باسێکی لەو شێوەیە ناکرێت لە کۆنفرانسێکدا نەبێت کە ناونیشانی «دیالۆگێک دەربارەی کۆمەڵگەی ئازاد» هەڵگرتبێت، باسێکی لەم شێوەیەی تێدا نەبێت. د.بەکر پیرات ئۆزپیک، باسەکەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردبوو ناوی «ماناو گرنگیی ئازادیی ئەکادیمی» لێنابوو.

د.بەکر پیرات، ئـەوەی شیکردەوە، کە پێویستە زانکۆکان وەک بەرهەمهێنەری مەعریفە کار بکەن، وتیشی: دەبێت زانکۆ سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت، پێویست ناکات حکومەت دەست لە کاروباری زانکۆ وەربدات.

پیرات، بە گرنگی زانی، لێکۆڵینەوەکانی زانکۆ لەلایەن حکومەتەوە پاڵپشتی دارایی بکرێن، نەک حکومەت دەست لە کاروباری زانکۆ وەربدات.

**لە ژمارەکـانـی داهـاتـوودا ڕۆژنامە دۆسییەیەک لە بـارەی «کۆمەڵگەی ئازاد» بڵاودەکاتەوە**

# ئەمڕۆ ئۆباما دەکەوێتەبەر نەشتەری هەڵبژاردن

شالاو فەتاح


باراک ئۆباما، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

ئەمڕۆ سێشەممە هەڵبژاردنی نیوەیی لە ئەمریکا دەکرێت. ئەم هەڵبژاردنە دوو ساڵ دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا ئەنجام دەدرێـت، واتـە هەموو چوارساڵ جارێکو دوو ساڵ دوای ئـەوەی ئەمریکا سەرۆکو جێگرەکەی هەڵدەبژێرێت، دووبارە لەسەر سندووقی دەنگدان بڕیار لەسەر چارەنووسی ئەندامانی کۆنگرێس بە پیرانو نوێنەران دەدرێـت، ئەمە جگە لە سەرۆکی زۆرینەی ویلایەتەکان، لەم هەڵبژاردنەدا بڕیار لەسەر دیاریکردنی تـەواوی (٤٣٥) کورسییەکەی نوێنەرانو (٣٣-٣٤) کورسی لە پیران، جگە لەوەی (٣٤) ویلایەت لە کۆی (٥٠) ویلایەتەکە بەڕێوەبەر هەڵدەبژێردرێن.

دیموکراتەکانی ئەمریکا لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێناوە، بۆ نموونە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیو نیوەیشیان بـردووەتـەوە. بەڵام ئەم هەڵبژاردنە پێدەچێت هاوکێشەکان بگۆڕێت. بەشێوەیەکی تەقلیدیی کێبڕکێی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لەنێوان لیبراڵو کۆنزەرڤاتیڤەکاندایە، واتـە دیموکراتو کۆمارییەکان، لە هەڵبژاردنی نیوەیی ساڵی (٢٠٠٦)و سـەرۆکـایـەتـی (٢٠٠٨) دا، کۆمارییەکان زۆر بە سەختیی دۆڕان، دیموکراتەکان توانییان بە سوودوەرگرتن لە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، واتە سیاسەتی جەنگی ئەمریکا بەرامبەر عێراقو ئەفغانستانو بێتوانایی ئیدارەی جۆرج بۆش لە گەشەپێدانی ئاستی ئابووریی وڵات وەرگرن، بەڵام تائێستاش کێشەی ئابووریی چارەسەر نەکراوە، لە هەڵبژاردنی ئەمسالداو بەهۆی بـەردەوامـیی کێشەی ئابووریی ئەمریکاوە، پێدەچێت ئەمجارە دیموکراتەکان تووشی دۆڕانێکی لە جۆری کۆمارییەکانی چوارساڵ لەمەوپێش ببنەوە.

ئەمە جگە لەوەی ئەمریکا لە سیاسەتی جەنگی خۆیدا لە ئەفغانستان سەرکەوتوو نەبووەو زۆرێک لە چاودێران جەنگەکە بە «شکست» ناودەبەن بۆ ئەمریکا.

کەمپەینی هـەردوو حیزبی کۆمارییو دیموکرات بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەندو هەریەکەیان دەیانەوێت دەنگی ئەوانە ببنەوە، کە هێشتا خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەی دیموکراتەکان لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی کۆمارییو جەماوەریشەوە ڕووبـەڕووی ڕەخنەی زۆر بوونەتەوە، بەڵام باراک ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ئەم هەڵبژاردنە وەک تاقیکردنەوەی دەنگدەران بۆ سەرۆکایەتی خۆی دەبینێت دەستیکردووە بە بانگەشەیەکی چڕوپڕ بۆ ڕاکێشانی گەنجەکانو درووستکردنەوەی ئەو گەرموگوڕییەی دوو ساڵ لەمەوبەر بۆ هەڵبژاردنی خۆی کردی، لە بەرامبەردا کۆمارییەکان سـەرەڕای ڕەخنەگرتن لە سەرۆکایەتی ئۆباما، هەوڵدەدەن بە کاندیدکردنی چەند ژن سەرنجی دەنگدەران ڕابکێشن، کۆمارییەکان پێیانوایە؛ ئەو بانگەشەیەی ئۆباما بۆ «گۆڕان» دەیکرد، گۆڕانێکی ئەوتۆی نەهێناوە، بگرە دیموکراتەکان شکستیان هێناوە لە چارەسەرکردنی چەندین کێشەی بنەڕەتی لە ئەمریکا.

چاودێرانیش ئـەم هەڵبژاردنە وەک تاقیکردنەوەیەک بۆ سەرۆکایەتی ئۆباما دەبینن و پێیانوایە؛ ئەمڕۆ سێشەممە دەنگدەران بڕیار لەسەر جۆری ئیدارەی ئەم سەرۆکەی ئەمریکا دەدەن، کە بە سەرکەوتنێکی مێژوویی هاتە سەر حوکم، ئێریک شرایڤی پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی جۆرج مەیسن لە لێدوانێکیدا بۆ دەنگی ئەمریکا پێیوایە؛ هەڵبژاردنەکە تاقیکردنەوەیەکە بۆ ڕێبازی سەرۆکایەتی بـاراک ئۆباماو دەنـگـدەران بە دەنگەکانیان مـاوەی ئەو دوو ساڵە هەڵدەسەنگێنن، بەڵام زۆرێک لە چاودێران پێیانوایە؛ کە شەقامی ئەمریکی تووڕەیە لە ئۆباماو لەم هەڵبژاردنەشدا ئەم تووڕەییە دەردەبڕێت، بۆ نموونە جانێت دیلای، وتارنووسی ڕۆژنامەی تەلەگرافی بەریتانی پێیوایە؛ ئەم هەڵبژاردنە پێدەچێت تەنانەت «سروشتی سیاسەتی ئەمریکا» بگۆڕێت، هەرچەندە تائێستاش دیموکراتەکان هیوایان بە بردنەوەی هەڵبژاردنەکە ماوە، بەڵام بەپێی داتاو ڕاپرسییەکان لەم هەڵبژاردنەدا بەختو دەنگی جەماوەر لەپاش ساڵانێکی زۆر، دووبارە ڕووی لە کۆمارییەکانە.

بودجەی عێراق، ناشەفافترینە لە جیهاندا 14

### هیومان رایتس ووٚچ: لێدوانێکی (٤٣٠)وشەیی، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ناسەلمێنێت

# ڕۆژنامەنووسانی هەرێم ڕووبەڕووی هەڕەشەی دەسەڵات بوونەتەوە

ئا: شاڵاو فەتاح

ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤی جیهانی هیومان رایتس ووٚچ ئاماژە بەوە دەکات؛ کە لەم چەند مانگەی دواییدا، ئەو رۆژنامەنووسانەی لە هەرێمی کوردستانی عـێـراق، رەخـنـە لـە دەســەڵات دەگـرن، رووبــەڕووی هــەڕەشــەو توندوتیژیی‌و دادگاییکردن بوونەتەوەو هەندێکیشیان وڵاتیان جێهێشتووە.

ڕێکخراوی هیومان رایتس ووٚچ، پێیوایە: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان، زامنی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆو شەفاف لە کەیسی کوشتنی رۆژنامەنووس، (سەردەشت عوسمان) بکات، بەجۆرێک کە بگاتە ئاکامی ناسینەوەو حوکمدانی گشت ئەوانەی بەرپرسیارن لەو کوشتنەو لێکۆڵینەوە لەلایەن کۆمیتەیەکی نەناسراوەوە، کە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم دروستیکردووە، ناتوانێت ئەنجامەکان بسەلمێنێت.

جۆی ستۆرک، جێگری بەڕێوەبەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی (HRW) دەڵێت: ئەم لێکۆڵینەوە نهێنییەی کەیسی کوشتنی سەردەشت عوسمان، بەتەواویی پێچەوانەی ئەوەیە کە پێویستە بکرێت‌و پێویستە حکومەتی کوردستان، بە توێژینەوەیەکی سەربەخۆو کراوە، بگاتە ئاکامی کوشتنەکە، بەجۆرێک کە لێکۆڵینەوەکە توێژینەوەی دەربــارەی تۆمەتی بەشداریی حکومەتی تێدابێت.

لێکۆڵینەوەیەکی نادیار، ئاکامی ئەوەبوو کە ئەنجامەکەی نەسەلماند، تەنانەت دوای ئاماژەکردنیش بە دانپێدانانی یەکێک لەوانەی بەتاوانبار دانـراون، شووناسی لیژنەکە بەنادیاریی ماوەتەوەو گرووپێکی ئیسلامیی چەکدار، واتە ئەنسارولئیسلام بە بەرپرسیاری ڕفاندن‌و کوشتنی سەردەشت عوسمان لەقەڵەمدراوە، ئەمەش دوای ئەوەی کە چەند وتارێکی نووسیوەو تێیدا رەخنەی لە بەرپرسانی حکومیی گرتووە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشەوە.

لێدوانە (٤٣٠)وشەییەکەی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە مـاوەتـەوەو لیژنەکە هیچ دیـدارێـکـی لەگەڵ خـێـزان‌و نزیکەکانی سەردەشتدا ئەنجام نەداوە.

لەدوای بڵاوکردنەوەی لێدوانی لیژنەی لێکۆڵینەوەوە لە (١٥)ی ئەیلولدا، خێزانی سەردەشت عوسمان دەڵێن: لەلایەن هێزە حکومیی‌و ئەندامانی حیزبە سیاسییەکانەوە، هەڕەشەیان لێدەکرێت لەبەر قسەکردن لەدژی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە.




### کوشتنی سەردەشت‌و هەڕەشە پەیوەندیدارەکان

لە (٢٠١٠/٥/٥)دا، کۆمەڵێک هێرشبەر لەبەردەم کۆلێجەکەی خۆی لە هەولێر، سەردەشتیان رفاند کە رۆژنامەنووس‌و خوێندکارێکی تەمەن (٢٣)ساڵ بوو و دوای رۆژێــک، لە رێگەیەکی نزیک بە موسڵ لاشەی دۆزرایەوە کە نیشانەی ئەشکەنجەی پـێـوەبـوو، دوو گوللەش بەسەریەوە نرابوو. خێزان‌و هاوڕێکانی پێیانوایە: سەردەشت، لەبەر رەخنەگرتن لە دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم‌و سەرۆکەکانیان‌و سیستمی حوکمیان، کـوژراوەو یەکێک لە ئەندامانی خێزانی سەردەشت کە لاشەی بینیبوو، وتی فیشەکێک بەدەمیەوە نراوە، کە خۆی‌و رۆژنامەنووسەکانی هەرێمیش بە ئاماژەی «بێدەنگبن»یان لێکدایەوە.

بەشدار، برای سەردەشت عوسمان، وتی: سەردەشت، دوای نووسینێکی ساتیری لەسەر خـانــەوادەی ســەرۆکـی هەرێم، رووبـەڕووی چەندین هەڕەشە بووەتەوە کە «باج»ی ئەو نووسینە دەدات، هەربۆیە وەک بەشدار دەڵێت: «ئـەو پێیوابوو کە لەهەر ساتێکدا بێت، بە تفەنگێکی بێدەنگ دەکوژرێت»و لەدوایەمین وتارییشیدا، باس لەوە دەکات کە چاوەڕوانی مردن دەکات.

خێڵان بەختیار، کە هاوڕێی نزیکی سەردەشت بووەو زۆرکات وتاریان بەیەکەوە نووسیوە، دەڵێت: چەند جارێک هەڕەشەی توندوتیژیی لێکراوە، ئەگەر نەوەستێت لە نووسینی وتاری «بێڕێزانە». خێڵان، دەڵێت: سەردەشت پێیوابوو، هەڕەشەکان لەلایەن دەزگـا موخابەراتییە حکومییەکانەوەن. خێڵان وتیشی: «نووسین لەسەر بارزانی‌و خێزانەکەی، تێپەڕاندنی هێڵی سوورە، ئەگەر شکاتت لێنەکرێت‌و دەستگیرنەکرێیت، ئەوە دەکرێت شتی خراپتر رووبدات».

لەدوایەمین کتێبیدا، دێنیس ناتالی، ئەکادیمییەکی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی نووسیویەتی، کە رۆژنامەنووسان بە تێپەڕاندنی «هێڵی سوور»و «رەخنەگرتن لە خێزانی بارزانی‌و تاڵەبانی»، یان راپۆرتدان لەسەر مامەڵە داراییەکانی حکومەت‌و بەرپرسان، خۆیان دەخەنە مەترسییەوە.

لە کتێبی «نیمچە-دەوڵەتی کوردی» کە لە تەمموزی (٢٠١٠)دا بڵاوبووەوە، ناتالی نووسیویەتی: «هەندێک رۆژنامەنووس دیارنەماون، دەستگیرکراون، یان کوژراون لەسەر تێپەڕاندنی هێڵی سوور».

دوای ئەوەی کە خێڵان بەختیار چەند پرۆتێستێک رێکدەخات بۆ کەیسی کوشتنی سەردەشت عوسمان، لەلایەن ئاسایشەوە ئاگادار دەکرێتەوە، «ئاسایش بانگی کردم‌و پێیانوتم، یارییەکی ترسناک دەکەیت، ئەگەر کەسێک تۆ بکوژێت، ئەوە بەرپرسیارێتی لەسەر ئێمە نییە، ئێمە ئاگادارمان کردیتەوە». خێڵان، لە سەرەتای ئەیلولی ئەمساڵدا، هەڵات بۆ ئەوروپاو داوای مافی پەنابەرێتیی سیاسیی دەکات.

### لێکۆڵینەوەیەکی نهێنی‌و تەواونەکراو

لە (١٥)ی ئەیلولدا، لیژنەیەکی نادیار کە چوار مانگ لەوەوپێش لەلایەن بارزانییەوە پێکهاتبوو بۆ لێکۆڵینەوە لـەو کەیسە، رایگەیاند کە سەردەشت عوسمان، لەلایەن گرووپێکی ئیسلامیی چەکدار بەناوی ئەنسارولئیسلامەوە کــوژراوە لەسەر ئەنجام نەدانی کارێک کە پەیمانی دابوو بۆیان جێبەجێبکات. لێدوانی لیژنەکە، دەڵێت: گومانلێکراو، دانی بە تاوانەکەدا ناوە کە سەردەشتیان بە دەست‌و چاوبەستراویی بۆ کەسانی ئەنسارولئیسلام لە موسڵ گواستووەتەوە.

ئـەنـسـارولـئـیـسـلام، نـکـوڵـیـی لە بەرپرسیارێتی کوشتنەکە دەکـات‌و لە لێدوانێکدا کە (٢١)ی ئەیلول بڵاوکرایەوە، وتوویانە: «ئەگەر یەکێک بکوژین، یان دەستگیری بکەین، خۆمان رایدەگەیەنین، نامانەوێت هیچ کەسێک درۆمان بەدەمەوە بکات».

جۆی ستۆرک، دەربـارەی نووسینێک کە لە رۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوبووەتەوەو باس لە «تۆڵەکردنەوە»دژی ئەوانەی رەخنەدەگرن، دەڵێت: «بۆ یەکێک لە حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان، ئەو بانگەوازە بۆ توندوتیژیی بڵاوبکاتەوە لە رۆژنامەیەکی فەرمییەوە، بەتەواوی قبوڵنەکراوەو رۆژنامەنووسان دەخاتە مەترسیی راستەوخۆوە».

# مایکڵ یۆن بۆ ڕۆژنامە: بۆ کوردو شیعە، جەنگی عێراق عادیلانە بوو

سازدانی: شاڵاو فەتاح

**مایکڵ یۆن، نووسەرو فۆتۆگرافەرێکی ئەمریکییە، لە سەرەتای هەشتاکانەوە بووە بە سەربازو دواتر بوو بە رۆژنامەونووس‌و لەدوای داگیرکردنی عێراقەوە، تەرکیزی خستووەتە سەر نووسینی سەربازیی. یۆن، چەندینجار وەک راپۆرتنووسی سەربازیی کاری کردووە، بەتایبەت لە جەنگی عێراقداو راپۆرتەکانی بوونە هۆی مشتومڕی زۆر لەگەڵ فەرماندەکانی سوپادا.**

**لە ساڵی (٢٠٠٨)یشدا، رۆژنامەی نیویۆرک تایمز، دەربارەی یۆن دەنووسێت، لە هەر رۆژنامەنووسێک زیاتر لەگەڵ سوپادا ماوەتەوە لە عێراق. لە ساڵی (٢٠٠٨)دا، یۆن دووەمین کتێبی خۆی بە ناوی «ساتی راستی لە عێراق» نووسی‌و هەر بۆ دووەم رۆژ چووە لیستی پرفرۆشترین کتێبەکانی ئەمازۆنەوە کە باس لە واقیعی جەنگی عێراق دەکات. لەم چاوپێکەوتنەدا، یۆن، بەشێوەیەکی گشتی باس لە جەنگی عێراق‌و تێڕوانینەکانی خۆی لەسەر ئەو جەنگە دەکات.**



**رۆژنامە: بابەوەدەستپێبکەین، تێڕوانینت لەسەر جەنگی عێراق چی بوو، ئایا جیاوازبوو لە جەنگەکانی تر، یان بەوجۆرە دەستپێکرد کە چاوەڕوانت دەکرد، هیچ شتێکی تایبەت یان بێهاوتای هەبوو؟**

* جەنگ، وەک ئاژەڵ وایە، هەر جۆرە ئاژەڵێک تایبەتمەندیی‌و جیاوازیی خۆی هەیە. ڤێتێرنەرێک، دەتوانێت رۆژێکی تەواو بەسەر بەرێت بە باسکردنی لێکچوونەکانی نـێـوان ئەسپ‌و فیل، رۆژی دووەمیش بەروونکردنەوەی جیاوازییەکانیان. نەمدەزانی چاوەڕوانی چی لە جەنگی عێراق بکەم، وادیارە ئەوانەی چاوەڕوانی ئەنجامێک بوون، بەدەستیان نەهێنا. جەنگ، وەک وەحشییەک وایە کە چاوەڕوانییەکان تێدەپەڕێنێت، تۆ سەیری ڤێتنام بکە.

**رۆژنـامــە: ئایا دیـدگـات دەربـــارەی پێویستبوونی ئەو جەنگە دوای بینینی واقیعی راستەقینەی جەنگەکە گۆڕا، یان بەجۆرێکی دیکە بیڵێین، ئایا ئامادەیت بێیتەوە بۆ عێراق، ئەگەر سەدامێکی دیکە دروستبێت؟**

* «پێویستی» چەمکێکی فرەمانایە. ئایا جەنگەکە بەڕاست «پێویست» بوو؟ ئاسانە لە رووی فەلسەفییەوە باس لەوە بکەین کە هیچ جەنگێک پێویست نییە، بەڵام واقیع رێگەی خۆی بۆ داخستنی ئەو دەروازە ئارامانە هەیە. بۆ هەر هۆیەکی ئاڵۆز بێت، ئەوە بڕیاردرابوو کـە ئێمە جەنگ لـە ئەستۆ بگرین‌و لە ئەستۆشمان گرت‌و ئەگەر سەدامێکی دیکەش لە جیلی داهاتوو، یان داهاتووتردا دروستبێت، لەوانەیە عێراقییەکان خۆیان ناچاربن بەتەنیا مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بەڵام هیوام وایە کە بتوانین یارمەتی عێراق بدەین لە ئێستادا کە بە کاتێکی تاڵدا تێپەڕدەبێت.

**رۆژنـامــە: وەک سەربازێکـە چی وای لێکردیت کە کتێبێک لەسەر جەنگی عێراق بنووسیت‌و بۆ نـاوت نـا «ساتی راستی لە عێراق»؟**

* من، پێنج ساڵ وەک سەرباز خزمەتم کـردووە، بەڵام لە عێراق سەرباز نەبووم، بەڵکو وەکو نووسەر لەوێ بووم‌و ئەگەر بەشێوەیەکی گشتیی قسەبکەین، میدیا لە عێراق بەشێوەیەکی خەیاڵاویی‌و خراپ ئاراستەکرابوو، زۆرێک لە میدیا، دەیانویست لێدوان‌و هەڵوێستێکی سیاسیی دروستبکەن، هەندێک جار بەشێوەیەکی ئاشکراو هەندێک جاریش بەدیقەتەوە، لەبری ئەوەی رووماڵی واقیعی عێراق بکەن. بەدڵنیاییەوە، فشارێکی ئێجگار زۆر لەلایەن خەڵکەوە هەبوو بۆ ئــەوەی ستۆرییەکان بەجۆرێکی تایبەت بنووسرێنەوەو هەندێک خەڵک دەیانویست ستۆرییەکان باس لە شەڕانگێزیی جۆرج بۆش بکەن، ئەوانی دی دەیانویست باس لە جۆرج بۆشی قارەمان بکەن، یان شتێکی دی. من، هەوڵی زۆرمدا بۆ ئەوەی حەقیقەت بـدۆزمــەوەو پێموایە، مێژووش دروست حوکمم دەدات. من، دۆزینەوەی واقیع لەو بارودۆخەدا لە راپۆرت لە سەردانی گرانتربوو. من، لەسەر سنووری مەرگ‌و ژیان بووم‌و ئەو زنجیرانەم تێکشکاند، کە زۆر نووسەر «لەناو سنوور» دەبەستنەوە. ناوهێنانم بە «لە سنوور دەرچوو» وەک هەندێک دەیلێن، ستایشێکی ئێجگار گەورەیە. «لەناو سنوور» مانای لێدران‌و تەمیبوونەو درۆ خەرجییەو راستی وەبەرهێنانە. ئەو نووسەرانەی کە دووربینییان دەربارەی پیشەکەی خۆیان دەبێت، واز لە رای هەنووکەی شەقام پهێنن‌و هەوڵبدەن راستییەکان بدۆزنەوە، خەڵک هێواش هێواش راستییەکانیان بۆ دەردەکەوێت‌و ئەوانیش پشکیان زیاتر دەبێت.

نووسین، وەک بانکی وەبەرهێنان وایە، یان پەیوەستبە بە واقیعەوە، یان تووشی تێکشکان‌و گۆشەگیری دەبیت. بەمدواییانە لەسەر ئــەوەم نووسی کە پێویستە دوان لە ژەنەراڵە جەماوەرییەکان دەربکرێن لە ئەفغانستان، یەکێکیان کەنەدیی‌و ئەوی دی ئەمریکی بوو، هەردووکیان پێنج ئەستێرەیان لەسەر شان بوو، لەپڕ پشکەکەم دابەزی، بەڵام کاتێک ژەنەراڵەکان دەرکران، پشکەکەم بەرزبووەوە، لەبەرئەوەی من تەنیا کەس بووم کە بتوانم بەرامبەر ئەو ژەنەراڵانە بوەستم کە رکابەری زۆر بەتوانا بوون. کاتێک پشتگیری ژەنەراڵ پەترایۆس دەکەم، لەبەر ئەوە نییە کە هاوڕێمە، بەڵکو پیاوێکی ئەخلاقیی‌و سەرکەوتووە، بــەڵام ئەوەش مەترسیدارە کە دژی جەماوەر بیت. ئەگەر بە هەڵە ناوزەد بکرێیت، بەتەنیایت‌و تاوانبارێت‌و ناتوانیت خۆت لە جەماوەر بشاریتەوەو بڵێت، «کێ دەیزانی وادەبێت؟».

**رۆژنامە: دیدت دەربارەی عێراقییەکان چییە بەشێوەیەکی گشتیی، یان بەشێوەیەکی باشتر بڵێین، دیدگای ئەمریکییەک دەربارەی عێراقییەک چۆنە پێش ئەوەی بێتە عێراق‌و دوای ئەوەی لەنزیکەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات؟**

* عێراقیش وەک ئەمریکا، نەتەوەیەکن کە لەجەنگدان، بۆیە هەندێکجار هەستم بـە ململانێ دەکـــردو نـە عــێـراقـی‌و نە ئەمریکییەکانیش ناتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە قوربانیی بەردەوامی «ئەوانی دی» شەڕانگێزن، بەڵام دەمتوانی کۆمەڵگەیەکیش لە عێراق ببینم کە دەیانەوێت خۆشبەخت بن‌و بەژیانی خۆیانەوە خەریکبن، کوڕو کچەکانیان بنێرنە مەکتەب‌و سبەینێ بکەنە رۆژێکی شیاوتر. ئەوەم بۆ دەرکـەوت کە عێراقی‌و ئەمریکییەکان زۆر لەیەکدەچن، نەک جیاوازبن. بۆ هەر هۆیەکیش کە وامان لێبکات شەڕ بکەین، پێنج هۆکار هەیە بۆ ئەوەی پێکەوە بژین.

**رۆژنامە: هەستدەکەیت کە جەنگەکە عادیلانە بوو؟**

* ئەمە پرسیارێکی قــورس‌و زۆر باشیشە، لە سادە دەچێت‌و سادەش نییە. بەڕوونی، جەنگەکە «عادیلانە» بوو بۆ ئەو کوردانەی کە بە گازی ژەهراویی کوژران‌و ئەوانەی کە تۆقاندنیان چێشت. بەڕوونی، زۆرێـک لە شیعەکان حکومەتێکی نوێیان دەویست. بەڕوونی، بۆ ئەو کوەیتیانەی کە زۆریـان بەدەست حکومەتی پێشووی عێراقەوە چێشت، جەنگەکە عادیلانە بوو، دواجـار کوەیتییەکان رێگەیان دا بنکە لە وڵاتەکەیاندا دابنێین. بە دڵنیاییەوە، ئەوانەی دەڵێن کە نایاسایی‌و نا عادیلانە بوو، تکایە رێمبدە با پرسیارێکت لێبکەم: ئەگەر ئێران بۆمبی ئەتۆمی گوێزراوە دروستبکات‌و ئەوە رابگەیەنێت کە مەبەستیەتی لە عێراق بدات، پێتوایە جەنگ عادیلانە دەبێت؟ سەدام بەشێوەیەکی مەبەستدارانە جیهانی لە بەرنامەی چەکسازیی خۆی هەڵخەڵەتاندبوو، دوای یانزەی سێپتەمبەریش، هەڵەیەکی ستراتیژیی کرد کە لە کۆتاییدا نرخەکەی دا. سەدام، بەرپرسیاری مەرگی زیاتر لە یەک ملیۆن کەس بوو، تەنانەت پێش دەستپێکردنی دوایین جەنگ. ئایا ئەوانەی مردن، پێیانوایە کە جەنگەکە عادیلانە بوو؟

# ئەنجومەنی وەزیران بودجەی تەواوکاریی پەرەپێدانی پارێزگاکان بە کەموکوورِییەوە دەنێرێتە پەرلەمان

راپۆرتی: چاوان عەلی

دەرخستەی بودجەی تەواوکاریی پارێزگاکان بۆ ساڵی (٢٠١٠)، دەنێردرێتە لیژنەی دارایی پەرلەمان، کە بڕەکەی (٢٣٧) ملیارو (٢٦٩)ملیۆنەو پەرلەمانتارێکیش، دەڵێت: پرۆژەکان کەموکوورِییان تێدایە.

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، دەرخستەی بودجەی تەواوکاریی پەرەپێدانی پارێزگاکان ئاراستەی پەرلەمان دەکاتو بەپێی دەرخستەکە، پارێزگای هەولێر (١٠٦) پرۆژە بە بڕی (٥٣)ملیارو (٣٠٠)ملیۆن دینار، پارێزگای سلێمانی (٨٥)پرۆژە بە بڕی (٧٥)ملیارو (٩٤٩)ملیۆن دینار، گەرمیان (٣٩)پرۆژە بە بڕی (٢١)ملیارو (٣٣٢) ملیۆن دینارو پارێزگای دهۆک (٦٥)پرۆژە بە (٨٦) ملیارو (٦٨٨)ملیۆن دیناریان بۆ دانراوە.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، رەخنەی لە شێوازی رەوانەکردنی نووسراوەکەی ئەنجومەنی وەزیران، بە پشتبەستن بەنووسراوێکی وەزارەتی پلاندانان هەبوو، کە ناوی پرۆژە پەسەندکراوەکانی لە پرۆژەکان ناوەو دەبوو ناوی پرۆژەی پێشنیازکراویان لێ بنێت، چونکە بە وتەی ئەو: «تا پەرلەمان پەسەندیان نەکات، ناچنە بواری جێبەجێکردنەوەو بە پەسەندکراو دانانرێن».

دروستکردنی خانوو بۆ خاوەن ئەنفال، بەپێی دەرخستەی تەواوکاریی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵی (٢٠١٠)، بڕی (٥٩)ملیارو (٢٥٠)ملیۆن دیناری بۆ پێشنیازکراوە، لە بەرامبەردا لە لیستی بودجەی پەسەندکراوی (٢٠١٠)، کە تایبەتە بە وەزارەتی شەهیدانو ئەنفال، بڕی (١٢٠٠)خانووەو هەر یەک لە پارێزگاکانی هەولێرو دهۆکو سلێمانی، (٦٠٠)خانوویان بۆ دەستنیشان کراوەو گوژمەی (٦٤) ملیارو (٨)ملیۆن بۆ هەر سێ پارێزگاکە تەرخانکراوە.



بە بڕوای کاردۆ محەمەد، ئەم تێکەڵییە، کاریگەریی بەسەر پەسەندکردنی بودجەکەوە دەبێت، چونکە لەگەڵ پرۆژەی پەسەندکراوی بودجەی (٢٠١٠)دا ناکۆکەو جۆرە تێکەڵاوییەکی دروستکردووە، ئەوەش کەموکوورِیی وەزارەتی پلاندانانەو هەندێک پرۆژە لە بودجەی (٢٠١٠)و لەبودجەی تەواوکاریی پارێزگاکانیش، پارەیان بۆ تەرخانکراوە.

لەو کەموکوورِییانەی کە لە دەرخستەکەدا هاتووە، لە چوارچێوەی پرۆژەکانی پارێزگای هەولێردا، بڕی (٣٥٠) ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ (٢٠)پرۆژەی جۆراوجۆر کە نازانرێت ئەو پرۆژانە چینو کەیو لەکوێ دەکرێن؟ لە پرۆژەکانی سلێمانیدا باس لە کڕینی کەلوپەلی خوێندنگاکانی سلێمانی کراوە، کە (٢)ملیارو (٤٠٠)ملیۆن دیناریان بۆ تەرخانکراوە، جۆری کەلوپەلو خوێندنگاکانیش دیاریی نەکراون.

لە پرۆژەکانی قەزای چەمچەماڵدا، پێداویستییەکانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی چەمچەماڵ کە (٣٨٩)ملیۆنی بۆ دابینکراوەو نازانرێت پێداویستییەکان چین، هەروەک (٣)جار باس لە راکێشانی تۆڕی ئاو کراوە، یەکەمجار بڕی (١٤٢)ملیۆنو دووەمجار (٦٥)ملیۆنو سێیەمجار (٥٤) ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە.

جگەلەوەی کە لە بودجەی تەواکارییەکەدا، چەندین پرۆژەی تێدایە بۆ پرۆژەکانی کەرتی تایبەت، لەوانە گۆیژە سیتیو لوبنان سیتیو شاری گۆیژە لە سلێمانی.

لە پرۆژەکانی پارێزگای دهۆکدا، باس لە چاککردنی رێگەی دووساید لە زاویتە کراوەو بڕی (٣)ملیاری بۆ دانراوە، کە رێگاکە تەواوبووەو دروستکراوە، بڕی (١)ملیارو (٨٩٢)ملیۆن دینار دانراوە بۆ پێداویستی بەشی رۆشنبیریو راگەیاندن بۆ ماوەی یەک ساڵو دابینکردنی کەلوپەلی قوتابخانەکان بڕی (١)ملیار و (٤٥٠)ملیۆن دیناریان بۆ داناوە، کە ئەمەش دیاریی نەکراوە، چۆن سەرف دەکرێت.

جگە لەوەی کە هەست بە نادادپەروەریی دەکرێت لە دەرخستەی بودجەی تەواوکاریی پەرەپێدانی پارێزگاکانیشدا بۆ ئەمساڵ، بە نموونە، ژمارەی پرۆژەکانی هەولێر (١٠٦) پرۆژەن، بەڵام گوندە ئاوەدانەکانی سنووری ئەو پارێزگایە، کە (١٩٦)گوندنو بەسەر (٩) قەزادا دابەشبوون، تەنیا (١٩) پرۆژەیان بۆ دەکرێت، ئەوەش یەکناگرێتەوە لەگەڵ بووژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی گوندەکاندا کە حکومەت بەبەرنامە لە پێشەکانی خۆی داناوە.

# لە هەولێر (١٠٠) کارگەی هاڕینی چەو و لم دادەخرێن

راپۆرتی: هەنگاو هاشم

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە بڕیارێک زیاتر لە (١٠٠) کارگەی هاڕینی چەو و لم (غساله) دادەخاتو پارێزگاری هەولێریش دەڵێت: لەبەر نەبوونی مۆڵەت ئەو بڕیارەیان داوە.

لە سنووری شیوەڕەش تاوەکو ناحیەی گوێڕی سەر بە پارێزگای هەولێر نزیکەی (١٢٠) کارگەی هاڕینی چەو و لم (غساله) هەیە، وەک خاوەنی کارگەکان ئاماژەی بۆ دەکەن؛ ئەم کارگانە بژێویی رۆژانەی چەندین کەسی دابین دەکرد، کە لەو کارگەیەدا کاریان دەکرد، کە ئێستا داخراون.

خاوەنی یەکێک لە کارگەکانی هاڕینی چەو و لم بە رۆژنامەی راگەیاند: بە بڕیارێک بە بیانووی ئەوەی کە مۆڵەتیان نییە، ئەم زەوییانەی کە کارگەکانی لەسەرە زەوی کشتوکاڵین، لە ئێستادا کارگەکان داخراوەو نزیکەی (١٢٠) کارگە (غساله) لە کار وەستاونو کرێکارەکانی بێکار ماونەتەوە.

ئەوەشی وت: داوای مۆڵەتمان لێکراوە، بەڵام مۆڵەتمان پێنادرێت، بە بیانووی ئەوەی ئەم زەوییانە کشتوکاڵین، هەروەها سەردانی پارێزگاری هەولێرمان کردووەو پێی وتووین، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێی راگەیاندوون ئەم کارگانە بێ مۆڵەتنو تەجاوزن، پێویستە مۆڵەت دەربهێنن.

سەبارەت بە بڕیارەکە گەلاوێژ محێدین، بەڕێوەبەری گشتیی لە وەزارەتی کشتوکاڵ بە رۆژنامەی وت: «ئەو کارگانەی کە داخراون، پەیوەندیی بە پارێزگای هەولێرەوە هەیە، بەڵام ئەم کارگانە سکاڵایان لەسەرە بەهۆی ئەوەی زەوی کشتوکاڵییان بەکارهێناوە، ئەم کارگانە تەجاوزنو مۆڵەتیان نییە، لە بنەڕەتدا ئەو زەوییانەی بەکاریان هێناوە لە جوتیارانیان کڕیوەو زەوییەکان کشتوکاڵین، بۆیە داخستنیان سروشتییە».

هەر لەوبارەیەوە تاهیر عەبدوڵڵا، جێگری پارێزگاری هەولێر بە رۆژنامەی راگەیاند: بەهۆی ئەوەی ئەو کارگانەی کە تایبەتن بە هاڕینی چەوو لم کە دەکەونە سنووری ناوچەکانی خەباتو گوێر، مۆڵەتیان نەبووە، بۆیە ناچاربووین رێو شوێن بگرینە بەرو کارگەکان دابخەین، داخستنی ئەم کارگانەش لەسەر داوای وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بووە، کە نووسراویان بۆ ئەنجومەنی وەزیران کردبوو، ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەم زەوییانە بێ مۆڵەت کار دەکەن.

وتیشی: ئەم کارگانە کاریگەریی خراپیان هەبوو لە زۆر رووەوە، بەڵام لە ئێستادا لیژنەمان پێکهێناوە بۆ ئەوەی بتوانین مۆڵەت بدەین بەو کارگانە، لە سنووری هەر قایمقامیەتێکو نوێنەری وەزارەتی کشتوکاڵ لە لیژنەکەدا هەنو بڕیارمانداوە شوێنی تر بۆ ئەم کارگانە دابین بکەین، بە مەرجێک زێدەڕۆیی نەکەن.

ئەوەشی خستە روو: بەشێک لەم غەسالانە مۆڵەتیان هەبوو، بەڵام بەشێکیان مۆڵەتیان نەبوو، بۆیە لە ئێستادا ئەو کارگانەی کە مۆڵەتیان نییە، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان شوێنیان بۆ دابین دەکات، بۆ پێدانی مۆڵەتیش کە پارێزگای هەولێر بە کارگەکانی دەدات، رسومات لە خاوەنی کارگەکان وەردەگرین.



## ئاو، زەنگێک بۆ ئاینده!



ئەحمەد حەمە ساڵح

ئاو، ئەو سامانە خۆڕسکو گرنگەی سەر زەوی کە (٣)بەشی جیهانی دەورەداوەو یەک لەو هۆکارانەیە کە کاریگەریی زۆری لەسەر پێشکەوتنی هەر دەوڵەتێک هەیەو لەگرنگترین هۆکاری مانەوەی ژیانیشە لەسەر گۆی زەوی کە ئەمڕۆوەک یەکێک لە گرفتەکانی جیهان دەرکەوتووە. ئەگەر نەوت وەک وزە، جێگرەوەی هەبێت، ئەوا ئاو کە پێکهاتەیەکی گرنگە لە پێکهاتەی زیندەوەرانو هیچ جێگرەوەیەکیشی نییە. سەرچاوەکانی ئاو (ئۆقیانووسەکانو دەریاو دەریاچەکان کە لەبەر سوێریی بەکەڵکی خواردنەوە نایەن، سەهۆڵی ناوچە جەمسەرییەکانو ئاوی ژێرزەویو ئاوی رووبارەکان کە شیریننو بۆ خواردنەوە دەشێن). ئەم سامانە بەنرخە کە بۆ پێداویستیی رۆژانە بەکاردەهێنرێت، هەروەها رۆڵێکی بەرچاو و گرنگی هەیە لەبوارە جیاجیاکاندا وەک (بەرەوپێشبردنی بەروبوومی کشتوکاڵیو لەبواری پیشەسازیشدا لە چەندین بەرهەمدا یەک لە کەرەستە سەرەکییەکانە، لەدێرزەمانەوە تا ئەمڕۆش لەهەندێک وڵاتانی جیهاندا، ئاو سەرچاوەی سەرەکیی دابینکردنی وزەی کارەبا بووە، ئاوی رووبارەکانیش بۆ کەشتیوانیوگواستنەوە بەکارهێنراون، هەروەها سەرچاوەی سامانی ماسییەو بە گەشەسەندنی کەرتی گەشتوگوزاریش دادەنرێتو چەندەها سوودی تریش). وڵاتانی دراوسێمان، دەمێک ساڵە لەبەر بایەخو گرنگییان بۆ ئاو، دەستیانکردووە بە پرۆژەکانی گلدانەوەی ئاو، تورکیا بە دروستکردنی (٢٢)بەنداو و (١٩) وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کەهرۆمائی، پرۆژەی کاپی ئەنجامداوە، هەروەها ئێرانیش بە دروستکردنی بەنداو و گۆڕینی رێڕەوی چەمو رووبارەکان بەردەوامە لە ئەنجامدانی پرۆژەکانی ئاو، هەرچەندە ئەم پرۆژانە لە باکوورو خۆرهەڵاتی کوردستان، ئامانجی سیاسیشیان لەپشتەوە بووە، بەڵام سوودیشی بۆ ناوچەکە هەبوو، وەک: بەرهەمهێنانی وزەی کارەباو پێشخستنی کەرتەکانی کشتوکاڵیو پیشەسازییو گەشتوگوزاریی لە ناوچەکەدا.


هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی بێبەش نییە لەو سامانە خۆڕسکە، بەتایبەت ئاوی شیرینو سازگار، پشت بە وڵاتانی دراوسێش دەبەستێن بەوەی کە چەندین رێڕەوی ئاو لەودیو سنوورەکانەوە دێنە هەرێمی کوردستان، وەک: (رووباری دیجلە، چەمی چۆمان، زێی سیروان، چەمی ئەڵوەن، هەردوو زێی گەورەو بچووکو زێی خاپوور) کە سەرچاوەی گرنگی دەریاچەکانی (دوکان، دەربەندیخان، حەمرینو موسڵ)ن، کە دوانیان لە سنووری ئەمڕۆی حکومەتی هەرێمدان.

دەبێت مەترسیی ئەوەمان هەبێت کە دراوسێکانمان هەرکات بیانەوێت، سیاسەتی ئاو، وەک کارتێکی مەترسیدار لە دژمان بەکاربهێنن، هەروەک چۆن ماوەیەکە رووباری ئەڵوەن لە خانەقین وشک کراوە، ئەمە ئەو زەنگە مەترسیدارەیە کە دەبێت حکومەتی هەرێم بەخەبەربهێنێتو هەنگاو بنێت بۆ دروستکردنی پرۆژەی گلدانەوەی ئاو لەسەر ئەو چەمو رووبارانەی کە سەرچاوەکانیان لەهەرێمدان (ئەگەر هەندێکی وەرزیش بن)و ئەو سەرچاوانەش کە لە سنوورەکانەوە دەڕژێنە هەرێم، بە بەرنامەو پلانێکی تۆکمەوە پرۆژەی نیشتمانی بۆ گلدانەوەی ئاو بکاتە پێشینەی کارەکانی کە دەبوو حکومەتی هەرێم، دەمێک ساڵ بوایە کاری لەو جۆرە پرۆژانەی بکردایەو درکی بە مەترسییەکانی وشکەساڵیو بەکارهێنانی کارتی ئاو وەک گوشارێک بۆ سەر هەرێم بکردایە. خوێندنەوەی بە کردار بۆ ئەم جۆرە پرۆژانە، سوودی درێژخایەنی بۆ ئێستاو ئایندەی هەرێمەکەمان هەیە، وەک: بووژاندنەوەی کشتوکاڵو ئاوەدانیی گوندەکانو برەودان بە پیشەسازییو زۆربوونی سامانی ماسیو پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزارییو چارەسەری کێشەی کارەبا، کە تا ئێستاش بەدەستیەوە دەناڵێنینو دەیان سوودی تر کە سەرجەمیان دەبوونە هۆی زۆربوونی هەلی کارو چارەسەری دیاردەی بێکارییو بەرزبوونەوەی باری ئابووریو هۆشیاریی هاوڵاتیبوونو هاونیشتمانیش تۆکمەتر دەبوو، کە بەهەشتەکەی سەر زەوی (کوردستانی ئازیزمان) ئاوەدانترو رازاوەترو پڕبایەخو پڕبەرهەم دەبوو.

خوێندنی كوردیی لە كەركوك، لەژێر هەڕەشەدایە 16

ڕاڤەی بودجە

# داهێنان لە بەهەدەردانی پارەدا


عەلی حەمەساڵح

دەسەڵاتی كوردی، پێچەوانەی هەموو دەسەڵاتە پێشكەوتووەكانی دونیا، پێچەوانەی هەموو ئەو دەسەڵاتانەی كە خۆشگوزەرانییان بۆ میللەتەكانیان بەدی هێنا، داهێنانەكانی لەشتی «خراپدا»ن‌و داهێنان دەكات لە شتگەلێكدا كە لە بری سوود، زیانیان هەیە بۆ میللەت.

ئێمە هەموو كۆكین لەسەر ئەوەی كە پێویستە دیوانی چاودێریی دارایی‌و دەستەی نەزاهە هەبن، بەڵام كام دیوانی چاودێریی؟

ئەگەر دیوانی چاودێریی دارایی هەبێت، پێویستە بیناو فەرمانبەری هەبێت‌و پێویستە بودجەی ساڵانەی بۆ تەرخان بكرێت‌و پێویستە كارمەندەكانی مووچەی شیاویان هەبێت‌و سەرجەمی پێداویستییەكانیان بۆ دابینبكرێت، بەڵام ئەم پێداویستییانەو ئەم بودجەیە كە بۆیان دابیندەكرێت، دەبێت ببنە هەوێنی كەمكردنەوەی گەندەڵیی، یان نەهێشتن‌و بنبڕكردنی گەندەڵیی‌و ئەگەر لە ساڵێكدا (١٠)ملیار دینار بۆ دیوانی چاودێریی دارایی تەرخان بكرێت، دەبێت بەلای كەمەوە ئەم پارەیە، هەوێنی گەڕاندنەوەی (١٠٠)ملیار دیناری هاوڵاتییان بێت كە بەهۆی گەندەڵییەوە بەهەدەردراوە.

دیوانی چاودێریی دارایی كە تا ئێستا دوو دیوانی دوو ئیدارەی زەردو سەوزە، لە چەند ساڵی، چەندیان وەرگرتووەو لەبەرامبەر ئەم پارەیەدا چەند پارەی بەهەدەردراویان گەڕاندووەتەوە؟

تا ئێستا روون نییە كە دیوانی چاودێریی دارایی هەولێر، كارەكانی چۆنە، تەنانەت چەندین پەرلەمانتاری ئەم خولە نوێیەو خولی پێشووتریش، نە دەزانن‌و نە دەیانزانی سەرۆكی دیوانی چاودێریی دارایی كێیە، تەنانەت پەرلەمانتار هەیە كە نازانێت بینای چاودێریی داریی هەولێر لە كوێیە، هەرچەندە من نامەوێت لە ڕوانگەی كارو چالاكبوونەوەی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی‌و هەولێر پێكەوە پۆلێن بكەم، بەوپێیەی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، زیاتر لە (٢٧٠٠)ڕاپۆرتی ئامادەكردووە كە لە ناویاندا بەهەدەردانی ملیۆنان دۆلار هەیە، دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، خەرمانێك كارو چالاكییان هەیە كە لەناویاندا چەندین گەندەڵیی هەیە، كە بەهۆیەوە دەكرا چەندین بەرپرس كە ئێستا لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا، لە بەندیخانەدا بوونایە، چەندین كەسیش بەهۆی ڕاپۆرتەكانی ئەم دیوانەوە دراونەتە دادگا، بەڵام بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیی كوردستان، نەیویستووە داواكاری گشتیی كار بە ڕاپۆرتەكانی ئەم دیوانی چاودێریی داراییە بكات، ئەو ڕاپۆرتانە هەرچەندە ڕاپۆرتی زۆر گرنگ بوون، من دڵنیام ئەگەر كاریان پێبكرایە، دەبوونە هەوێنی ئەوەی كە بە دەیان ملیۆن دۆلار بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەو چەندین بەرپرسیش سزا بدرێن‌و ببوایەتە مایەی كەمكردنەوەی گەندەڵیش بۆ ئایندە، بەڵام لەبەر ئەوەی وەك پێویست كار بەم ڕاپۆرتانە نەكراو ئەوەش بەرپرسە، دەسەڵاتی یەكەمە لەم هەرێمەدا، نەك دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی، بۆیە ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی بیەوێت دوو دەزگای هاوشێوە هەرچەندە یەكیان ئەكتیڤ‌و ئەویدیكە پاسیڤ بێت، ئەنجامیان وەك یەك لێدەكاتەوە.

دیوانی چاودێریی دارایی هەولێر، لەماوەی هەرسێ ساڵی(٢٠٠٨و٢٠٠٩و ٢٠١٠)دا (١٣)ملیارو (٩٧٠)ملیۆن دینار بۆ خەرجی بەكاربردنی تەرخانكراوە، ئەم دیوانە كە (٢٠١)فەرمانبەری فەرمی هەیە، بەم (١٣)ملیارو (٩٧٠)ملیۆن دینارەی كە خەرجی كردووە، چەند پارەی بەهەدەردراو و دزراوی گەڕاندووەتەوە بۆ خەزێنەی حكومەت؟ بەهۆی ڕاپۆرتەكانی ئەم دیوانەوە، چەند بەرپرس براونەتە بەردەم دادگا؟ وەڵامی ئەمە بۆ هەموو خەڵكی كوردستان روونە.

دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانیش، لە هەمان (٣)ساڵدا، (١١)ملیارو (٩٥)ملیۆن دیناری بۆ تەرخانكراوە، ئەم دیوانەش كە (٢٤٦)فەرمانبەری هەیە، هەرچەندە وەك دیوانێكی چاودێریی دارایی چالاك دەركەوتووە، بەڵام نەتوانراوە هیچ سوودێكی ئەوتۆ لە چالاكبوونی ئەم دیوانە ببینرێت.

بە سێ ساڵ، هەردوو دیوانی چاودێریی دارایی هەولێرو سلێمانی، (٢٥)ملیار دیناریان بۆ تەرخانكرا، ئایا مەبەست لە تەرخانكردنی ئەم پارەیە بۆ ئەم دوو دیوانە، بۆ ئەوە بووە كە بە ڕاپۆرتەكانیان حكومەت، گەندەڵكاران بدەنە دادگا؟ ئەگەر وابوو، بۆ بەرپرسێك نابینین لە زیندانادا! ئەی ئەگەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی نەبووبێت، دەبێت كاری دیوانی چاودێریی دارایی چی بووبێت؟

هەرچەندە من جەخت لەوە دەكەمەوە كە دیوانی چاودێریی دارایی، پێویستەو دەبێت بودجەی شیاویشی بۆ تەرخان بكرێت، بەڵام دیوانێك كار بە ڕاپۆرتەكانی بكرێت، نەك وەك ئەوەی ئێستا، بە تەرخانكردنی (٢٥) ملیار دینار لە سێ ساڵدا بۆ دوو دیوانی چاودێریی دارایی، كە نەتوانرا لەناو دەیان بەرپرسی گەندەڵدا، یەكێك بەهۆی ڕاپۆرتەكانی ئەم دوو دیوانەوە، بدرێتە دادگاو دادگاییەكە ئەنجامی هەبێت، دەسەڵاتی كوردی داهێنانی كرد لە بەهەدەردانی پارەدا.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانەو ئەم داهێنانەی دەسەڵاتی كورد دەنەخشێنێت، سەرۆكایەتیی پەرلەمان‌و لیژنەی یاسایی پەرلەمانە كە جەخت لە «نایاسایی»بوونی ئەم دوو دیوانی چاودێریی داراییە دەكەنەوەو بەهۆی ئەم «نایاسایی»بوونەوە، حیساباتی كۆتایی خەرجییەكای حكومەت نەخراوە بەردەست دیوانی چاودێریی دارایی كە لێكۆڵینەوەی لێبكات. سەرۆكایەتیی پەرلەمان، بە بیانووی «نایاسایی»بوونییەوە، ڕاپۆرتەكانی دیوانی چاودێریی دارایی سلێمانی ناخاتە بەردەست لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان.

ئەمە تراژیدیایە، یان كۆمیدیا؟ ئەو پەرلەمانەی كە بەم دوو دیوانی چاودێریی داراییە دەڵێت، «نایاسایی»و كار بە ڕاپۆرتەكانیان ناكات‌و هەرخۆشی لە بودجەی گشتیدا، تەرخانكردنی پارە بۆ ئەم دوو دیوانە پەسەند دەكات. بە ڕاستی لە هیچ كوێی دونیادا بووە، پەرلەمان بودجە بۆ دەزگایەكی «ناشەرعیی» تەرخان بكات؟، كەواتە بەپێی ئەم مەنتیقەی پەرلەمان، (٢٥)ملیار دینار دراوەتە دوو دەزگای ناشەرعیی.

# لە پشدەر... چەندین پرۆژە نەچووەتە بواری جێبەجێكردنەوەو پرۆژەی وەهمیش هەیە

ڕۆژنامە

لە بەدواداچوونی پەرلەمانتارێكی فراكسیۆنی گۆڕاندا بۆ ناوچەی پشدەر، دەردەكەوێت كە چەندین پرۆژە، سەرەڕای ئەوەی كە بودجەیان بۆ تەرخانكراوە، نەكەوتوونەتە بواری جێبەجێكردنەوەو پرۆژەی وەهمیی بوونیان هەیە.

ڤیان عەبدولڕەحیم، ئەندامی پەرلەمانی كوردستان، ڕایگەیاند: دوای بەدواداچوون بۆ پرۆژەكانی پشدەر لە بودجەی (٢٠١٠)دا، دەركەوت كە تا ئێستا هەندێك لەو پرۆژانە جێبەجێ نەكراون، یان بوونیان نییە.

سەبارەت بە پرۆژەكانیش وتی: «چاككردنەوەو جێبەجێكردنی پرۆژەی ئاودێریی دلێن‌و سەنگەسەر، ئەو پرۆژەیە ماوەی بۆ دیاریكراوە كە دەبێت لە ماوەی یەك ساڵدا تەواو بێت‌و گوژمەی پرۆژەكە (١) ملیارو (٥٠٠)ملیۆن دینارە، بەڵام تا ئێستا ئەو پرۆژەیە دەستی پێ نەكردووە. هەروەها لە پرۆژەكانی وەزارەتی كشتوكاڵ‌و سەرچاوەكانی ئاو، دروستكردنی بینای هۆبەی سەنگەسەر – ڕانیە، تەواوكردنی بینای بەڕێوەبەرێتی ئاودێریی سلێمانی كە گوژمەی (٢)ملیار دیناری بۆ دانراوە، بەڵام دوای بەدواداچوون بۆ ئەو پرۆژانە، بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر ڕایگەیاند؛ كە پرۆژەی وایان پێ نەوتراوەو هیچ زانیارییەكیان لەسەر ئەو پرۆژەیە نییە كە لە سەنگەسەر جێبەجێبكرێت.

پەرلەمانتارەكەی فراكسیۆنی گۆڕان، باسی لە پرۆژەكانی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردن كرد كە تا ئێستا نەكەوتوونەتە بواری جێبەجێكردنەوە، ڕایگەیاند: «دامەزراندنی تەرازووی گەڕۆك لە كێلی–پشدەر، قایمقام‌و سەرۆكی شارەوانیی قەڵادزێ، پێیانڕاگەیاندم كە لە كۆبوونەوەی بەرپرسانی ئیداریی قەڵادزێ‌و سەرۆكی شارەوانی‌و نوێنەرانی وەزارەتی پلاندانان‌و ئەنجومەنی وەزیران، داوایانكردووە كە ئەو پرۆژەیە ڕەت بكرێتەوە، كە بڕی (١٣٨)ملیۆن دیناری بۆ دانراوە، دوای ڕەتكردنەوەیەش، نەتوانراوە سوود لەو گوژمەیە وەربگیرێت بۆ پرۆژەی تر لە ناوچەكەدا، هەروەها پرۆژەی دروستكردنی وێستگەی كارەبای سەنگەسەر (٣٣ k.v) بە (٢٠)میگاوات لە بودجەی (٢٠١٠)، بودجەی بۆ تەرخان كراوە, بەڵام تا ئێستا دەستی پێ نەكردووە».

ئەو پەرلەمانتارە، باسی لە پرۆژە بەردەوامەكانیش كردو ڕایگەیاند: لە بەدواداچوون بۆ پرۆژە بەردەوامەكان، وەزارەتی كارەبا پرۆژەی گەیاندنی كارەبای بۆ گوندەكانی (سیدەلان- دووچومان- توتمە) كە گوژمەی (٢٣٢)ملیۆن دیناری بۆ تەرخانكراوە، كە دەبوایە لە بەرواری (٢٠١٠/٧/١) دەستی پێبكرایە، بەڵام تا ئێستا نەكراوە، لەكاتێكدا ئەوە كێشەیەكی گەورەیە.

سەبارەت بە پرۆژەكانی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردنیش، پرۆژەی ئاوو ئاوەڕۆی گوندی (شێنێ)یە بەدوو گوژمەی جیا، (٨١٢) ملیۆن دیناری بۆ دانراوە، سەرۆكی شارەوانی تەنیا زانیاری لەسەر ئەو بڕە گوژمەیە هەبوو كە (٨١٢) ملیۆنە.

ئەو پەرلەمانتارە ڕاشیگەیاند: «لە پرۆژە بەردەوامەكانی دیكەشدا، بە گوژمەی (٦٦٧)ملیۆن دیناری دووبارە بۆ تەرخانكراوەتەوە كە لە بەدواداچوونەكەدا بۆ ئەو پرۆژەیە، سەرۆكی شارەوانی پێیڕاگەیاندم، ئەو بڕە پارەیە زیادەیە كە بۆی دانراوەو تەنیا لە گوژمەی یەكەم ئاگادارین».


ڤیان عەبدولڕەحیم

سەبارەت بەوەی كە پشدەر ناوچەیەكی كشتوكاڵی‌و ئاودێریی گرنگە، تا چەند پرۆژەی لەوبارەیەوە بۆ تەرخانكراوە، ڤیان عەبدولڕەحیم، ئاماژەی بەوەدا: «پرۆژەیەكی كشتوكاڵی‌و ئاودێریی لەسەنگەسەر هەیە كە دووەمین پرۆژەیە لەسەر ئاستی عێراق‌و یەكەمین پرۆژەشە لەسەر ئاستی كوردستان، لە كاتێكدا كە وەزارەتی كشتوكاڵ‌و سەرچاوەكانی ئاو، جگە لە بودجەی خۆی، بۆ جێبەجێكردنی پلانی ستراتیژی (٤)ساڵەی، بڕی (٦٠) ملیۆن دۆلاری بۆ دانراوە، بۆ ساڵی(٢٠٠٩–٢٠١٠) بۆجێبەجێكردنی پلانەكەی، هەروەها سەدی (بلك) كە ئەوپش پرۆژەیەكی ئاودێریی‌و كشتوكاڵییە كە زەوییەكانی ژاراوەو قەڵادزێ بەراو دەكات، ئەمە جگە لە دابینكردنی ئاو و كارەبا بۆ ئەو ناوچانە، كە تا ئێستا گەورەترین كێشەی ئەو ناوچەیەو دەبوو لە ناوچەی پشدەر، جگە لە بواری كشتوكاڵی، گرنگییەكی زۆر بدرایە بە بوارەكانی قیرتاو، ڕێگاوبان، دروستكردنی باخچە، سەنتەری لاوان، یاریگا، كارەبا كە پێداویستیی گرنگی ناوچەكەن».

لە كۆتایی لێدوانەكەیدا، ڤیان عەبدولڕەحیم، پەرلەمانتار لە فراكسیۆنی گۆڕان، ئاماژەی بەوەدا: «ئێستاش لە گوندەكانی (پشدەرە_ ڕەقە) پشت بە سەرچاوەی ئاوی سروشتی دەبەستن بۆ خواردنەوە، ئەمە جگە لە نەبوونی قوتابخانەو بە (٧)گوندیش یەك بنكەی تەندروستییان هەیەو گرنگی نەدان بە ڕێگای مەرزی كێلێ كە خاڵێكی سنووریی گرنگەو دەتوانرا سوودی بازرگانیی لێوەربگیرێت، بەڵام تا ئێستا سوودی لێ نەبینراوەو ڕێگاكەشی قیرتاو نییە».

# بودجەی عێراق، ناشەفافترینە لە جیهاندا

ڕۆژنامە

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ڕێكخراوی هاوبەشی بودجەی نێودەوڵەتی، بەهۆی ئاشكرا نەكردنی ڕاپۆرتی پێش بودجەو ڕاپۆرتی مانگانەو شەش مانگی كۆتایی ساڵەوە، بودجەی عێراق، ناشەفافترینە لە جیهاندا.

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ڕێكخراوی هاوبەشی بودجەی نێودەوڵەتی بۆ ساڵی(٢٠١٠)، هەریەك لە عێراق‌و چین‌و عەرەبستانی سعودیی‌و غینیاو سینیگال لە كۆتا پلەكانی شەفافبوونی بودجەوەن‌و بەپێی ئەو ڕاپۆرتەش، هۆكارەكانی ناشەفافبوونی بودجەی عێراق، چەند هۆكارێكی هەیە، لەوانە، ئاشكرانەكردنی ڕاپۆتی پێش بودجە كە بە ستراتیژییەتی بودجە ناودەبرێت كە ئامانجی سیاسەتی ئابووریی‌و باجی حكومەت بۆ ماوەی درێژخایەن‌و كورتخایەن لە خۆدەگرێت‌و پێشبینی داهات‌و خەرجی‌و كورتهێنان‌و زیادەو قەرزەكانی تیایە، كە پێویستە ئەو ڕاپۆرتە بەر لە مانگێك لە پێشكەشكردنی بودجە ئاشكرابكرێت.

یەكێك لە هۆكارەكانی تری ناشەفافبوونی بودجەی عێراق، ئاشكرا نەكردنی ڕاپۆرتی مانگانەیە، كە تیایدا باس لە چۆنێتیی جێبەجێكردنی بودجەو ڕێژەی داهات‌و خەرجییەكان‌و پێویستە ئەو ڕێژەیەش بە پێشبینی ساڵانەی داهات‌و خەرجییەكان بەراورد بكرێت‌و دەبێت ئەم ڕاپۆرتەش لە ماوەی سێ مانگدا بەر لە تەواوبوونی مانگەكە، ئاشكرا بكرێت كە حكومەتی عێراق نایكات.

ڕێكخراوی هاوبەشی بودجەی نێودەوڵەتی، لە ڕاپۆرتەكەیدا كە دووساڵ جارێك لەلایەن ژمارەیەك پسپۆڕی بێلایەنەوە ئامادە دەكرێت، ڕەخنەی لە ئامادەنەكردنی ڕاپۆرتی شەش مانگی بوجەی عێراق گرتووە، كە بە پێویستی دەزانێت ئەو ڕاپۆرتە ئامادە بكرێت‌و تیایدا بیرۆكەیەكی گشتگیر لەسەر ئەدای بودجە لەو ساڵەداو دووساڵی داهاتووی تیابێت‌و دەبێت شەش مانگ بەر لە كۆتاییهاتنی شەش مانگی یەكەم، ئامادەبكرێت.

ڕێكخراوەكە، ڕەخنەی لە ڕانەگەیاندنی ڕاپۆرتی ساڵانەی بودجەی عێراقیش گرتووە كە بە بەڵگەنامەیەكی گرنگی لێپرسینەوەو وردبینیكردنی حكومەت لەقەڵەم دەدرێت لەلایەن باڵاترین دامەزراوەوە لە ڕووی ژمێریارییەوە لە ماوەی شەش مانگ بەر لە كۆتایی ساڵ لەو ڕاپۆرتەدا ئاستی پەیوەستبوون بە داهات‌و خەرجییەكان ئاشكرا دەكرێت لە بودجەكە، كە لەلایەن پەرلەمانەوە بڕیاری لەسەر دراوە، هەروەها دەبێت ئەو ڕاپۆرتە بەڵگەنامەكانی ئەدای نادارایی‌و ئامانجە جێبەجێكراوەكانی تێدا بێت.



# کەمپەینێک دژی تەواونەکردنی نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی پێکدەهێنرێت

ڕۆژنامە

ژمارەیەک ڕێکخراو و کەسایەتیو پزیشک لە هەوڵی پێکهێنانی کەمپەینێکدان لە دژی ڕاوەستانی کارەکان لە نەخۆشخانەی چوارسەد قەرەوێڵەیی لە سلێمانیو فشار دروستکردن لەسەر وەزارەتی تەندروستی.

نەخۆشخانەی چوارسەد قەرەوێڵەیی سلێمانی بۆ ماوەی (١٣) ساڵە بڕیاری جێبەجێکردنی دەرچووەو بەشێکی زۆری کاری بیناسازیی تێدا تەواوبووە، بەڵام ئێستا کارکردن لەو نەخۆشخانەیەدا وەستاوەو بە ناتەواویی هێڵراوەتەوە، بۆیە ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو کۆمەڵەو کەسایەتیو پزیشک سەرقاڵی واژۆ کۆکردنەوەو پێکهێنانی کەمپەینێکن بۆ دەستکردنەوە بە کارکردن لەو نەخۆشخانەیەدا.

بۆ ئەو مەبەستەش لە یاداشتێکدا داوا لە سەرجەم ڕێکخراوەکانو پزیشکانو کەسایەتییەکانی شاری سلێمانی دەکەن، کە پشتگیرییان بکەن لەو مەسەلەیەدا تا ببنە هێزێکی فشار بۆ دەستکردنەوە بەکارکردن لە نەخۆشخانەکەدا، هەروەک لە یاداشتەکەشدا هاتووە: «تەواونەکردنی ئەو پرۆژە تەندروستییە گرنگە لە کاتێکدایە، کە پێداویستییە تەندروستییەکانی خەڵکی سلێمانی بە تایبەتیو ناوچەکە بە گشتیی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە هەڵکشاندایەو لەهەمان کاتدا قەرەباڵغییەکو فشارێکی زۆر لەسەر نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکانی تر بەدی دەکرێت، تەواونەکردنو دواخشتنی بەکارخستنی نەخۆشخانەکە، زیانێکی گەورەی نەک تەنیا بە تەندروستی خەڵک گەیاندووە، بەڵکو بەهۆی تەرخانکردنی بودجەی زیاترەوە زیان بە ئابووریی هەرێمیش دەگەیەنێت.

د.گۆران عەبدوڵڵا، یەکێک لەو پزیشکانە، کە بەشداریی لە کۆکردنەوەی واژۆکاندا دەکات، بەرۆژنامەی ڕاگەیاند: بە نیازین زۆرینەی ڕێکخراوەکانو پزیشکان لەم مەسەلەیەدا بەشداریی پێبکەینو دواتریش کەمپەینێک ڕادەگەیەنینو داواکارییەکەمان دەگەیەنین بەوەزارەتی تەندروستیو سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان».

# دەرمانفرۆشتن لە یاریدەدەرە پزیشکییەکان قەدەغە دەکرێت



ڕاپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر

وەزارەتی تەندروستی بە بڕیارێک ڕێگە لە یاریدەدەرە پزیشکییەکان دەگرێت کاری فرۆشتنی دەرمان بکەنو سکرتێری سەندیکای کارمەندانی تەندروستیش دەڵێت: «ئەگەر بەرژەوەندیی هاوڵاتییان لەبەرچاو نەگیرێت، دژی دەوەستینەوە».

بەپێی بڕیارەکەی وەزارەتی تەندروستی جگە لەو کەسانەی هەڵگری بڕوانامەن لە بواری دەرمانسازیدا، هیچ کارمەندێکی دیکەی تەندروستی بۆی نییە کاری دەرمانسازیی بکاتو یاریدەدەرە پزیشکییەکانیش کە پێشتر مۆڵەتی ئەو کارەیان پێدراوە، تەنیا بۆیان هەیە کاری تەداوییو برینپێچیو دەرزی لێدان بکەن.

هاوڵاتییەکی تەمەن (٣٠) ساڵ، کە لای یاریدەدەرە پزیشکییەکان چارەسەری نەخۆشییەکان دەکات، پشتیوانیی ئەو بڕیارەی کرد بە مەرجێک: «ڕێژەی بنکەکانی تەندروستی وەک پێویست بێتو نرخی عیادەکان کەمبکرێتەوەو لایەنی مادیی هاوڵاتییان باش بکرێت».

سەبارەت بە خراپیی دەرمانەکانیش ئەو هاوڵاتییە، وتی: «خۆم دەرمانی بەسەرچووم لە بنکەیەکی تەندروستی وەرگرتووە، باشە کامەیان لە پێشترە بیکات وەزارەت؟، با دەرمانە بەسەرچووەکان چارەسەر بکەن، نەک کاری پێدانی دەرمان لە یاریدەدەری پزیشکی قەدەغە بکەن، ئەم بڕیارە هەزارەکان ماڵویران دەکات بە تایبەتی لە لادێکانو شارۆچکەکان، زۆریان پزیشکی لێ نییەو دوورە لە شارەکانەوە، ڕەنگە پێوەدانی مارێک ببێتە هۆی مردن».

بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستیو پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، مۆڵەت دراوە بە یاریدەدەرە پزیشکییەکان، کە دوای دەوامی فەرمیی خۆیانو لە بوارەکەی خۆیاندا کار بکەن.

یاریدەدەرێکی پزیشکی لە دەرەوەی شار کە دەرمانخانەیەکی بچووکی هەیەو ناوی خۆی بۆ ڕۆژنامە ئاشکرا نەکرد، وتی: «کردنەوەی ئەو جۆرە دووکانانە لایەنی خراپیشی هەیە، هەندێ دەرمان دەدرێت بە هاوڵاتییان کە بۆ لایەنی خراپ بەکاردێت، بۆیە دەبێت ئەم کارە لەژێر چاودێریی پزیشکدا بێت، چونکە هەندێک کەس هەن بڕوانامەی پیشەیی تەندروستیشیان نییەو کاری دەرمانفرۆشیی دەکەن».

ئاماژەی بەوەشکرد؛ کاری یاریدەدەرە پزیشکییەکان لایەنی باشیشی هەیە: «کۆمەڵێک کێشەی تەندروستی هەیە کە پێویست ناکات، پچیتە لای دکتۆرو ڕێگەی دوور بۆ هاوڵاتییان نزیک دەکاتەوە، زۆربەی هاوڵاتییان توانای مادیان نییە، یان هەندێک کەس لە ماڵەوە لە جێدا کەوتوونو ئێمە دەچینە ماڵەوە بۆ لایانو چارەسەریان دەکەین، بنکەی تەندروستی هۆکارێکی ترە کە زۆرێک لە هاوڵاتییان ڕوودەکەنە لای ئێمەو کۆمەڵێک کاری سەرەتاییو بۆ هەندێک نەخۆشی سنووردار دەکەین، وەک: (تەداویی، دوورینەوە، دەرزیی لێدانو پێدانی دەرمانە ئازارشکێنەکانو ئیلتیهابات)».

ئەو یاریدەدەرە پزیشکییە پێیوایە؛ داخستنی ئەو عیادە بچووکانە کێشە بۆ گوندو قەزاو ناحیەو شوێنە دوورە دەستەکان دروستدەکات، لەبەر نەبوون، یان کەمیی پزیشک لەو ناوچانەدا، چونکە هەر یاریدەدەرێکی پزیشکی لە شوێنە دوورەدەستەکان لە بنکە تەندروستییەکان دەسەڵاتی پزیشکێکی هەیەو بۆشاییەکی باشیان پڕکردووەتەوە: «لەبەر ئەوەی کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ نەخۆش مامەڵە دەکەین، زۆرێک لە پزیشکە تازەکان بۆ زۆرێک دەرمانو کاری پزیشکیی پرس بە ئێمە دەکەن».

لە بەرامبەردا، جەبار حەمە ڕەحیم، سکرتێری سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پاش دوو ساڵ لە هەوڵ لەگەڵ وەزارەت، توانیمان لەسەر ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (w.h.o) مۆڵەت بە هەڵگرانی بڕوانامەی پەیمانگەو کۆلێژەکان بدەین، کە دوای دەوام مومارەسەی پیشەکەیان بکەنو دەتوانن لە (١٨) بواری دیاریکراودا کاربکەن، ئەویش بە ئیمزای د.زریان وەزیری پێشووی تەندروستی هەرێم».

ساڵی ڕابردووش هەمان باس سەریهەڵدایەوەو سەندیکای پزیشکانو دەرمانسازان کاری بۆ ئەوە کرد ڕێگەی هەندێک کاری پزیشکیو دەرمانفرۆشی لە یاریدەدەرە پزیشکییەکان قەدەغە بکرێتو دواتر بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی ئەو کێشەیە چارەسەر کرا، دواتر ڕێنماییەکان نێردرانە پەرلەمانی کوردستان تا وەک یاسا، یان بڕیارێکی ڕەسمیی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

جەبار حەمە ڕەحیم، وتیشی: «لەگەڵ بیستنی ئەو بابەتە، قسەم لەگەڵ وەزیری تەندروستی هەرێم د.تایەر هەورامی، کرد وتی: ئێمە وتوومانە بە هاوکاریی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ ڕێبگرین لە هێنانە ناوەوەی دەرمان بە قاچاخ، هەروەها ڕیکخراوی (w.h.o) ئەو مافەی داوە بە هەڵگری بڕوانامەکانی پەیمانگەو کۆلێژ لە شوێنە دوورە دەستەکان کە مامەڵە بە (١٨) بوار بکاتو ئەگەر یاسایەکی لەوجۆرە لە وەزارەتی تەندروستی دەربچێت پێویستە بەپرسو ڕاوێژی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی بێتو بەرژەوەندیی گشتیی هاوڵاتییان لەبەرچاو بگیرێت، ئەگەرنا کارمەندانی تەندروستی دژی دەوەستنەوە».

بەپێی یاسایی عێراقی ساڵی (١٩٦٢) بێجگە لە دەرچووانی دەرمانسازیی، کەس ناتوانێت مامەڵە بە دەرمانەوە بکات بە وتەی جەبار حەمە ڕەحیم: «ئەو کاتە کارمەندانی تەندروستی دەرچووی ئامادەییەکان بووە، ئەو بڕیارە بۆ ئێستا نابێتو پێویستە سەرجەم یاسا تەندروستییەکان هەموار بکرێتەوەو بڕیاریشە ڕۆژی ٢٠١١/٢/١ کۆنگرەی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێتو چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەو کەموکورییەکانی تر دەبێت لە ئەولەویەتی ئەو کۆنگرەیەدا بێت.

سەبارەت بە بڕیارەکەش د.خالس قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەپێی ڕێنماییو یاساکانی تەندروستیو سەندیکای دەرمانسازان، کەس مافی مامەڵەکردنو کارکردنی بە دەرمانەوە نییە، بێجگە لە دەرمانسازو یاریدەدەری دەرمانساز، هەر کەس ئەو کارە بکات، سەرپێچییەو لە ئێستادا لیژنەیەک دروست بووە لەلایەن سەندیکای دەرمانسازان بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتەو چاودێریکردنی ئەوشوێنانەی دەرمانی لێیەو بڕیاریش دراوە ئەو کەسەی دەرمانساز نەبێت، نابێت لە دەرمانخانەکان کار بکات».

سەبارەت بە شوێنە دوورە دەستەکانیش د.خالس، وتی: «تەنیا لە شوێنە دوورەدەستەکان نەبێت کە دەرمانسازو یاریدەدەری دەرمانسازی لێ نییە بۆ پڕکردنەوەی کەموکوورییەکان، بوونی بڕیارێکی وا لە بەرژەوەندیی هاوڵاتییانە، چونکە کۆمەڵێک هاوڵاتی تووشی گرفت بوون هۆکارەکەی خراپیی بەکارهێنانی دەرمان بووە لەلایەن کارمەندانی تەندروستییەوە، بۆیە ئەو کارمەندانەی کە مۆڵەتیان وەرگرتووە، تەنیا دەتوانن لە چوارچێوەی پیشەکەیان کار بکەن، نەک دەرمان بفرۆشن».

لەلایەکی دیکەوەو سەبارەت بە ڕێگریکردن لە کاری یاریدەدەرە پزیشکییەکان، هاوڵاتییەک نیگەرانیی خۆی لەو بڕیارە دەربڕیو بە ڕۆژنامەی وت: «من کرێکارمو خاوەنی (٥) منداڵم، ئەگەر عیادەی کۆڵانەکان نەمێنێت، دەبێت بمرین، چونکە من ناتوانم بچمە عیادەی پزیشکەکانو جاری (٥٠) هەزار بدەم بە چارەسەر، خەڵکی هەژار بە عیادەکانی کۆڵان ماون، دەتوانی (٣) هەزار دینار بدەیتو چارەسەری خۆت بکەیت، وا بڕوات مافی ژیانمان لەم وڵاتە لێدەسەنرێتەوە».

# یەکێتیی زانایان: سووتاندنی منداڵی مردوو، شکاندنی کەرامەتی مرۆڤە

ڕاپۆرتی: لاڤە بەشارەت

مامۆستایەکی ئاینیی، ڕەخنە لە سووتاندنی منداڵی لەبارچوو دەگرێت لە نەخۆشخانەکانداو ئەوە بە سوکایەتیکردن بە کەرامەتی مرۆڤ دەزانێت.

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانیش، ڕایدەگەیەنێت: ئەو منداڵانەی کەمتر لە (١٢) هەفتە بەسەر دروستبوونیاندا تێپەڕبووبێت، دەسووتێنرێنو لەوماوەیە زیاتریش تێپەڕبێت، دەدرێنەوە بە کەسوکاریان تا بنێژرێن.

د. شلێر فایەق غەریب، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منداڵبوون لەسلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو منداڵانەی کە لەباردەچن، ئەگەر کەمتر لە (١٢)هەفتەبن، ئەوا لەگەڵ ئەو کەلوپەلە پزیشکییانەی کە بەکارنایەن، دەبرێن بۆ (محرقە)و لەوێ دەسووتێنرێن، بەڵام ئەگەر لە (١٢)هەفتە زیاتر بن، دەدرێنەوە بە کەسوکاریانو دەیاننێژن، هەندێک کاتیش ئەو منداڵانەی کە لە (١٢) هەفتە کەمترن، کەسوکاریان داوا دەکەن کە بیاندەینەوە بۆ ئەوەی بیاننێژن.

ئاماژەی بەوەشکرد: جیاوازییەکی زۆر لەنێوان نەخۆشخانەی منداڵبوونی ئەهلییو حکومیدا هەیە، لە ڕووی کەلوپەلی پزیشکییەوە، کە لەنەخۆشخانە حکومییەکەدا، کەلوپەلی زۆر پێشکەوتوو بەکاردێتو لە ڕووی نرخیشەوە لە نەخۆشخانە حکومییەکەدا، هیچ پارەیەک لە نەخۆش وەرناگیرێت.

بەگوێرەی ئامارێکی نەخۆشخانەی منداڵبوون لە سلێمانی، لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، (١٤١٤٥) منداڵ لەدایکبوون.

سەبارەت بە سووتاندنی منداڵی لەبارچووش، یەکێتیی زانایان، ڕای جیاوازیان هەیەو دوای ورووژاندنی بابەتەکەش لەلایەن ڕۆژنامەوە، بەڵێنی بەدواداچوونی دەدەنو لەوبارەیەشەوە دەیخەنە بەردەستی لیژنەی فتوای کوردستان.

جەعفەر گوانی، وتەبێژی یەکێتیی زانایانی ئاینیی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «فڕێدانی منداڵی لەبارچوو، یان سووتاندنی، شکاندنی کەرامەتی مرۆڤە، کاتیک مرۆڤێک دەستێکی، یان قاچێکی لەدەستدەدات بە هۆی ڕووداوێکەوە، دەبێت بنێژرێت، ئینجا منداڵێکیش کە دروست بوو، یان چەند پارچەیەکی دروستبووە، بسووتێنرێت، بەپێی شەرع کارێکی زۆر ناشایستەیەو دەبێت لەژێر خاکدا بنێژرێت».

ئەو، دەستخۆشیی لە ڕۆژنامەش کرد بۆ باسکردنی بابەتێکی لەوجۆرەو وتی: «یەکەمجارە قسەر لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکرێت، کە پێموایە سووتاندنی منداڵ، ڕێزنەگرتنە لە مافی مرۆڤ، بۆیە ئێمەش هەوڵدەدەین کە وەکو یەکێتیی زانایانی کوردستان، کاری لەسەر بکەینو ئەو بابەتە ئاراستەی لیژنەی فتوا دەکەینو قسەی لەسەر دەکەینو پێویستیشە وەزارەتی تەندروستیش گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکات».

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، لەکاتی لەبارچوونی منداڵدا لە نەخۆشخانەکانی منداڵبوون، ئەوانەی کە هێشتا تەمەنی دروستبوونیان لە سکی دایکیاندا، نەگەیشووەتە (١٢)هەفتە، لەگەڵ کەرەستە پزیشکییەکان تێکەڵدەکرێنو دواتر لە کوورەی تایبەتدا (محرقە) هەر لەنەخۆشخانەی منداڵبوون دەسووتێنرێن، لەگەڵئەوەی بەشێک لە دایکانو باوکان، پێیان باشە ئەو منداڵانە وەرگرنەوەو وەک هەر مرۆڤێکی کۆچکردووی ئاسایی، بیاننێژن.

راستکردنەوەیەک بۆ روونکردنەوەکەی پارێزگای سلێمانی 18

### لە (٢٠٠) هەزارەوە بۆ (٣٠٠) هەزار زیادکراوە

# زیادکردنی کرێی خوێندن، ناڕەزایی لێدەکەوێتەوە

**لاڤە بەشارەت، ئاریان حەسەن**

خوێندکارانی پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانیی ئێواران، دژی بڕیارێکی وەزارەتی دارایـی حکومەتی هەرێم دەوەستنەوە، بە زیادکردنی کرێی خوێندنی ساڵانەیان لە (٢٠٠)هـەزار دینارەوە بۆ (٣٠٠)هەزار دینار.

هەفتەی رابـــردوو، خوێندکارانی خوێندنی ئـێـواران، خۆپیشاندانێکیان لـەبـەردەم بینای پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی ئەنجامدا وەک ناڕەزاییەک دژ بە بڕیاری زیادکردنی کرێی خوێندنی ئێواران، کە وەزارەتـی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە نووسراوی ژمارە (٦٦٣) تێیدا بڕی پارەی ساڵانەی خوێندن بۆ هەرخوێندکارێک، لە (٢٠٠)هـــەزار دینارەوە بەرز دەکاتەوە بۆ (٣٠٠)هەزار دینار، لە کاتێکدا کە هەرخوێندکارێک لە قۆناغی یەکەمدا، گرێبەستێکی یاسایی لەگەڵ ئیدارەی پەیمانگا واژۆکردووە کە بۆ هەرساڵێک لە دوو ساڵی خوێندنی بڕی (٢٠٠)هەزار دینار دەدات.

لە یاداشتێکی خوێندکارانی پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانیی ئێواراندا کە وێنەیەکی دەسـت رۆژنامە کەوتووەو ئاراستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوە، ئەوە خراوەتەڕوو: «دەرکـردنـی بڕیارێکی لـەم شێوەیە بێڕێزیی‌و پێشێلکارییە بەرامبەر بەو یاساو ڕێسایانەی لە نێوان خوێندکاران‌و ئیدارەی پەیمانگادا هەیە، داوا لە هەموو لایەنە ناوبراوەکان دەکەینەوە بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی خوێندکاران‌و پابەندبوونمان بە یاسا، پێداچوونەوەیەکی خێرا بەو بڕیارەدا بکرێت، بە پێچەوانەوە خۆپیشاندان‌و مانگرتنمان لە خوێندن‌و راگرتنی دەوام بـەردەوام دەبێت، تا هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە».

پێشەوا محەمەد، خوێندکاری پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ساڵی رابـــردوو، بەڵێننامەیەکیان پێ واژۆکردین کە ساڵانە بڕی (٢٠٠)هەزار دینار بدەین بۆ کرێی خوێندنمان، بۆیە داوایان لێدەکەین کە ئێمە چۆن پابەندی بەڵێنەکەی خۆمانین، ئەوانیش بە هەمان شێوە پابەندی بەڵێنەکەی خۆیان بن، چونکە هەندێک خوێندکار هەیە کە لە دەرەوەی شارەوە هاتوون‌و کرێی خانوویان بەزۆر پێدەدرێت‌و ناتوانن پێداویستییەکانی رۆژانە دابین بکەن».

دوو ساڵە، خوێندنی ئێواران لەپەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی کـراوەتـەوە بۆ ئەو خوێندکارانەی کە نمرەیان کەمە، یان ناتوانن بەیانیان بخوێنن‌و بۆهەر ساڵێکی خوێندن بڕی (٢٠٠)هەزار دیناریان لێوەردەگیرێت، سەرەڕای ئەوەی کە ناتوانن سوودمەندبن لەبەشی ناوخۆیی‌و دەرماڵەی خوێندن کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەدرێتە خوێندکارانی خوێندنی بەیانیان لە زانکۆو پەیمانگاکان.

ســـۆزان مـحـەمـەد، خـوێـنـدکـاری ئێواران لە پەیمانگای تەکنیکی، ئاماژەی بـەوەکـرد، کە زۆربـەیـان بە ئـارەزووی خۆیان وەرنەگیراون‌و بێبەشن لە هەموو دەرماڵەیەک: «من خوێندکاری دەرەوەی شـارم‌و پێداویستییەکانمان بۆ دابین نەکراوەو خانوومان گرتووە بە کرێیەکی گران‌و دوور لە پەیمانگاکەمانەوە، بۆیە داوا لە وەزارەت دەکەین، لە بڕیارەکەیان پەشیمان ببنەوەو ئەرکی سەرشانمان زیاتر نەکەن».

سەبارەت بە داواکاریی خوێندکاران، رۆسـتـەم عـیـزەت، سـەرۆکـی دەستەی خوێندنی تەکنیکیی سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو خوێندکارانەی کە لە ئێواران وەرگیراون، تەنیا بۆ ئەوە بوو کە بێبەش نەبن لە خوێندن‌و ئەو بڕە پارەیەی لێیان وەردەگیرێت بۆ ئەو مامۆستایانەیە کە موحازەرە دەڵێنەوە، بۆیە وەزارەتـی دارایـی‌و وەزارەتـی خوێندنی باڵا، پێیان باشبوو کە (١٠٠)هـەزار دینار بۆ کرێی خوێندنی ساڵانە بدات، هەرچەندە ئێمەش پێمان خـۆش نییە ئـەو پارەیە لەسەر خوێندکاران زیادبکرێت».

سـەبـارەت بـەو خوێندکارانەی کە لە دەرەوەی شـارەوە هـاتـوون، وتی: «وەزارەتی دارایی، زانیارییان بۆ ناردووین کە بە هیچ شێوەیەک بەشی ناوخۆییان بۆ دابین ناکرێت».

## ناوی خوێندکاران رادەگەیەنرێت

**ڕۆژنامە**

وەزارەتـــی خوێندنی بـاڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کـوردسـتـان ئاشکرای دەکـات، لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا ناوی سەرجەم‌خوێندکارەوەرگیراوەکانی زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم ئاشکرا دەکرێت.

هەرچەند بڕیاربوو (١١/١) ئەنجامەکان ئاشکرا بکرانایە، بەڵام بەهۆی سەفەری وەزیری خوێندنی باڵاوە راگەیاندنەکە دواخرا.

ســەرچــاوەیــەک لــە بەشی راگەیاندنی وەزارەتــی خوێندنی بـــاڵاو تـویـێـژیـنـەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ناوی سەرجەم‌خوێندکارەوەرگیراوەکانی زانـکـۆو پەیمانگاکانی هەرێم رادەگەیەنرێت.

پێشتر بەرپرسانی وەزارەتــی خوێندنی بـاڵای هەرێم ئەوەیان ئاشکراکردووە، کە بۆ ئەمساڵی خوێندن نزیکەی (٣١) هــەزار خوێندکار لە زانکۆو پەیمانگاکان وەردەگیرێن.

## پێداویستیی تاقیگەکان بە خوێندکاران دەکڕدرێن

**هۆشەنگ سەروچاوەیی**

بـۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی تاقیگە، پارە لە خوێندنگایەکی ئامادەیی کۆدەکرێتەوەو بەڕێوەبەری خوێندنگاکەو بەڕێوەبەری پەروەردەی رانیەش، بێئاگایی خۆیان نیشاندەدەن.

لە قوتابخانەی ئامادەیی بیتوێنی تێکەڵاوی ناحیەی چواقوڕنە، لەلایەن مامۆستای وانەی کیمیاوەو بۆ کڕینی کەلوپەلەکانی کورسی‌و تاقیگە، بڕی (٢٥٠٠)دینار لەخوێندکارانی پۆلەکانی چوارو پێنجی ئامادەیی قوتابخانەکە وەردەگیرێت.

دوو کەس لە خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی خوێندنگاکە، بە رۆژنامەیان وت: تا ئێستا لە هۆڵی تاقیگەکەماندا کورسی‌و مێزو تاقیگەی کیمیامان نییەو بۆ کڕینی ئەو پێداویستییانەش، هەرخوێندکارێکی پۆلی چوارو پێنجی ئامادەیی، بڕی (٢٥٠٠) دیناریان لێوەرگیراوە، کە بەهەردوو پۆلەکە زیاتر لە (٢٦٠)خوێندکار دەبن.

محەمەد کەریم، بەڕێوەبەری خوێندنگاکە، بێئاگایی خـۆی نیشانداو بـە بیانووی وەرنەگرتنی مۆڵەتمان لەلایەن بەڕێوەبەرێتی پـەروەردەی رانیەوە، ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەکی زیاتر بە رۆژنامە بدات.

هـەروەک برایم حەوێز، بەڕێوەبەری پـــەروەردەی رانـیـەش، بێئاگایی خۆی نیشانداو بە رۆژنامەی وت: «کۆکردنەوەی پارە لە خوێندکاران، بەهەموو شێوەیەکو بە بڕیاری وەزارەتی پەروەردە، قەدەغەیەو هـەر مامۆستایەکیش کـاری لەوجۆرە ئەنجامبدات، لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت».

بە بـڕیـاری وەزارەتـــی پـــەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆکردنەوەی پـارە لە خوێندکاران قەدەغەیە، بەڵام بەهۆی کەموکوڕییەکان‌و دابین نەکردنی پێداویستییەکانی خوێندن بۆ خوێندکاران لـەلایـەن وەزارەتـــی پـــەروەردەوە، زۆرجـار مامۆستاکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان، پـارە لە خوێندکاران کۆدەکەنەوە.

# خوێندنی کوردیی لە کەرکوک، لەژێر هەڕەشەدایە

**راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا**



رەوشی خوێندن لە کەرکوک

خوێندنی کوردیی لە کەرکوک ڕووبەڕووی چەندین کێشەو کەموکوڕیی بووەتەوەو بەرپرسانی بەشەکە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەن کێشەکانیان چارەسەر بکرێت.

بەشی خوێندنی کوردیی لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی پـــەروەردەی کـەرکـوک لــەدوای رووخاندنی رژێمی پێشووی عێراقەوە لە شاری کەرکوک کراوەتەوەو لە ئێستادا (٤٢٧) خوێندنگە لەخۆ دەگرێت‌و زیاتر لە (٩٥) هەزار خوێندکاری قۆناغەکانی سەرەتایی‌و ئامادەیی هەیە، هەروەک زیاتر لە (٦) هەزار مامۆستا لە قۆناغە جیاوازەکاندا وانە دەڵێنەوە.

ئەم بەشە بەدەست چەندین کێشەوە دەناڵێنێت‌و لە لایەک سەر بە وەزارەتـی پەروەردەی عێراقە، بەڵام لە رووی دارایی‌و سیستمی خوێندنەوە سەر بە وەزارەتـی پەروەردەی هەرێمن، دیارترین کێشەی ئەم بەشە (کەمیی‌و نەبوونی بینا، کەمیی مامۆستا، کەمیی کتێب، کێشەی سیستمی خوێندن، تاقیکردنەوەکان).

نەبوونی زانکۆو کۆلیژی زمانی کوردی یەکێکی ترە لە کێشە هەرە سەرەکییەکان بە رادەیەک، کە خوێندنی کوردیی ئایندەیەکی ناڕۆشنی هەیەو بـەو هـۆیـەوە خێزانە کوردەکانی شارەکە لە ترسی بێبەشبوون لە خوێندن، منداڵەکانیان نانێرنە خوێندنگە کوردییەکان.

لەیلا حەسەن، ئەندامی پیشووی لیژنەی پەروەردە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کە ئێستا یەکێکە لە نوێنەرانی کوردی کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: هەندێک لە بنەماڵە کوردەکانی کەرکوک بێزاربوون‌و حەزدەکەن منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە عەرەبییەکان لە ترسی بێبەشبوونیان لە خوێندن لەدوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی، چونکە خوێندکاری کورد کە قۆناغی (١٢)ی ئامادەیی تەواو دەکات لە زانکۆو پەیمانگەکانی هەرێم وەرناگیرێن‌و لە کەرکوکیشدا زانکۆو کۆلیژی کوردی نییە، بۆیە یان واز لە خوێندن دەهێنن، دەچنە زانکۆکانی عێراق‌و ئەوەش ئاستی زانستییان دادەبەزێت.

وتیشی: «ئێمە لە ساڵی (٢٠٠٣)، کە هاتینە کەرکوک پێش هەموو شتێک هەوڵماندا خوێندنی کوردیی پێشبخرێت‌و ویستمان بناغەیەکی باش بۆ خوێندنی کوردیی دابنێین‌و توانرا (٣٥٩) خوێندنگەی خوێندنی کوردیی بکرێتەوە، دەبوو زیاتر پەرە بەو مەسەلەیە بدرایەو هەرچەند تارادەیەک هەوڵدراوە، بەڵام ئەوەی کە کراوە وەکو پێویست نەبووە، پێویستە گرنگیی زیاتر بە خوێندنی کوردیی لە کەرکوک‌و ناوچەدابڕێنراوەکان بدرێت.

بە بڕوای ئەو؛ «ئەو دیاردەیە زیانی بۆ خوێندنی کوردیی لە کەرکوک هەیەو دەبێتە هۆکارێک بۆ لاوازبوونی خوێندنی کوردیی».

لــە بــەرامــبــەردا م.شــێــرزاد عــادل، بـەڕێـوەبـەری بەشی خوێندنی کوردیی لە بەڕێوەبەرێتی پـــەروەردەی کەرکوک ئاشکرایکرد؛ خوێندنی کوردیی لە کەرکوک کێشەی زۆرە، لەوانە: (کەمیی‌و نەبوونی بیناو کتێب‌و پێداویستییەکانی خوێندن، هەروەها کێشەی سیستمی خوێندن‌و تاقیکردنەوەکان) پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە.

لە رابـــردوو و ئێستادا، بەرپرسان‌و دانیشتووانە کوردەکەی کەرکوک داوایان لە حکومەتی هەرێم کردووە، کە خوێندکارانی کـورد لە زانکۆو پەیمانگەکانی هەرێم وەربگیرێن‌و هاوکات زانکۆو کۆلیژی کوردی لە شارەکە بکرێتەوە.

لەیلا حەسەن، لەگەڵ ئـەوەی پێیوایە؛ ئـەرکـی حکومەتی عـێـراق‌و وەزارەتـــی پـــەروەردەی عێراقە چارەسەری کێشەی پـــەروەردە خوێندنی کـوردی لە کەرکوک بکات، «لە هەمانکاتدا پێویستە حکومەتی هەرێم دەرگای زانکۆو پەیمانگەکان بە رووی خوێندکارانی کوردی کەرکوکدا بکاتەوەو هەوڵی کردنەوەی زانکۆی کوردی بدات».

هـەروەک شێرزاد عادل، دەڵێت: «ئێمە چەندینجار وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵامان ئاگادار کردووەتەوە، کە رێژەیەک لە خوێندکارانی کەرکوک لە زانکۆو پەیمانگەکانی هەرێم وەربگیرێن، هەروەها داوای کردنەوەی کۆلیژی بنیاتمان کـردووە، بەڵام تائێستا هیچ شتێک نەکراوە، لە ماوەی رابردووشدا لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێم‌و وەزیرە پەیوەندیدارەکان کۆبووینەوەو داوای چارەسەرکردنی ئەو کێشانەمان کرد».

یەکێکی تر لە ئاستەنگەکانی بـەردەم خـوێـنـدنـی کـوردیـی پشتگوێخستن‌و دروستکردنی لەمپەرە لەلایەن بەرپرسانی پەروەردەی عێراق‌و کەرکوکەوە، بە تایبەتی کە بـەڕێـوەبـەرو جێگری بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکوک عەرەب‌و تورکمان‌و هــەردەم دژایـەتـی خوێندنی کوردییان کردووە.

م.شێرزاد، وتیشی: «وەزارەتی پەروەردەی عێراق ئێمەی پشتگوێ خستووەو جگە لەوەش بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی کەرکوک لەمپەرو کۆسپ بۆ خوێندنی کوردیی دروستدەکات‌و دابڕانێکی تەواو لەنێوان بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی کەرکوک‌و بەشی خوێندنی کوردیدا هەیەو ئەوەش زیانی بۆ پرۆسەی خوێندن هەیە.

بـڕیـارە لە (١١/١٠)دا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی خوێندنی کوردیی لە کەرکوک‌و ناوچەدابڕێنراوەکان لە شاری هەولێر کۆنفرانسێکی پەروەردەیی ببەسترێت.

بەڕێوەبەری بەشی خوێندنی کوردیی کـەرکـوک باسی لــەوە کـرد؛ لە مـاوەی رابـــردوو لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێم کۆبووینەوەو داوای چارەسەرکردنی کێشەکانمان لـێ کـردن، بۆیە لەسەر داواکاریی ئێمە لەم مانگەدا لە شاری هەولێر کۆنفرانسێک لەسەر رەوشـی خوێندنی کوردیی لە کەرکوک‌و ناوچەدابڕێنراوەکان ساز دەکرێت.

هــەروەک سەفین دزەیـی، وەزیـری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی بارودۆخی سیاسیی کەرکوک‌و ناوچەدابڕێنراوەکانەوە، خوێندنی کوردیی لەو ناوچانە کێشەی گرفتی زۆری هەیەو هەرچەندە سەر بە حکومەتی عێراقە، بەڵام بە هاوکاری حکومەتی هەرێم خوێندنی کوردیی لەو ناوچانە بەڕێوەدەچێت‌و بە پێچەوانەوە بەغدا ئاستەنگی بۆ دروستکردوون.

وتـیـشـی: «ئـێـمـە ئـاگـاداری کێشە پەروەردەییەکانی ئەو ناوچانەین‌و بڕیارە کۆبوونەوەیەکی چەند رۆژیی فراوان ئەنجام بدرێت‌و لە کێشەو کەموکوڕییەکانیان بـکـۆڵـیـنـەوەو نـەخـشـەڕێـگـایـەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دابنێین، بۆئەوەی هیچ کەسێک لە خوێندنی کوردیی سارد نەبێتەوە».

# شەقامی سەرەکیی تاسڵوجە- سلێمانی، جارێکی دیکە تێکدەدرێت

**راپۆرتی: ئاکام ئەبوبەکر**



هاوڵاتیان بێزاربوون لە تێکدان‌و نوێکردنەوەی شەقامی تاسڵوجە- سلێمانی

لە نۆژەنکردنەوەی شەقامی سەرەکیی نێوان تاسڵوجە – سلێمانی هیچ شوێنێک بۆ گـەڕانـەوەی ئۆتۆمبێل (یوتێرن) نەهێڵراوەتەوەو گرفتی بۆ هاتوچۆی هاوڵاتییان دروستکردووە، لە ئێستاشدا بـەوهـۆیـەوە جارێکی دیکە بەشێکی شەقامەکە تێکدراوەتەوە.

شۆفێرێکی تاکسی بە روژنامەی راگەیاند: نەمانی یوتێرن قەرەباڵغ‌و فـەوزاو گرفتێکی هاتوچۆی زۆری دروستکردووە، سەر لەوە دەرناکەین بۆچی هـەمـوو سـاڵـێک ئـەم ڕێگایە تـێـکـدەدرێـت‌و چاکدەکرێتەوەو هەر سەعاتەوە ماڵی شۆفێرێک وێراندەکەن‌و یەک ڕێگەیان نەهێشتووەتەوە، ئەگەر نەفەر بۆ ئاوارەکانی راپەڕین ببەین دەبێت بچینەوە بۆ تاسڵوجە، لە حکومەت دەپرسم قیرەکەی هێشتا ساڵی تەواو نەکردووە، هەندێک شوێن رۆچـــووە، ئۆتۆمبێل ناتوانرێت بڕوات بە سەریدا، ئەگەر وا چاکی دەکەنەوە، نەکرێت زۆر باشترە».

بـەهـۆی هەڵکەندنی ئـەو شەقامە سەرەکییەوە رۆژانە ئۆتۆمبێل دەکەوێتە ئەو چاڵانەی لە ڕێگەکەدا دروستکراوە، سەرەڕای ئەوەی کە قەرەباڵغییەکی زۆری دروستکردووە.

هاوڵاتییەک کە کاری کڕین‌و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل دەکات لە پیشانگەکانی کەنەکەوە وتـی: «دەبێت بچینە تاسڵوجەو ئینجا بگەڕێینەوە بۆ پێشانگەکانی ئۆتۆمبێل‌و زیاتر لە (١٠) خولەک چاوەڕێ بکەین تا بگەڕێینەوەو نەبوونی هێمای هەڵڕشتنی لم لەسەر شەقامەکان، رووداوی هاتوچۆی زیادکردووە، کاتێک هاوڵاتییان دێن بۆ ئۆتۆمبێل کڕین، ناتوانن ترایی پێبکەن، خۆم ئۆتۆمبێلم کەوتووەتە ناو چاڵەوە لەبری ئەوەی ئۆتۆمبێلەکەم بفرۆشم بردم بۆ لای فیتەر».

چاککردنەوەونوێکردنەوەی‌ناوەڕاستی شەقامی سەرەکیی تاسڵوجە- سلێمانی، کە ساڵی رابـردوو کاری نوێکردنەوەی تێدا ئەنجامدرابوو، بڕی (١٥) ملیارو (٦٤٢) ملیۆن دیناری دیکەی بۆ تەرخانکراوەو لە رۆژی ٢٠١٠/٤/٢٤ کارکردن تێیدا دەستپێکردووەو پرۆژەکە پێکهاتووە لە دروستکردنی (خەزانی ئاو، تۆڕی ئاو، کارەباو ئینارەی رووناککردنەوە) بڕیارە لە ماوەی (١٠) مانگدا تەواو بکرێت.

سـەبـارەت بە نەبوونی یوتێرن لە شەقامەکە هوشیار عەبدوڵڵا مەجید، سەرۆکی بۆردی سەرپەرشتاری پڕۆژەکە بە رۆژنامەی وت: «دوو یوتێرنی کاتیی بۆ هاوڵاتییان دەکەینەوە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە».

هــەروەک سدیق جــەلال عەبدوڵڵا، ئەندازیاری بەشدار لە پرۆژەکە، کە لەلایەن کۆمپانیای سوبحیەوە جێبەجێ دەکرێت، نەیشاردەوە کە گرفت بۆ هاتوچۆی هاوڵاتییان دروستبووەو بە رۆژنامەی وت: «یوتێرنەکان زۆر ناتەواو بوو ستاندارد نەبوو، جیاوازیی زۆریان تێدا بوو، بۆیە کارەکانی ئێمە تــەواوکــەری یەکترن، ناتوانین دەستکاریی شوێنی گەڕانەوەکان نەکەین، چونکە ماوەمان کەم لەبەردەستدا مــاوە، هەرچەندە داوامانکردووە دوو مانگی دیکە بۆ پرۆژەکە زیاد بکرێت، کاتی تەواوبوونی کە (١٠) مانگەو دەمانەوێت پێش بارانبارین کارەکانمان تەواو بکەین».

## لە کەرکوک، کار بە یاسای هاتوچۆ ناکرێت

# پایتەختی رۆشنبیریی عێراق، هێمای هاتوچۆی تێدا نییە

**راپۆرتی: شالاو محەمەد**

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی پارێزگای کەرکوک، لە ماوەی (٩) مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠١٠)دا، (٢٣٨) هاوڵاتی بوونەتە قوربانیی، بەرپرسانی هاتوچۆش نیگەرانن لەوەی سەرپێچیی لە کەرکوک خەریکە دەبێتە دیاردە.

حەسەن عەلی، کە هاوڵاتییەکی شاری کەرکوکەو (١٢) ساڵە شۆفێری تەکسییە بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە شاری کەرکوک وێرانکارییەکی سەیر دەبینرێت، ئەگەر ئەمرۆ شەقامێک نۆژەنبکرێتەوە، ماوەیەک نابات ئەو شەقامە تێکدەچێتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بەردەوام رووداوی هاتوچۆ زیادبکات، چونکە زۆر کات بەهۆی ناڕێکیی ڕێگاکەیەوە بە نایاسایی بە شەقامێکی تردا لێدەخوڕین».

ئـەو شۆفێرە باسی لەوەشکرد؛ کە تەسکی شەقامەکان‌و نەبوونی هێمای هاتوچۆ هۆیەکی ترە بۆ ئەو رووداوانـەو وتـــی: «کــەرکــوک کــە بــە پایتەختی رۆشنبیریی دادەنرێت، بەڵام لە واقیعدا هیچ جۆرە هێمایەکی هاتوچۆ نابینرێت بۆ ئاگادارکردنەوەی شۆفێران، بۆیە کە لە ماڵ دەردەچم، خۆم بە موڵکی شەقام دەزانم هەتا دێمەوە».

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی پارێزگای کەرکوک لە ٢٠١٠/١/١ تا ٢٠١٠/٩/٣٠ لە شاری کەرکوک (٧١٣) رووداوی هاتوچۆ روویـــانـــداوە، بەو هۆیەشەوە (٦٣) هاوڵاتی بەهۆی رووداوی هاتوچۆی ئۆتۆمبێل گیانیان لە دەستداوەو (١٧٥) هاوڵاتیش بریندار بوون.

عەقید شێرزاد ئەحمەد، بەڕێوەبەری راگەیاندنی هاتوچۆی پارێزگای کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە شاری کەرکوک بەهۆی ئەوەی خزمەتگوزاریی لە ئاستی پێویستدا نییە، بووەتە هۆکاری ئەوەی کە شۆستەو شەقامەکانمان ببێتە یەک، لە کاتێکدا ئۆتۆمبێلێکی بێشوومار لە کەرکوک زیادیکردووە».

عەقید شێرزاد، ئەوەشی خستە روو: سەرپێچیی لە کەرکوک خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی باو، بە تایبەت کوڕو شوفێرانی بەرپرسانی کـەرکـوک، کە هیچ ڕێـز لە یاساکانی هاتوچۆ ناگرن بەو شێوەیە ئۆتۆمبێل لێدەخوڕن کە خۆیان دەیانەوێت، نەوەکو شەقام چی پێویستە».

هــاوڵاتــیــانــیــش پــێــیــانــوایــە؛ نۆژەننەکردنەوەی شەقامەکانی کەرکوک هۆکاری سەرەکیی بـەردەم زیادبوونی رووداوەکـــانـــی هاتوچۆیە، گەندەڵیی‌و رۆتیناتیش نۆژەنکردنەوەی شارەکەی دواخستووە.

ســەبــارەت بــە هــۆکــاری نۆژەننەکردنەوەی شەقامەکان‌و هەوڵدانی لایەنی پەیوەندیدار بۆ فراوانکردنی ڕێگەوبانی کەرکوک، سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرێتی ڕێگەوبانی کەرکوک، کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە رۆژنامەی راگەیاند: «کاتێک نۆژەنکردنەوەی شەقامێک دەدرێت بە بەڵێندەرێک چاودێریی ناکرێت لەسەر کوالێتی ئەو قیرەی کە دەهێنرێت، کە پێموایە ئەمە گەندەڵییە لە بەڕێوەبەرێتی ڕێگەوبانی کەرکوک، بۆیە هیچ شەقامێک لە کەرکوک، کە نۆژەنکرابێتەوە لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، نەگەیشتووەتە ساڵێک، قیری ئەو شەقامە تێکچووەتەوە، بۆیە پێویستیمان بە چاودێرێکی بێلایەن هەیە بۆ بەدواداچوونی پرۆژەکان».

ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی ئاشکرا کرد؛ کە لە ئێستادا گرفتی ئاوەڕۆ یەکێکی ترە لە گرفتەکانی بەڕێوەبەرێتی ڕێگەوبانی کـەرکـوک «چەندین جار هـەوڵـدراوە ڕێگەیەک نۆژەنبکرێتەوە، بەڵام کاتێک بینراوە ئەو شوێنە ئاوەڕۆی نییە، کارەکەیان دواخستووە، بۆیە نەتوانراوە بودجەی دیاریکراوی بەڕێوەبەرێتی ڕێگەوبان لەکاتی خۆی سەرفبکرێت‌و لە نۆژەنکردنەوە، یـان فـراوانـکـردنـەوەی شەقامەکان بەکاربهێنرێت».

بەپێی ئـەو زانـیـاریـیـانـەی دەست رۆژنامە کەوتوون، لە ماوەی (٩) مانگی یـەکـەمـی ئە مسا ڵدا بەڕێوەبەرێتی ڕێگەوبانی کەرکوک لە کۆی (٢٥) ملیار دینارو (٦٣٢) ملیۆن‌و (٤٥٢) هەزار دینار، تەنیا (٨) ملیار دینارو (٤٨٨) ملیۆن‌و (٨٤٦) هەزار دیناری سەرفکردووە، ئەمە لە کاتێکدا نۆژەننەکردنەوەی شەقامەکانی کەرکوک هاوڵاتییانی شارەکەی بە تەواویی بێزار کردووە.

لەلایەکی دیکەوە، هاوڵاتییانی شاری کەرکوک داوا دەکـەن پۆلیسی هاتوچۆ زیادبکرێت لەسەر شەقامەکان بۆ ڕێگرتن لە سەرپێچی، تاوەکو سەرپێچیکاران بەپێی یاسا غەرامە بکرێن.

عەقید شێرزاد ئەحمەد، بە رۆژنامەی وت: «هاوڵاتییان مافی خۆیانە داواکاریی زیادبوونی پۆلیس بکەن، بەڵام یەکێک لە گرفتەکانی هاتوچۆی کەرکوک کەمیی کارمەندە لە بەڕێوەبەرێتییەکەمان، بەوپێیەی تەنیا (٣٢٠) کارمەندمان هەیە، لە کاتێکدا تەلەعفەر قەزایەکە (٦٠٠) کارمەندی هەیە، کە ئەمە بووەتە ئیفلیجبوونی بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی شارەکە».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنـامـە وا بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە شێوەیەکی بەرنامەداڕێژراو پێدانی مۆڵەتی شۆفێریی بە شۆفێران لە شاری کەرکوک بکرێتەوە، کە بەپێی وتـەی ئەفسەرانی هاتوچۆی کەرکوک دەبێتە هۆکار بۆ کەمبوونەوەی رووداوەکانی هاتوچۆ لە شاری کەرکوک.



# مەیدانی ئاژەڵداریی سەروچاوە، پشتگوێ دەخرێت

**هۆشەنگ سەروچاوەیی**

بـە بـڕیـاری شـارەوانـیـی بێتواتە، ئاژەڵدارەکانی سەروچاوە، بۆ دەرەوەی شارۆچکەکەی گوازرانەوەو تا ئێستا هیچ خزمەتگوزارییەکیان بۆ دابین نەکراوە.

حەسەن خدر حەسەن، کە یەکێکە لە خاوەن ئاژەڵەکانی ناوچەکە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «دووساڵ دەبێت کە ئێمەیان بۆ دەرەوەی شارۆچکە گواستووەتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ خزمەتگوزارییەکی وەکو ئاوو کارەباو ڕێگاوبانیان بۆ دابین نەکردووین‌و رۆژانە بەهۆی نەبوونی ئاوەوە لەو شوێنەی کە بۆیان راگواستووین، دەبێت بەتانکەر ئاو بکڕین بۆ ئاژەڵەکانمان».

ئـەو ئـاژەڵـدارانـە، ئاماژە بەچەندین کەموکووڕیی دیکە دەکەن، لەوانە: نەبوونی کارەبای نیشتمانیی، خراپیی ڕێگاوبانەکان‌و کێشەی هاتوچۆ.

داواشـــی لـە بـەرپـرسـان کـرد کە خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین بکەن، بۆئەوەی بتوانن زیاتر بەکاری ئاژەڵدارییەوە خـەریـک بـن‌و بـەرهـەمـێـکـی باشیان دەستبکەوێت.

لـەبـەرامـبـەردا، مـحـەمـەد مستەفا، بەڕێوەبەری شارەوانیی سەروچاوە، بە رۆژنامەی راگەیاند: ناتوانین پڕۆژەی ئاویان بۆ رابکێشین، دەبێت خاوەن ئاژەڵەکان خۆیان هەوڵبدەن، بیرێک بۆخۆیان لەناوچەکەدا لێبدەن.

وتیشی: بۆ چەوڕێژکردنی ڕێگاکەشیان، ئێستا هیچ بودجەیەکمان لەبەردەستدا نییەو لەمەودواش هەوڵدەدەین بۆیان بکەین، هەروەها بۆ گەیاندنی کارەبای ناوچەکەش، دەمێکە نووسراومان بۆ فەرمانگەی کارەبای ناحیەی بێتواتە بەرزکردووەتەوەو هەوڵی گەیاندنی کارەباکەشیان بۆدەدرێت.

شارۆچکەی سەروچاوە، سەر بەناحیەی بێتواتەی قەزای رانیەیەو لەئێستادا زیاتر لە دوو هەزار ماڵی لێ نیشتەجێیەو خاوەنی دەشتاییەکی زۆرو ئاوێکی سازگارەو بەوهۆیەشەوە، ئاژەڵدارییەکی زۆری تێدا دەکرێت.

# راستکردنەوەیەک بۆ روونکردنەوەکەی پارێزگای سلێمانی

سکرتێری رۆژنـامـەوانـیـی پارێزگا روونکردنەوەیەکی لەسەر بابەتی (سەرف نەکردنی بوجەی (٢٠١٠)ی پارێزگای سلێمانی) بڵاوکردووەتەوە، لەبەر ئەوەی روونکردنەوەکە هەڵەی زۆر زەقی تێدایە بە چاکمانزانی بە شێوەیەکی کورت وەڵامیان بدەینەوە بەم چەند خاڵەی خوارەوە:

یەکەم:- لە سەرەتای روونکردنەوەکەیاندا ئاماژەیان بـەوە داوە، کە کـۆی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان بۆ ساڵانی (٢٠٠٧و ٢٠٠٨و ٢٠٠٩) بریتییە لە (٦٩٠) ملیار دینار، بەڵام کۆی جێبەجێ کراو و سەرفکراو بۆ پرۆژەکان (٦٩٤) ملیار دینارە، بەپێی ئەم روونکردنەوەیە پارێزگای سلێمانی بۆ هەر سێ ساڵەکەی پێشووتر (٤) ملیار دینار لەسەروو بودجەی تەرخانکراوەوە پرۆژەیان ئەنجام داوە، بەڵام هەرچەند دێڕێک دوای ئەوە جارێکی تر لە روونکردنەوەکەدا دەڵێن: (٢٥) ملیاری ترمان بۆ پرۆژەکانی ساڵانی رابردوو لە بوجەی (٤٩) ملیارەکەی (٢٠١٠) تەرخانکردووە، کەواتە ئەم رستەیە پێچەوانەی سەرەتای روونکردنەوەکەی خۆیانە، کە دەڵێن: (٤) ملیار تەجاوز هەیە، بەڵام لێرەدا دەڵێن: (٢٥) ملیار تەجاوز هەیە، ئینجا نازانین کامیان راستە لای ئەوان، لەمانە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە لە لاپەڕە (٣)ی روونکردنەوەکەیاندا دەڵێن: لە بودجەی (٢٠٠٩)دا (٤٠) ملیار دینار ماوەتەوەو سەرفیان نەکردووە، باشە ئەگەر ئێمە ساڵانی پێشووتر (٤) ملیار، یان (٢٥) ملیار دینار تەجاوزمان کردبێت، چۆن دەکرێت (٤٠) ملیار دینارمان سەرف نەکردبێت، چونکە ناکرێت (٢٥) ملیار دینار زیاتر بکەین بە پرۆژە لەوەی کە بۆمان تەرخانکراوەو لە هەمان کاتیشدا (٤٠) ملیار دینار مابێتەوە سەرف نەکرابێت.

> **کۆی هەموو پرۆژەکانی ساڵانی (٢٠٠٦و٢٠٠٧و٢٠٠٨و٢٠٠٩) نزیکەی (١٥٠٠) پرۆژە دەبن، کە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەرنامەڕێژی بۆ کردووەو لە رێی پرۆژەکانی پارێزگاوە جێبەجێکراون، ئەگەر ئەم ژمارەیە بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو (١١) پرۆژەیەی کە بەڕێزیان لە روونکردنەوەکەیاندا ئاماژەیان کردووە بۆمان دەردەکەوێت، کە ساڵانی پێشووتر چ خزمەتێک پێشکەش بە هاوڵاتییانی پارێزگای سلێمانی کراوە**

سەرەڕای ئەمانەش لەو خاڵانەی کە دیارییان کردووە بۆ بودجەی ساڵانی (٢٠٠٧و٢٠٠٨)، دەڵێن: هەر ساڵەو (٢٢) ملیار دینار تەجاوز هەیە، کە دەکاتە (٤٤) ملیار دینار بە راستی هەر کەسێکی ژمێریار، یان پەیوەندیدار، یان ئەندازیار ئەم روونکردنەوەیە بخوێنێتەوە راستەوخۆ تێدەگات، کە ئەمە لەلایەن کەسانی نەشارەزاوە ئامادەکراوە.

دووەم:- هەر لە روونکردنەوەکەیاندا ئاماژەیان بەوە داوە؛ کە ئەنجومەنی پارێزگا لە ٢٠١٠/٨/١٥ پـلانـی پـرۆژەکانی ساڵی (٢٠١٠)ی ناردووە بۆ جێبەجێکردن، ئەمەش زۆر ناڕاستە، چونکە بەڕێز ل.پرۆژەکان بەرنامەی ئەنجومەنی پارێزگای لە بەرواری ٢٠١٠/١/٢٤ بە(ئیمەیڵ) ناردووە بۆ هەردوو بەڕێزان رەشید تاهیر بریکاری وەزارەتـی داراییو هەروەها بەڕێز ب.گ. وەزارەتی پلان دانان، بۆ ئەم مەبەستەش رۆژنامەنووسان دەتوانن سەردانی هەردوو وەزارەت بکەن بۆ راستیی ئەو خاڵە.

سێیەم:- ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی سەرەڕای بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان بەسوپاسەوە لە لایەن هەردوو بەڕێزان (کاک عومەر فەتاحو کاک عیماد ئەحمەد)ە، وە پشتگیریی کراوەو لە بودجەی وەبەرهێنان نزیکەی (٢٥٠) ملیار دینـاری تریان بۆ ئەنجومەن تەرخانکردووە، بۆ ئەوەی بەپێی بەرنامەی ئەنجومەنی پارێزگا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەم بودجەش دەیان پرۆژەی خزمەتگوزاریی پێ ئەنجام دراوە بۆ هاوڵاتییانی سنووری پارێزگای سلێمانیو گەرمیان.

چوارەم:- لە کۆتایی روونکردنەوەکەیان ناوی (١١) پرۆژەیان نووسیوە، کە بەتەمان جێبەجێی بکەن بۆ ساڵی (٢٠١٠)، چونکە نووسیویانە کـە لـە پـرۆسـەی ئیحالەو تەندەریندایە، واتە ئەو (١١) پرۆژەیەش تائێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بڕواش ناکەین تازە بەم دوو مانگە بتوانن ئەوە جێبەجێ بکەن، واتە تائێستا یەک فلسی (٢٠١٠) سەرف نەکراوە.

پێنجەم:- لە شیکردنەوەی (٤٩) ملیاری (٢٠١٠)دا ئـامـاژەیـان کـردووە، کە تەنیا (٢٥) ملیاریان تەرخانکردووە بۆ پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی رابردوو و (١٧) ملیاریش بۆ کارگێڕیی پرۆژەکان، ئێمە نازانین چۆن بۆ (٢٥) ملیار، پرۆژەی (١٧) ملیار تەرخان دەکرێت بۆ کارگێڕیی، چونکە پرۆژەکانی ساڵانـی (٢٠٠٦و٢٠٠٧و٢٠٠٨و٢٠٠٩) خەرجی کارگێڕییەکانیان لەگەڵ بودجەی ساڵـەکـەدا ئـەژمـار دەکـرێـت، ئیتر ئێمە نازانین بەحسابی خۆیان خەرجی هەموو ساڵەکانی (٢٠٠٦و٢٠٠٧و٢٠٠٨و٢٠٠٩)یـــان کۆکردووەتەوە، بۆ ئەوەی (٢٠١٠) سەرف بکەن؟!!! ،چۆن شتی وا دەبێت؟!! چونکە ئەگەر ئەندازیارێک لە (٢٠٠٦) دەرماڵەی ئەندازیاریی بۆ کرابێت، یان کرێی سەیارەی سەرپەرشتیکردن لەو ساڵەدا سەرف کرا بێت، ئـێـسـتا لە (٢٠١٠)دا سەرف بکەیت؟!، ئەگەر وانییە، ئەی چۆن بۆ (٢٥) ملیار پرۆژەی (١٧) ملیار دینار کارگێڕیی تەرخان دەکرێت؟!! نازانین بە چی یاسایەک ئەمەیان دیاریی کردووە؟!!!

شەشەم:- لە کۆتایدا تەنیا یەک بەراوردی بـچـووک لـەنـێـوان پـرۆژەکـانـی ساڵانی (٢٠٠٧و٢٠٠٨و٢٠٠٩)، کە خۆیان دەڵێن: (١٢٥٦) پێ جێبەجێکراوە، هەروەها ساڵی (٢٠٠٦) نزیکەی (٨٥) پرۆژە جێبەجێ کراوە، سەرەڕای ئەو پرۆژانەی کە پرۆژەکانی پارێزگا لەسەر بودجەی وەبەرهێنان جێبەجێکردن، کە زیاتر لە (١٥٠) پرۆژە دەبن.

واتـە کۆی هەموو پرۆژەکانی ساڵانی (٢٠٠٦و٢٠٠٧و٢٠٠٨و٢٠٠٩) نزیکەی (١٥٠٠) پرۆژە دەبن، کە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەرنامەڕێژی بۆ کردووەو لە رێی پرۆژەکانی پارێزگاوە جێبەجێکراون، ئەگەر ئەم ژمارەیە بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو (١١) پرۆژەیەی کە بەڕێزیان لە روونکردنەوەکەیاندا ئاماژەیان کـردووە بۆمان دەردەکـەوێـت، کە ساڵانی پێشووتر چ خزمەتێک پێشکەش بە هاوڵاتییانی پارێزگای سلێمانی کـراوەو ئەمساڵیش چ خزمەتێک بە هاوڵاتییانی پارێزگای سلێمانی کراوە. لەگەڵ رێزدا

**وتەبێژی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

# روونکردنەوە بۆ رۆژنامەی رۆژنامە

لـــە ژمـــارە (٦٠٤ )ی رۆژنامەی (رۆژنـــامـــە)دا لە رۆژی (٢٠١٠/١٠/١٩) سێشەممە، لە لاپەڕە(٣)ی تایبەت بە (راپۆرتو هــەواڵ)دا، بابەتێک بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناونیشانی (حکومەت، رێگە نادات چاودێریی پرۆژەکان بکرێت_ پەرلەمانتارێک، پرۆژەی وەهمیی هەیەو راوی دۆلاری پێدەکرێت)، بۆیە وەک راگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی گشتیی رێگاوبانو ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بە پێویستمان زانی کە ئەم روونکردنەوەیە بخەینە بـەردەم رای گشتییو خوێنەرانی رۆژنامەکەتان، سەبارەت بەو بڕگەیەی کە تایبەتە بە باسکردنی پرۆژەی دروستکردنی رێگای سازان _ گریانە:

١- ئەو پرۆژەیەی کە باسکراوە، ناوی (سازان- گریانە) نییە، بەڵکو دوو پرۆژەی جیاوازن، یەکەمیان (هەڵەبجە- سـازان- کۆساوە )یە کە بڕی (٥٢٥, ٣١٠) هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکراوە، دووەمیان پرۆژەی (هەڵەبجە-هاوار-گریانە)یە بەدرێژی (٢٦کم) کە بـڕی (٧٤٥, ٧٣٩) هـەزار دۆلاری بۆ تەرخانکراوە.

٢- ئەو دوو پرۆژەیە، پێشتر لەلایەن رێکخراوی هابیتاتەوە جێبەجێ دەکران، بەڵام پاش تەواوبوونی کارەکانی ئەو رێکخراوە لە هەرێم، پرۆژەکە تەسلیم بە بەڕێوەبەرێتی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی کراو دواتر لەلایەن بەڕێوەبەرێتی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەوە تەواوکراوە.

٣- کاری پرۆژەکە، ساڵی (٢٠٠٨) بە رێـژەی (١٠٠٪)تـەواوبـووەو خەڵکی ئەو ناوچەیە، شایەتحاڵن کە ئەو پرۆژەیە بوونی هەیە، یان نا!

٤- لەبەرئەوەی (٥٪)ی سلفەی پرۆژەکە وەرنـەگـیـراوە، بۆیە ساڵانە لە بودجەدا دووبارە دەبێتەوەو بە هەڵواسراویی (معلق)ی ماوەتەوە تا سلفەی کۆتایی بۆ وەردەگیرێت، کە لەمساڵدا ئەویش کۆتایی پێدێت.

**ل. راگەیاندن: فوئاد ئەحمەد**



بەفیڕۆدانی ئاو لە یەکێک لە پرۆژەکانی حکومەت لە گەڕەکی بەختیاری - سلێمانی فۆتۆ: ئاکام ئەبوبەکر

**بەرچاوروونی**

لە لاپەڕە (١)ی ژمارە (٦٠٥)ی (رۆژنامە)دا هەواڵێک بڵاوکرایەوە سەبارەت بە ناعەدالەتی لە دابەشکردنی خانوو و زەوی بەسەر مامۆستایانی زانکۆی سلێمانیو کۆکردنەوەی ئیمزا لەوبارەیەوە، دوای ئەو هەواڵە، فشار لەسەر مامۆستایانی زانکۆ دروستبووەو لێکۆڵینەوە لەگەڵ هەندێکیاندا کراوە، لە پەیوەندییەکیشدا مامۆستا فاتیح عەبدوڵڵا بۆ رۆژنامە وتی: «لێدوانەکانی ئەو هەواڵەی کە بڵاوکراوەتەوە بۆچوونی تایبەتی خۆمەو پەیوەندی بە ناوەرۆکی یاداشتو کەمپەینی ئەو (٣٧٠) مامۆستایەی زانکۆی سلێمانییەوە نییە».

## بە چ حەقێک رەوایە؟

**هێمن ئیبراهیم ***

بیرمە کاتێک کە منداڵ بووین لە پۆلی یەکو دووی سەرەتاییدا لەبەر زۆریی ژمارەی قوتابیانو نەبوونی شوێنی گونجاو لە مەکتەبەکانماندا لەسەر زەوی دادەنیشتین، بەڵام ئەو کات ئێمە منداڵ بووین، ناچاربووین بە نەدارییو هەژاریی بە خۆشییو ناخۆشیی بـــەردەوام بووین لە هــەوڵو ماندووبوون تا لە کۆتاییدا بگەین بە قۆناغەکانی زانکۆو لە زانکۆوە هەنگاو بنێین بەرەو ئاواتەکانی خۆمانو بگەین بە بەرهەمی رەنجی خۆمانو بەو بەرهەمە خزمەتی نەوەی نوێ بکەین.

کەچی دەبینم دیسان وەکو کاتی منداڵی لە زانکۆش دەبێت لـەسـەر زەوی دابنیشین! لە هۆڵەکانی مـحـازەرەدا، رەنگە ئەوەتان بەلاوە سەیر بێت، کە خوێندکاری زانکۆ بێتو لەسەر زەوی دابنیشێت! چونکە لە هەموو دنیادا بـەردی بناغەی پێشکەوتنو رۆشنبیریی لە زانکۆوە سەرهەڵدەدات، زانکۆ شوێنێکە کە ئومێد وایە خوێندکار تیایدا ببێت بە پسپۆڕ لە بوارێکدا، ئاشکرایە کە زانکۆی سلێمانی زانکۆیەکی دێـریـنو زێڕینەو لەمێژە خزمەتی زانستی کردووە، بەڵام وەک دەڵێن: هەندێ جار مـرۆڤ خۆی بە دەستی خۆی چاڵ بۆ خۆی هەڵدەکەنێت!

بۆنموونە، بەشی جوغرافیا/ زانـکـۆی سلێمانی بـۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٨-٢٠٠٩) نزیکەی سەد خوێندکاری وەرگرتووە، کە ئەم ژمارە زۆرە خۆی بۆخۆی کێشەیە، هەر لە کەمیی هۆڵی خوێندنەوە تا دەگاتە جەنجاڵییو قەرەباڵغیو ئاستی تێگەیشتنو... هتد.

بەڵام لە هەمووی بەدبەختیتر ئەوەیە، کە سەرۆکایەتی بەش هەستاوە بە وەرگرتنی زیاتر لە (٣٥) خوێندکار بەهۆی نەقڵەوە لە زانکۆکانی تـر، کە نمرەی زۆربەیان لە (٧٠) زیاتر نییە! کە بە راستی ئەوەندەی تر کێشەکەی ئاڵۆز کردووە، بە شێوەیەک کە خوێندکار تاقەتی سەعیکردنی نـەمـاوەو زۆرجـار لـە کاتی محازەرەدا خوێندکار، یان دەبێت لەسەر زەوی دابنیشێت، یان دەبێت بە پێوە بوەستێت!! ئاخر توخوا بە چ حەقێک رەوایە (١٣٥) خوێندکار لە هۆڵێکدا محازەرە بخوێنن؟ ئایا جەنابی وەزیر ئاگات لێیە؟ ئایا کاتێک ئەم خوێندکارانە سبـەیو دووسـبـەی دەبـن بە مامۆستا دەبێت ئاستی زانستییو تێگەیشتنیان چەند بێت؟ ئاخۆ دەبێت مێشکی خوێندکار چەندە توانای وەرگرتنی وانەی هەبێت لەو ئەزمەیەدا؟

من وەکو خوێندکارێکی ئەو بەشە بە راستی بە ناحەقییەکی گـەورەی دەزانـمو تاوانەکەشی دەخەمە ئەستۆی سەرۆکایەتی بەشی جوغرافیا، رەخنەشم لە مامۆستایانی بەش هەیە کە هیچ هەڵوێستێکیان لەو بارەوە نەبووە، دەبوایە گەر لەبەر خۆشیان بوایە رێگەیان لە وەرگرتنی ئەو هەموو خوێندکارە بگرتایە.

*** خوێندکاری بەشی جوغرافیا**

# کشانەوەی گۆڕان



فەرەیدون حەمەڕەشید

بزووتنەوەی گۆڕان ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٩ بەیاننامەی کشانەوەی لەناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ڕاگەیاند، بێگومان کشانەوەی هێزێکی گەورەی وەک بزووتنەوەی گۆڕان لەو هاوبەندییەدا کار دەکاتە سەر سەنگو قورسایی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە بەغدا، کشانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لەو ئیئتیلافە کاردانەوەی کارو ئەدای لیستی هاوپەیمانیی کوردستانە لە چەند مانگی ڕابردوو.

لێدوانەکان بۆ دامەزراندنی حکومەتی نوێ لە عێراقدا گەیشتووەتە ئاستێک، کە جەماوەری خەڵکو ڕای شەقامی گەیاندووەتە بیرکردنەوەیەک، کە دامەزراندنی حکومەتو پلەو پایەی ناو حکومەتی نوێ لە عێراقدا تەنیا بۆ حیزبە، نەوەک بۆ خەڵک لەناو حیزبیشدا بۆ کەسانێکە کە ملکەچو وەفادارو کەسی نزیکی سەرۆکو سکرتێری حیزبە، نەوەک بۆ کەسانێک کە تەکنۆکراتو لێوەشاوەبن لە ئاست ئەو کارو ئەرکەی پێی دەسپێردرێت، ئەم بۆچوونو خوێندنەوەیەش تەنیا بۆ یەکێتیو پارتی نییە لە کوردستان بە هەمان پێناسەوە لایەنە سیاسییە عەرەبییەکانی ناو عێراقیش دەگرێتەوە، بەرژەوەندییەکانی خەڵک لە عێراق کەوتووەتە پەراوێزی ئەجێندای سیاسییەوە، شیعەی سیاسیی لە عێراق شینی حەسەنو حسێن بۆ دەستکەوتی سیاسییو کورسی دەسەڵات، سیاسییە سوننەکان خۆیان وەک خزمەتکارو سەربازی ون بۆ خەمی پاراستنی دەستکەوتەکانی عروبە نمایش دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا سیاسەت لە عێراقدا کەوتووەتە ژێر کاریگەریی وڵاتانی ئیقلیمیو جیهانی دەرەوەی خۆیو بەرژەوەندییو ئەجێنداو دەرەکییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە دامەزراندنی حکومەتو کارنامەی سیاسیی حکومەت دەکاتو ئیدی با ڕۆژانە دەیانو سەدان لە خەڵکی سڤیلو بێ گوناهی ئەم وڵاتە لەسەر شەقامەکانی بەغدا ببنە قوربانیی تەقینەوەکان، سیاسییەکانی شەڕی کورسییەکان دەکەن، نەک وەستانی جۆگەلە خوێنینەکان.

لە گەمەی سیاسیی پێکهێنانی حکومەتی عێراقدائەجێنداو دەستێوەردانە سیاسییو فشارە دەرەکییەکان زۆرترین پێکدادانو پاشەکشەی بۆ مافاکانی خەڵکی کوردستان لە هەگبەدا هەڵگرتووە، کەواتە کۆدەنگییو تەوافوق (سازان)ی سیاسیی هێزو لایەنە سیاسییەکانی ناو گۆڕەپانی کوردستان باشترین ئامرازو ڕێگەچارەیە تا لە بەرامبەر بەرەنگارییو فشارە دەرەکییەکانی پشتی پەردەوە، کە بەشێکە لە موئامەرەی سیاسیی کاری لەسەر بکەین، ئەمە ئەو کۆدەنگییە یە کە بزووتنەوەی گۆڕان هەرزوو بە خێرایی هەستی پێکردوو لەدوای هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٠/٣/٧)وە سەرەڕای هەبوونی توندوتیژییو هەڵمەتی ڕاگەیاندنی نێگەتیڤانەی لایەنەکان لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان، بزووتنەوەی گۆڕان هاتە پای پشتیوانیکردنو بووە بەشێک لە فراکسیۆنی حیزبە کوردستانییەکان بۆ بەهێزکردنی بلۆکی کوردی لە پەرلەمانی عێراق.

لەم قۆناغەی ئەمڕۆدا بەرژەوەندییە نەتەوەییو دیموکراسییەکانی خەڵکی کوردستان بۆ دەربازبوون لە تەڵزمەو فشارە ئیقلیمییەکان دەکرێت زۆر لەوە زیاتر قوربانیی سیاسیی بۆ بدرێتو کاری ئامادەباشییو سازان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بۆ بکرێت، بەڵام کاتێک ڕێککەوتنو کۆدەنگیی لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان کە تایبەت بە ژیانو گوزەرانو ئەمنییەتو ئابووریی هەموو خەڵکی کوردستانەوە هەیە، تەنیا وەک هەواڵ لەناو میدیادا باسی لێوە بکرێتو گوێنەگرتن لە ڕێنوێنیو پرۆژەکانی لایەنێکی سیاسیی وەک گۆڕان ئیدی کاری هاوئاهەنگییو هاوفراکسیۆنی دەبێتە بەشێک لە سازشی سیاسیی، کەواتە گۆڕان دەکرێت لە ئاست متمانەی دەنگدەرانو پلاتفۆرمی سیاسیی خۆیدا سازشی سیاسیی هەڵنەبژێردرێت، لەپێناو تەوافوق (سازان)ی سیاسیی، زیاتر لە چەند مانگێکە ئیئتیلافی حیزبە کوردستانییەکان لە بەغدا لە گفتوگۆو دانیشتنی سیاسییدان تا بە قازانجی خەڵکی کوردستان لەسەر پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا قسەیان هەبێت، بەڵام بۆ جارێکیش ئەم ئیئتیلافە کوردستانییە گفتوگۆو دانیشتنێکی سیاسیی بۆ خەکی کوردستان نەگواستووەتەوە تا جەماوەری خەڵکو شەقامی کوردی لە ئاست مەرامو متمانەی لایەنی عەرەبی لە عێراق قسەی خۆی بکات، گەرچی ئەم ڕەخنەیەش بەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان دەگرێت، بەڵام هۆکارەکەی چییە نازانین؟!

دەکرێت شەقامی کوردی لە ئاست کشانەوەی بزووتنەوەی گۆڕانو پێداگیریی ئەم بزووتنەوەیە لەسەر مافە نەتەوەییو دیموکراسییەکانی خەڵکی کوردستان زیاتر بەرچاو ڕوونبن، هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین کە مافەکانی خەڵکی کوردستان لە بەغدا لەناو ململانێی سیاسیی دایەو تەنیا بە وازهێنان لە موجامەلای سیاسییو خۆ بچووک نەکردنەوە لەگەڵ لایەنی عەرەبی لە بەغداو خۆهەڵنەواسین بە کارنامەی وڵاتانی ناوچەیی زیاتر ئێمە بەهێز دەکات، کە وەک نوێنەری نەتەوەیەک مامەڵەمان لەتەکدا بکرێت، چیدی نابێت ئەمڕۆ سەرانو نوێنەرە سیاسییەکانی کورد لەگەڵ باڵیۆزێکی ئێرانو تورکیا بە دڵە کوتێو دڵ لەرزینەوە باسی پێکهێنانی حکومەتی عێراق بکات.

ئەمڕۆ بزووتنەوی گۆڕان دەکرێت بەم کشانەوەیە نوێنەرایەتی حیزبی بگۆڕێت بۆ نوێنەرایەتی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان، لە ئەگەری وەرگرتنی ئەم هەڵوێستەی بزووتنەوەی گۆڕان بەدڵفراوانییەوە لەلایەن سەرانی کوردو هەردوو هێزی سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانییو پارتی دیموکراتی کوردستانەوەو نەخوێندنەوەی وەک کارێکی نێگەتیڤانە، هاتنە سەر باوەڕو نزیککەوتنەوە لە تێزو کارنامەو پرۆژەکانی گۆڕان، دەسپێکێکی ترو دەستکەوتێکی ترە لە ململانێکانی نێوان دەسەڵاتی سیاسییو ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لە کوردستان.

دەکرێت هەموو لایەک لەوەش دڵنیابین، کە ڕێگەچارەو پرۆژەکانی بزووتنەوەی گۆڕان تموحو داوای شەقامی کوردییە، نەک ئەجێندایەکی دەرەکیی، ئەمەش بۆ خۆی داکوتانی پایەکانی حکومەتی هەرێمە لە هەر دەستێوەردانو هەڕەشەیەکی ئیقلیمیی، کە هەردوو هێزی سەرەکییو سەرانی کوردیش دڵنیایی ئەوەیان هەیە لەم بزووتنەوەیە کە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی خەڵکی کوردستانەو دوورە لە دەستێوەردانی دەرەکیی.

# گۆڕانو ئیرادە



هۆشیار عەبدوڵڵا

تەحەددییەکانی بەردەم گۆڕان بۆ ئەوەی وەک ئۆپۆزسیۆنێکی جدیی دەربکەوێتو بە زوویی دەستەمۆ نەکرێت ئاسان نەبوون، بەڵام تا دێت هەنگاوەکانی گۆڕان ئەو ڕاستییە باشتر بەرجەستە دەکەن، کە ئەو هێزە مەبەستییەتی بە ئیرادەیەکی سیاسیی سەربەخۆ جیاوازییو جیهانبینی خۆی مانیفێست بکات، ڕۆڵێک کە هیچ کام لە حیزبە بچووکەکان پێشتر نەیانتوانیوە لێی نزیکبنەوەو هەندێکیان لە نییەتیشیاندا نەبووە..

ئیشکالی گەورەی لەدایکبوونی هێزگەلی جیاجیای هەرێمی کوردستان ئەوە بووە، کە نەیانتوانیوە جیاواز بن لە یەک، چونکە بە شێوەیەک کۆمیدییە کە حیزبی ئیسلامیی لەسەر مۆدێلی هاوشێوەی یەکێتیو پارتی لە فۆرمە بەلشەفیەکەیدا بەرهەمهێناوە، ئەوە جیاواز لەو لێکچوونە ناوەکییەی زۆر هێزی کردووە بە دووڕووی دراوێک، جیاواز لەوەی ئەو هێزانە هەمیشە پێیەکیان لە حکومەتدا بووەو بەشداریی دەسەڵاتیان کردووە، ئەگەر ئەو بەشداریکردنە جەبریش بووبێت (وەک ئەوەی بەسەر حیزبێکی ئیسلامیدا سەپا دوای ڕووداوەکانی ١٩٩٦)، مەبەستمە بڵێم؛ تا هاتنی گۆڕان ئۆپۆزسیۆنبوون لە کوردستاندا هەرگیز مانایەکی ڕاستەقینەی نەبووەو ئەوەی هەبووە جگە لە بۆڵەیەکی شەرمن ئەولاتر نەڕۆیشتووە...

وێستگەی یەکەمی ئەو ئیرادەیە بۆ گۆڕان تەحەدای یەکەمیەتی لە جاڕدانی لیستێکی جیادا، بێ ئەوەی زەمینەسازییەکی تەکنیکیو پلانێکی لەمێژینەی بۆ هەبووبێتو ڕاستەخۆش خەونو وشەی گۆڕانی جاڕدابێت، بزووتنەوەیەک بێ بوونی قاعیدەیەکی ڕێکخراو بێ بارەگاو بێ پارە، بەڵام ئەو ئیرادەیە ڕۆژێکی مێژوویی دروستکرد، کە (٧/٢٥) بوو، دەرئەنجام ئەو گۆڕانە ڕوویداو کوردستان بووە خاوەن سیستمێکی سیاسیی بە ئۆپۆزسیۆنێکی کاراوە (بە شایەتی سەرۆکی کابینەی شەشەمی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان)...

گۆڕان لە چەندین وێستگەی تری هەستیاردا بووەتە تاکە دەنگی جدیی خاوەن ئیرادە لە بەرامبەر ئەو مەیلەی دەیەوێت بێدەنگیی بەرهەم بێنێت، زۆربوون پێیانوابوو؛ گۆڕان تەنیا شەپۆلی نارەزاییو کەفو کوڵە، لێ تا دێت زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە ئەو بزووتنەوەیە خاوەنی ئیرادەیەکی گەورەی گۆڕینەو جورئەتێکی سیاسیی وای هەیە، کە بە دەنگی بەرز بۆچوونەکانی خۆی دەگەیەنێتو لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە خۆی بە پاشکۆی هیچ هێزێکی تر نازانێتو خاوەن تێڕوانینی سەربەخۆیە، بە مانایەکی ڕوونتر ئەو سەردەمە ڕۆیشت کە یەکێتیو پارتی خۆیان وەک تاکە هێز، وەک تاکە بۆچوون، وەک تاکە خەمخۆر، وەک تاکە نیشتمانپەروەرو تاکە حەقیقەت مانیفێست بکەن، ئێستا هێزێکی سیاسیی جدیی دەبینین کە زوو زوو پێیان دەڵێت: بەسە...یان بووەستن...


ئێستا گۆڕان بەشێوەیەک باڵانسی هێزی لە کوردستان گۆڕیوە کە بە ئاشکرا جەمسەرەکان جیابوونەتەوە، یەکێکیان گۆڕانو هێزە مەدەنییەکان نوێنەرایەتی دەکەنو دەنگێکن بۆ ڕاگرتنی ئەو سیاسەتەی کە لە ماوەی ڕابردوودا هەڵەی کوشندەی بەرهەمهێناوەو بە توندیی بەگژ ئەو سیاسەتەدا دەچێتەوە، کە وایکردووە دیدی کۆمەڵێک هێز دیدێکی پاوانخوازیی ئەوتۆ بێت، کە هەموو کایەکان قۆرغ بکاتو فاتیحە بۆ دیموکراسی بخوێنێت... جەمسەرێکیش هەموو هەوڵێکی ئەوەیە وەک چۆن لە ڕابردوودا سەپاندنی هێزی هەبووەو چاوسوورکردنەوەی زانیوە ئێستاش سەپاندنی ڕای زۆرینەی هەبێت بێ ئەوەی ڕێگە بدات کەمینە ڕای خۆی بڵێتو خەڵک ڕەشو سپی جیابکاتەوە، لەوەش واوەتر ئەو مەیلە تۆتالیتارییەی کە مەبەستیەتی بە یاسا، ئەو یاسایەی هەرگیز یەکسان نابێت بە دادپەروەریی، دەست بگرێت بەسەر هەموو جومگەکانی ژیانی سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئابووریدا.

ئەرکی گۆڕان لە هەردوو ئاستی ئیرادەو جیاوازبووندا سەختە، سەختە، چونکە تەنیا خۆی لە گۆڕەپانی (نا) وتن دایە، سەختە، چونکە دەمێکە مەیلو موراهەنەی لە گۆڕنانی ئەو (نا)یە هەیە، کە دەسەڵات بۆی هەزم ناکرێت...

کۆمەڵگەی کوردی ئێستا لەوە هۆشیارترە بە ناوی نیشتمانپەروەرییەوە لە موزایەدەکان تێنەگات، کۆمەڵگە دەزانێت هەرکات کۆمەڵێک هێز باسی نیشتمانپەروەرییو سۆزی پیرۆزی کوردایەتیان کرد، کێشەیەک، یان بەڵاو ئافاتێک بۆ نیشتمان بەڕێوەیە، لە ماوەی ڕابردوودا بووەتە مۆدێل هەرکات دەسەڵاتی سیاسیی لە ژوورە تاریکەکانو لە مقاوەڵاتی سیاسیی سەرکەوتوو نەبووبێت پەنای بۆ جادەو خەڵک هێناوەو گوێی ئەوانی بە دروشمی تیمساحی ئاخنیوە، ئێستا خەڵک هۆشیارترە لەوەی تێنەگات، کێن ئەوانەی باسی کوردایەتی دەکەنو کێن ئەوانەی تۆمەتبار دەکرێن بەوەی یەکڕیزیی کورد تێک دەدەن؟!، چونکە وەک مانگی چواردە دیارە کە خەمی ئەوان خەمێکی حیزبییەو ئەوە گۆڕانە دەیەوێت ئەو خەمە بکاتە خەمێکی نەتەوەیی، ئەوان مەبەستیانە وەک حیزب لە بەغدا بنو گۆڕانە مەبەستیەتی کورد وەک سەنگی نەتەوەیەک لە بەغدا بێت، ئەوە حیزبە مەبەستیەتی پۆستەکان بۆ خۆی بچنێتەوە، وەک برا بەشیان بکاتو گۆڕانە ئەوەی بەلایەوە گرنگ نەبێت پۆستە جگە لە مافەکانی کورد.

گۆڕان کە بزووتنەوەیەکی سیاسیی تازەیەو هێشتا سەرقاڵی بونیاتنانی خۆیەتی لە باری ناوخۆیدا، بەڵام بە دیوی دەرەوەدا تاکە دەنگی جدییو ئازاشە کە بە هەموو دوعایەکی دەسەڵات ناڵێت ئامین.

# گۆڕان، لە کشانەوە، یان ڕووبەڕووبوونەوە؟



دانا هەڵەبجەیی

کشانەوەی لیستی گۆڕان لە (٢٠١٠/١٠/٢٩) لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی بەغدا، سەرەتای کۆتاییهێنانە بە پاشکەوتنو پاشگریی لیستەکەیان لە یەکێتیو پارتیو بەرژەوەندییەکانیانو کۆتاییهێنانە بەو دەستپێکە هەڵەیەی لیستی گۆڕان لەناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەرەو پەراوێزبوونێکی کاوەخۆیی ملی دەنا.

هیچ نەنگییەک نییە بۆ لیستی گۆڕان کە بە تەنیا بەشداریی لە پەرلەمانی عێراق بکاتو ئەگەر ئەم تاکڕەوییە نەنگی بوایە، خۆ چوار ساڵی ڕەبەقی ڕابردوو، لیستی یەکگرتووی ئیسلامی بە تاکوترا لە پەرلەماندا بەشداری نەدەکرد، بگرە بەو تاکلیستییە زۆر هەڵوێستی پۆزەتیڤیشی هەبوو. ئیتر دیارە کارو کارنامەو پێگەی گۆڕان فرە سەنگینە، وا هەندێکی تووشی ماخۆلان کردووەو ئەم هەڵویستەی گۆڕان بە کشانەوە لە بەرژەوەندییەکانی دۆزی کورد دادەنێن، ئەی ئەگەر وانییە، بۆ جاران هەمان زوڕنا بۆ یەکگرتوو نەدەژەنرا؟

هاوپەیمانیی کوردستانیی چوار ساڵی پێشتر، چییان کردووە بۆ دۆزی کوردو کەرکوکو ناوچەدابڕێنراوەکان، تا لەم خولە نوێیەی پەرلەماندا زیادی بکەن؟ پێشتر سەرۆک کۆمار، وەزیری دەرەوە، جێگری سەرەک وەزیران، هەموویان کورد بوونو (دەشێت ئەمساڵ وانەبێت) ژمارەی کورسییەکانی کوردیش زیاتر بوون، ئەو پایەبەرزانەی پارتیو یەکێتی کە پێشتر لە بەغدا ئەندام پەرلەمان بوون، ئێستاش هەمان ڕووخسارن، ئەی کەواتە کام بەرد ماوە تا ئەم چوار ساڵە بیخەنە سەر بەردەکانی دی؟

لە چوار ساڵی ڕابردوودا، هاوپەیمانیی کوردستانیی ئەوەندەی هەرای لەسەر کێشەی بودجەو ناردنی نەوتو مووچە دەنایەوە، (کە هەموویشی بە پەنهانی میللەتەوە لوشدرا)، قەد بە کێشە چارەنووسییەکانی نەتەوەی کوردەوە نوزەیان لێوە نەدەهات، ئیتر لیستی گۆڕان لەگەڵیاندا بێت، یا نا، کام کێو دەگرن تا بەفری تێکەن؟، ئەگەر هەمان تاسو هەمان حەمام دووبارە بێتەوە.

خەڵک، دەنگی نەداوە بە گۆڕان تا ڕۆڵی پارتە بچووکە دەستەمۆکانی دەسەڵات ببینێت، یان لاساییو دووبارەیان بکاتەوە، نیوملیۆن مرۆڤی کورد، ئەگەر چاوەڕێی باشییان لە دەسەڵات بکردایە، دەنگیان بە گۆڕان نەدەداو ئەو هەموو جوانانە نەدەڕژانە سەر شەقام، ئەگەر ناشیرینییان لە دەسەڵات نەبینیایە. کەم گۆڕانخواز ماوە، تووشی نانبڕین، ناوسڕین، ناسنامەدڕینو شوێنفڕین نەبووبێت بە دەست یاساو ڕێسای شێرەکانی هاوپەیمانی کوردستانیی، ئیدی چ مەنجەڵێک دەتوانێت لەمانە پێکەوە، ئاشێکی خۆشتام دروست بکات؟

لەکاتێکدا گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان وەک ئۆپۆزسیۆن ئاکتیڤەو کاریگەرییەکانیشی ڕوونو ئاشکران، ئەی بۆ ناتوانێت بە هەمان میتۆد لە بەغدا کاریگەریی هەبێت بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەیی کورد؟

ئایا دەکرێت، بزووتنەوەی گۆڕان لە کوردستان، ئۆپۆزسیۆن بێتو لە عێراق لە دەسەڵاتدا هاوبەش بێت؟، لەکاتێکدا ئەوە کوردستانیان بوون بۆ چاککردنی گوزەرانیان، دەنگیان بە گۆڕان داوە، نەک عەرەبی زۆنگاوەکانی باشوور. من کە گازندەم لە دەسەڵاتی کوردی هەبوو، کەواتە ڕەخنەشم لە حکومەتی عێراقی هەیە.

لیستی هاوپەیمانی کوردستانیی، دانی بۆ پێگە بەرزەکانی دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا جیرکردووەتەوەو هەموو ئەو دەستکەوتانەشی دەوێت هەر وەک جاران بۆ خۆی (یەکێتیو پارتی)و ئەگەر گۆڕانیش لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا بێت، کەواتە بەشدارییکردنە لەگەڵ دەسەڵاتەکەی کوردستان، بەڵام لە حکومەتی عێراقدا، بێگومان بە ریتمی بەرژەوەندییەکانی یەکێتیو پارتی.

لیستی گۆڕان، دەتوانێت هەر وەک ئەوەی کوردستان، لە بەغداش لیستێکی سەربەخۆی ئۆپۆزسیۆن بێت، ئەگەر ئەمەش بکات، کلتوورێکی نوێ دەهێنێتە مەیدانی سیاسیی عێراقیشەوەو ئازاترینو جەربەزەترین لیست دەبێت لە سەرتاسەری عێراقدا، هەرچەندە هیچ حیزبێک لە عێراقدا نایەوێت ببێتە ئۆپۆزسیۆن، هەموو دەیانەوێت بەشێک لەو کێکەیان بەرکەوێت.

لە دۆخەکی دیکەدا، لەبەر ئەوەی لە پەرلەمانی عێراق سیستمی سازان پەیڕەو دەکرێت، هەموو دەیانەوێت لە حکومەتدا بەشداربن، کەواتە لیستی گۆڕانیش دەتوانێت، بەشی خۆی لە دەسەڵات وەرگرێتو بە توانایەکی باشەوە خزمەتی پێبکاتو بۆ هەموو عێراقیشی بسەلمێنێت کە ئەمان جودان.

گۆڕان، لە کاتێکی باشدا خۆی وەک جەنگاوەرێک ڕووبەڕووکردەوەو بەرامبەر دۆخێکی ئاڵۆزی عێراق بەرەو بەغدا کەوتەڕێ، بە پشتبەستن بەو هێزو توانایەی شەقامی کوردییو میدیای ئازادو ئازادیخوازانو پەرلەمانتارەکانی، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەرنویشتسازدان، نەک لە کشانەوە. گۆڕان خۆی دەتوانێت دەنگ بدات بە شتە باشەکانی لیستی هاوپەیمانیی، ئەگەر خێری بۆ کورد تێدا بوو، پێچەوانەکەشی بە هەمان شێوە، ئیدی بۆ هاوپەیمانی کوردستانیی دڵتەنگ دەبن؟ خۆ پێشتر لیستی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق نەبوو، ئەو هەموو دەستکەوتە گەورانەیان بۆ گەلی کورد فەراهەم کرد!، با ئەم جارەش بەبێ لیستی گۆڕان ئەو تۆزە شتەی کە ماویانە بۆ کوردی داماو، بیکەن، با تەواوی بکەن.

با لیستی گۆڕانیش ئەزموونێکی نوێ بخولقێنێت، خۆ دنیای دیموکراسی نارووخێت بەسەر یەکدا.

# گەندەڵیی لە کوردستان

مەحمود کەریم ئەحمەد

گەندەڵیی، دیاردەیەکی جیهانیی کۆنو بەردەوامەو تایبەت نییە بە کۆمەڵگایەک، یان قۆناغێکی مێژووییەوەو بەهۆیەوە چەندین ڕژێم لەناوچوونو چەندین شۆڕش هەڵگیرساوە. لەنیوەی دووەمی هەشتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا، گەندەڵیی لە جیهاندا گەیشتە ئاستێکی وا کە ئەنجامە خراپەکانی لەسەر پەرەپێدانی ئابووریو کۆمەڵایەتی، هەڕەشەی ڕاستەقینەی لە چەقبەستن، یان ڕووخانی هەندێک لە کۆمەڵگا گەورەکان دەکردو بۆ بەرەنگاربوونەوەی، لەسەرەتای نەوەدەکاندا چەندین بیروڕا پەرەیان سەند.

ئەمڕۆ بەهۆی جیهانگیریی و بانگەشەکردن بۆ سیاسەتی کرانەوەی ئابووری، کێبڕکێی بەرهەمەکان لە بازاڕەکانی جیهاندا، ئازادیی جوڵەو شتنەوەی دراو، زۆریـی تاوانی ڕێکخراو، کۆچی بەرفراوانو... هتد، هەموو جۆرەکانی گەندەڵیی بە ڕێـژەی جیاواز لەهەموو ئاستێکو لە هەموو سیستەمە ئابوورییەکاندا بوونیان هەیە، بەتایبەتی لە وڵاتــە دیکتاتۆریی، عەسکەرتارییو شمولییەکاندا، ڕەگی داکوتیوە.

بەگوێرەی توێژینەوە زانستییەکانی بواری پەرەپێدانی مرۆیی، لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا، پڕۆژەکانی بواری پەرەپێدانی ئابووریو کۆمەڵایەتی فەشەلیان هێناوە، چونکە بە تەنیا (٥٪)ی خەڵک، دەسەڵاتی سیاسییو ئابووریو زۆربەی سامانەکانیان لـەژێر دەسـتـدایـەو (٣٥٪)یــان داهاتیان سنوردارەو بەتەواوی بەشی پێداویستییەکانی ژیانیان ناکات، (٦٠٪)یـش لەژێر هێڵی هەژارییەوەن.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی دەستەی نەزاهەی عێراق، پارەی بەفیڕۆدراو لە ماوەی دوو ساڵی ڕابـردوودا لە وەزارەتەکاندا نزیکەی (٧,٥)ملـیـار دۆلار بـووە، (٤)ملـیـاری لە وەزارەتی بەرگریدایە، کە دەکاتە (٥٣. ٣٣٪) و لە وەزارەتی کارەباش (١)ملیار دۆلار کــە دەکاتە (١٣,٣٣٪)ی ئەو بڕە پارەیە.

لەهەمانکاتدا، ڕاپۆرتەکان وای پیشان دەدەن کە عێراق سێیەم وڵاتە لە ریزی (١٨٠) وڵاتی جیهاندا لە گەندەڵییدا، تەنیا (سۆماڵو مانیمار) لە پێشییەوەن، جگە لەوەی کە (٧) ملیۆن عێراقی لەژێر هێڵی هەژارییەوەنو پلەی ناوەندی ڕێژەکەی بۆ هەموو پارێزگاکان (٢٦٪) زیاترەو زۆربەیان لە ناوەڕاستو باشووری عێراقدان.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەش کە لە سایتو میداکانەوە بڵاودەکرێنەوە، هەموو جۆرو شێوازەکانی ئەنجامدانی گەندەڵیی لە کوردستانیشدا لە ئاستێکی مەترسیداردان.

خەمخۆرانو پسپۆڕان لە ڕوانگەی جیاجیاوە سەیری دیاردەی گەندەڵیی دەکەن: ئاین، گەندەڵکاران بەستەمکارو زۆردارو لەخوا یاخیو ڕسوای هەردوو دنیا ناو دەبات. ئابووریناسان، بە شکستهێنانی دەوڵەتی دەزانن لە پەرەپێدانی ئابووریو کۆمەڵایەتیدا بەهۆی لاوازیی دامودەزگا گشتییەکانو نزمیی ئاستی وەبەرهێنانەوە. یاساناسان، بە لادان لە بنەما یاساییەکانو ڕووخێنەری حوکمی یاسای دادەنێن، بەتایبەتی ئەگەر دەسەڵاتی دادوەری بگرێتەوە. سیاسەتمەداران، پێداگری لە ناشەرعییەتی حوکمو لاوازیی دەزگاکانی کۆمەڵی مـەدەنـیو هێزە سیاسییەکان دەکەنەوە. کۆمەڵناسان، بە بەزاندنی بنەما ڕەوشتیو ویژدانیو مرۆییەکانی ناودەبەن. پسپۆڕانی بواری کارگێڕییش، پێیان وایە، هەڵسوکەوتێکی نافەرمییە کە جێگەی فەرمیی گرتووەتەوە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە ئابووریو کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵگا پیایاندا تێدەپەڕێت.

سەبارەت بە گەندەڵیی، هێشتا توێژەرو ئەکادیمیو سیاسەتمەداران، کۆدەنگ نین لەسەر پێناسەیەکی گشتگیر کە هەموو ڕووەکانی گەندەڵیی بگرێتەوە، بەڵام ئەو پێناسەیەی کە لە ڕووی زانستییەوە زیاتر ڕەواجی هەیە، لە ڕوانگەی ئەو پسپۆڕانەی کە لەبواری پەرەپێداندا ئیش دەکەن، پێناسەی ڕێکخراوی شەفافییەتی جیهانییە کە پێیوایە: «گەندەڵیی، خراپ بەکارهێنانی وەزیفەی گشتییە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی».

بەگشتیی، زۆریـی ماناو پێناسەکانی گـەنـدەڵـیـی، ئـەوە نـاگـەیـەنـێـت کە ڕووبەڕووبوونەوەیان ئاسان نییە، بەپێچەوانەوە توێژینەوەی زانستیی قوڵو بە بەرنامەو جیاوازیکردن لەنێوان ئەو گەندەڵییانەی کە لە ئەنجامی پاڵپێوەنەری شاراوەی ناخی مرۆڤەوەن لەگەڵ ئەوانەی بەهۆی گۆڕانکاریی ژینگەوە ڕوودەدەن، یارمەتی ڕژێمە سیاسییەکانو دەزگاکانی چاودێرییو دادوەریـیو پسپۆڕانی بواری کارگێڕییو ئابووریو ئەوانەی مەبەستیان چاکسازییە، دەدەن کە ستراتیژیەتی زانستیو گشتگیر بۆ خۆپاراستنو قەڵاچۆکردنی گەندەڵیی دابڕێژن، پێش ئەوەی بگاتە ئاستی بەکارهێنانی دەزگا ئەمنیو دادوەرییەکان.

بەگشتیی دەتـوانـرێـت کـە بوترێت، گەندەڵیی هۆکاری سەرەکیی دواکەوتنی وڵاتانی جیهانی سێیە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا. چەندین دیاردەی دزێوی ئابوریو کۆمەڵایەتیی ترسناکی بەدواوەیەو دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خۆشەویستیی خەڵک بۆ گەلو نیشتمانەکەیانو لاوازبوونی متمانەیان بە حوکمەتو دواتـر نائارامیی سیاسییو کۆمەڵایەتی... هتد.

لە وڵاتە دواکەوتووەکانی جیهاندا، واقیعو ئیدیعاکان لەیەکەوە دوورنو پەنجەخستنە سەر شوێنی ئازارەکان، بوێریی دەوێتو هیچ بەرپرسێک نییە داوای چاکسازیو قەڵاچۆکردنی گەندەڵیی نـەکـات، بەڵام بەشێوەیەکی ترو لە ڕێگەی ترەوە دەیهێننەوە، بە قسەو ڕواڵـەت ئامادەن دەسەڵات بدەن بەخوارووی خۆیان بۆ لەناوبردنی گەندەڵیی، بێئەوەی ڕێگە بدەن کە بەڕاستی ئیجرائات دژی گەندەڵکاران بکرێت، کەواتە ئەو ئیدیعایانە دەچنە خانەی لافو گزافەوە.

## گەندەڵییو جۆرەکانیو چارەسەریان:

یـەکـەم: جـۆرەکـانـی گـەنـدەڵـیـیو نیشانەکانیان:

١-١ گەندەڵیی سیاسی: بریتییە لە لادان لە ئامانجو پرەنسیپە سیاسییەکانو پێڕەوکردنی حوکمی شمولیو هەستکردن بە ئەزەلییەتو خۆ بە پارتی پێشڕەوزانو پیرۆزکردنی حیزب، یان فرۆشتنی پرەنسیپەکان بە دەوڵەتە جیهانیو ناوچەییەکان بەهۆی (فشار، بێئاگایی، تێوەگلان، خیانەت. . . هتد). لەگەڵ ململانێی دەستگرتن بەسەر دەسـەڵاتو ئابووریی وڵاتداو بەکارهێنانیان لەبەرزترین ئاستی دەوڵەتدا بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی تا ڕادەی بازرگانیی نێودەوڵەتی کە بە (گەندەڵیی ڕەش) ناسراوە.

١-٢ گەندەڵییی ئیداریی: بریتییە لە پێشێلکردنی یاساکانی خزمەتی شارستانیو پشتگوێخستنی ڕێنماییو پرەنسیپە کارگێڕییەکان. گرنگترین نیشانەکانی:

١-٢-١ باوەشکردن بە کورسیی حوکمدا. لەگەڵ توندڕەویو تاکڕەویو بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندیی تەسکو تایبەت.

١-٢-٢ هەڵئاوسانی ئیداریی بەهۆی دروستکردنی دامـودەزگـای ناپێویستو بێبەرهەم بە مەبەستی دۆزینەوەی شوێن بۆ کەس.

١-٢-٣ هەڵئاوسانی وەزیفیو بێکاریی ڕووپۆشکراو، بەهۆی بێپلانی لە دامەزراندنی فەرمانبەراندا.

١-٢-٤ نەبوونی کەسانی شیاو لەشوێنی شـیـاودا، بەهۆی دانـانو هەڵسەنگاندنی فەرمانبەران لەسەر بنەمای نایاساییو نائاساییو نابابەتی بەهۆکاری (شەخسی، نـەفـسـی، کـۆمـەڵایـەتـی، دەسـتـەگـەری، ناوچەگەری، خزمایەتی، حیزبایەتی، سێکس. . . هتد).

١-٢-٥ زێدەڕۆیی لە جێبەجێکردنی یاساو ڕێنماییەکاندا لەبەرامبەر کەسانی بێپشتو پەنادا.

١-٢-٦ بەفیڕۆدانی کاتو تواناو پارە بەهۆی ڕۆتینی دوورو درێــژو ئاڵۆزو نەشارەزاییو بێتواناییو تێنەگەیشتن لە یاساو پرەنسیپە ئیدارییەکان، جگە لە پاڵپێوەنەری شەخسی، نەفسی، غەریزیی مرۆڤ.

١-٢-٧ کۆنیی دامودەزگاکان، کۆنیی سیستەمی بەڕێوەبردنو نەبوونی هەماهەنگیی پێویست لەنێوانیاندا، جگە لە بەحیزبیکردنو دەستوەردان لە ئیشو کاری یەکت.

١-٢-٨ کەمیی بەرهەمە تازەکانی زانستو تەکنۆلۆجیا لەبواری کارگێڕییدا، یان نەشارەزایی لە بەکارهێنانیاندا.

١-٢-٩ نزمیی ئاستی هەڵسوکەوتی پیشەیی (السلوک المهنی)و بوونی دیاردەکانی دووڕوویی و دووزمانی، پاشقول لەیەکگرتن لەناو فەرمانبەراندا.

١-٢-١٠ قسەی زۆرو کـرداری کەم، زۆروتنو کەمبیستنی لێپرسراوان.

١-٢-١١ کەمتەرخەمیی، پابەندنەبوون بەکاتی فەرمیی دەوام، بەجێهێشتنی شوێنی کـار، بەفیڕۆدانی کات بەقسەو ڕۆژنامە خوێندنەوەو چاخواردن، ڕاگرتنی دەوام بۆ پێشوازیکردن لە کەسانی حیزبیو حکومیی بە نفوز، پێشوازیکردنو بەڕێکردنی میوان لە شوێنی کارکردن، خۆبەزلزانین، نزمیی ئاستی هەستکردن بە لێپرسینەوە.

١-٢-١٢ زۆریـی پرسگەو نووسراوی نهێنیو باسکردنی نهێنیی کارو فەرمانگە لە دەرەوەو ماڵەوە.

١-٢-١٣ ناهاوسەنگی لەنێوان پەیوەندییە فەرمییو مرۆییەکاندا، جیاوازیکردن لەنێوان فەرمانبەراندا، بێدادیی لە دابەشکردنی ئەرکو مافدا.

١-٢-١٤ نەبوونی ڕوونـیو ڕاشکاوی لە دەربڕینی بیروڕاو دەستنیشانکردنی ڕاستییەکان لە ترسی سزادانو گواستنەوەو نانبڕینو لابردنو سزای جۆراوجۆری تر.

١-٢-١٥ زۆریی دیاردەکانی دواکەوتن، واز لەکارهێنان، سەرپێچی (دوران العمل) بەهۆی هەستکردن بە زوڵمو غوبنو مەغدوری.

١-٢-١٦ بێپلانی لە ڕێکخستنو هاندانو چاودێریو لێپرسینەوەداو لاوازیی دادگای ئیدارییو ئەنجومەنو لیژنەکانی دیسپلینی فەرمانبەرانی دەوڵەت.

١-٣ گەندەڵیی داراییو ئابووری: بریتییە لەلادان لە یاساو ڕێنماییە داراییەکانو لاوازیی لە جێبەجێکردنیاندا، وەک:

١-٣-١ دزیی، بەرتیل، دیاریی، دەعوەت، شیرینی، بەخشیش، ئیختیلاس، تەزویرو ساختەکاریی، ڕاکـردن لە بـاجو گومرگ، چاوبڕینە ماڵی دەوڵــەت، فڕاندنی پارە بۆ دەرەوەی وڵات، شتنەوەی پارەی ڕەشو قاچاخچێتیی گەورەو بچووک.

١-٣-٢ لاوازیـی سیاسەتی ئابووریو داراییو نەقدیو ناڕۆشنی لە داهاتو خەرجو حساباتی کۆتاییو بودجەی گشتییدا.

١-٣-٣ نەبوونی مووچەو کرێی یەکسان بۆ کاری یەکسان، یان دور لە وردبینیو هەقبینی.

١-٣-٤ خەرجکردنی پـارە لـەبـواری ناپێویستدا، وەک کڕینی ئۆتومبێلی مۆدێل بــەرزو ڕازانـــدنـــەوەی ژووری کـاری بەرپرسانو فڕێدان، یان فرۆشتنیان پێش کۆتایی تەمەنی دیاریکراویان بەهۆی کۆنبوونی مۆدێلەکانیانەوە!

١-٣-٥ وردبینی نەکردن لە (ادخال و اخراج مخزنی)و نەبوونی جەردی ساڵانەی کەلوپەل بەشێوەیەکی زانستیو ڕاستو دروست.

١-٣-٦ ناردنی فەرمانبەران بۆ دەرەوە بەبێ گوێدانە بواری پسپۆڕی، هەوڵدان بۆ تەواوکردنی بودجەی ساڵانەی تەرخانکراو لەکۆتایی ساڵی داراییدا، بەبێ پلان.

١-٣-٧ پابەند نەبوون بە سیاسەتی کەمکردنەوەی خەرجییەکانو پەرەسەندنی خووی پارە بەفیڕۆدان.

١-٣-٨ دیـارنـەمـانـی پـارەی زۆری پـڕۆژەکـان، دیارنەمانی پـارەی زۆر لە هاوردەو هەناردەکردندا، لەکاتی شەڕو کڕینی چەکو تەقەمەنیدا، لەکاتی کەمکردنەوەکانو چاککردنەوەی بیناو دروستکردنی ڕێگاوبانو بەڵێندەرایەتییەکاندا.

١-٣-٩ بەفیڕۆدانی پارەی زۆر بۆ ئەو میدیاو دامودەزگایانەی کە ئەرکیان پاسکردنو پاراستنی دەسەڵاتە.

١-٣-١٠ نەبوونی سیاسەتی ئابووریی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی دیاردەکانی هەڵئاوسانو پووکانەوەی ئابووریو نزمیی ئاستی وەبەرهێنانو پەکخستنی پڕۆژە بچووکەکانو بەربڵاوی بێکارییو هەژاریی.

١-٤ گەندەڵیی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە نزمبوونەوەی ئاستی ویژدانیو ڕەوشتی مرۆییو بەزاندنی بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵ کە دەبنە هۆی (ڕووخانی مرۆڤ، کەمتەرخەمی، ناکۆکی، دەمارگیری، توندڕەوی، تاوان، بێدادیی، نزمیی ئاستی پیشەیی، گوێنەدانە مافی گشتیی، هەستکردن بە زوڵمی کەمینە لەسەر زۆرینە، بڵاوبوونەوەی ڕقو کینە، هەژاریی، جیاوازیی چینایەتیی، تێکچوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، نەبوونی دادی کۆمەڵایەتی...هتد). بەهەموویان هێزی کۆمەڵ پەک دەخەن.

١-٥ گەندەڵیی دادوەریو یاسایی: بریتییە لە دووفاقی (بانێکو دووهەوا) لە شیکردنەوەو جێبەجێکردنی دەقە یاساییەکاندا، بەهۆی ناسەربەخۆیی دادگاکانەوە، جگەلە پیادەکردنی ڕۆتینی دورو درێژو ئاڵۆز لەلایەن هەندێک لە پیاوانی یاساوە لە بەرژەوەندیی بەهێزەکان لەدژی لاوازەکان.

## دووەم: ڕێگاکانی ئەنجامدانی گەندەڵیی:

٢-١ بەرتیلی بچوکو گەورەو نێودەوڵەتی: گەندەڵیی بچوک، وەرگرتنی بەرتیلە لەلایەن فەرمانبەرێکەوە بۆ ئەنجامدانی کـاری هاوڵاتییان. گەندەڵیی گەورە، بریتییە لە پێدانی بەرتیل بە گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتانەی کە دەیانەوێت بازرگانی کەلوپەلو پێداویستی زۆر لەگەڵ بازاڕی ناوخۆدا بکەن، یان هەندێک پڕۆژە دەخەنە ڕوو بۆ جێبەجێکردن لەلایەن کەرتی تایبەتەوە لە ڕێگەی کەمکردنەوەوە، بۆ ئەم مەبەستەش کەرتی تایبەت بەرتیل دەدات بە لێپرسراوان بۆ ئەوەی کەمکردنەوەکەیان بـۆ وەربـگـرن کـە دەبێتە هـۆی گرانیی کەلوپەلی هاوردەو بەرزبوونەوەی تێچوونی گشتیی پڕۆژە ئابوورییەکان، بەڵام بەرتیلی نێودەوڵەتی خۆی لە (بازرگانیو بەڵێندەرایەتی گەورە، کڕینی چەک، وەرگرتنی وەکالەتی کۆمپانیا نێودەوڵەتیو فرە ڕەگەزەکان، کەمکردنەوە نێودەوڵەتییە زەبەلاحەکان، دانی ئیمتیاز بۆ گەڕان بەدوای نەوتو گازو کانزاکان، کڕینی فڕۆکە، کەمکردنەوەکانی کەرتی پەیوەندییەکانو...هتد)دا دەبینێتەوە، ئەمەش لەسەر ئاستی سیاسیو بیرۆکراتی بەیەکەوە، یان بەجیا ڕوو دەدەن. بەگشتیی، کاتێک گەندەڵیی سیاسیو دارایـی پێکەوە دەبەسترێن، وەزیفە بیرۆکراتییە بەرزەکان دەبنە ئـامـرازی زیاتر دەوڵەمەندبوونی کەسەکان.

٢-٢ بەکارهێنانی پۆستی گشتیی: خاوەن پۆستە بەرزەکان کە پلەو پایەکانیان بـۆ دەستکەوتی مـادیـی بەکاردەهێنن، دەبنە بازرگانو خاوەن کارو ڕێوشوێنی جۆراوجۆر دەگرنەبەر بۆ گەورەکردنی قەبارەی سامانەکانیانو لەجیاتی بایەخدان بە پەرەپێدانی وڵاتو دابینکردنی خۆشگوزەرانیو بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی گەلەکەیان، خەوو خەیاڵیان هەر لەلای زۆرترکردنی پارەو موڵکو ماڵە.

٢-٣ ڕفاندنی پـارە: بەرپرسان، ئەو پـارەیـەی بە ڕێگای نایاسایی دەستیان دەکەوێت، دەینێرنە بانکو بازاڕەکانی دراوی وڵاتە بیانییەکان بۆ کڕینی زەوی، یان پشکی کۆمپانیاکان، یان سوودی ساڵانەی بەرز لە بانکەکاندا.

٢-٤ ڕاکردن لەباجو گومرگ: دانی بەرتیل لەلایەن بازرگانو خـاوەن کارەکانەوە بە لێپرسراوانی حکومەت بۆ کەمکردنەوە، یان بەخشین لەباج بۆ ماوەی دوورو درێژ، یان جیاوازیکردنیان لەپێدانی گومرگ لە ڕێگای یاریکردن بە یاساکان، یان گۆڕینی جۆری کەلوپەلی هـاوردە لەسەر پسوڵەکان، بۆ کەمکردنەوەی گومرگ.

٢-٥ تۆمارکردنی بەشێکی زۆر لەو کۆمەکو هاوکارییو قەرزە دەرەکییانەی کە بۆ پەرەپێدانی ئابووری وەردەگیرێن، لە بانکەکانی دەرەوە، بەناوی کەسوکاری دەسەڵاتدارانەوە لەجیاتی هێنانی بۆ ناو وڵات.

٢-٦ یاریکردن بە نرخی ئەو کەلوپەلانەی کە دامـەزراوە حکومییەکان دەیانکڕن، یان دەیانفرۆشن.

## سێیەم: هۆکارەکانی گەندەڵیی:

٣-١ نەبوونی دیموکراتیو نا ناوەندێتیو بێفەڕیی سیستەمی بەڕێوەبردن.

٣-٢ قۆرخکردنی پۆستە هەستیارەکان لەلایەن سیاسییەکانەوەو زاڵبوونیان بەسەر بڕیارە چارەنووسسازەکانو دەستگرتن بەسەر چالاکییە ئابوورییەکاندا.

٣-٣ بەفیڕوادانی سامانی نیشتمانی، چاوبڕینە ماڵی دەوڵــەت. ناعەدالەتی لە دابـەشـکـردنـی سامانی وڵاتو داهـاتـی تاکەکەسدا.

٣-٤ نـەبـوونـی دەوڵـەتـی یاساییو دەستووریو دامەزراوەیی کە هاندەری خەڵک بێت بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵیی بەبێ ترس لە فڕاندنو کوشتنو لابردنو پەراوێزخستن.

٣-٥ نزمبوونەوەی ئاستی ویژدانی، مرۆیی، ڕەوشت، پیشەیی، شەرەفی وەزیفیو بەزاندنی بەها کۆمەڵایەتییە جوانەکان.

٣-٦ نەبوونی کەسی شیاو لەشوێنی شیاوداو کرێی یەکسان بۆ کاری یەکسان.

٣-٧ ناڕوونی یاساکانو جێبەجێکردنیان بەپێی خواستو بەرژەوەندیی دەسەڵاتداران بەهۆی ناسەربەخۆیی دەزگاکانی چاودێرییو دادوەرییەوە.

٣-٨ خنکاندنی بیروڕاو میدیای ئازادو هــەوڵـدان بۆ ڕێـگـریو سەرکوتکردنیان بەشێوازی جـۆراوجـۆرو تەرخانکردنی بودجەی زەبەلاح بۆ ئەم مەبەستە.

## چوارەم: چارەسەرەکانی گەندەڵیی:

٤-١ بـوونـی ئـیـرادەی سیاسیی بەهێزو ڕاستەقینە بۆ دیموکراتیزەکردنو بەیاساییکردنی هەموو بوارەکانی ژیان.

٤-٢ دانـانـی یاسا بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵییو سزادانی گەندەڵکاران، بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی لە پلەو پایەدا.

٤-٣ دابینکردنی ئارامیی هەمیشەییو دڵنیایی ژیان بۆ هەموانو دوورکەوتنەوە لە هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوەی (نەتەوەیی، ڕامیاریی، ئاینیی، مەزهەبیی، ڕەگەزیی... هتد).

٤-٤ زامنکردنی ئازادیی بیروڕاو میدیای ئازاد بە یاساو نرخاندنی هەوڵەکانیان بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵیی.

٤-٥ چاکسازیی ئیداریی لە ڕێگەی نوێکرنەوەی دامودەزگاکانو نەهێشتنی هەڵئاوسانی ئیدارییو وەزیفی بەپێی (**تخطیط القوي العاملة**)و دانانی خەڵکی مشورخۆر لەجێی مشەخۆر بەپێی (**تحلیل وتوصیف الوظائف والاعمال**).

٤-٦ ڕیشەکێشکردنی هەژارییو بێکارییو گرانیی لە ڕێگەی پلانی ئابووریو داراییو نەختیی گونجاوو کۆکردنەوەی داهاتەکان بەڕوونیو چاکیو پاکیو کەنالیزەکردنی خەرجییەکانو ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەو حساباتی کۆتایی بەشێوەیەک دادپەروەریی ئابووریو کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکات.

٤-٧ خۆشکردنی زەمینەی مادییو مەعنەویی بۆ پەرەسەندنی ئابووریی کەرتی تایبەتو پاراستنی ئازادیی بازاڕ بە یاسا.

٤-٨ قەدەغەکردنی مۆنۆپۆلی بازاڕو قەدەغەکردنی کاسپیکردنی حیزب بە یاسا.

٤-٩ هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییو ڕۆشنبیریی خەڵک سەبارەت بە ئەمانەتو دەستپاکییو ڕەوشتبەرزییو پـاراسـتـنـی مـاڵـی گشتیی لـە ڕێـگـەی ماسمیدیاو قوتابخانەو خوێندنگاو زانکۆو مزگەوتەکانەوە.

٤-١٠ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریو پاراستنی سەربەخۆییان لەگەڵ فراوانکردنی بـازنـەی چـاودێـریـیو شەفافییەتو دەستەبەرکردنی سەلامەتی چاودێرییو دادپـەروەریـیو لێکۆڵینەوەو دادگایکردن بەشێوەیەک کە هەموو جومگەکانی دەوڵەتو فەرمانبەران بگرێتەوە بەبێ جیاوازی.

٤-١١ هـانـدانو بەخشیشکردنی ئەو کەسانەی گەندەڵییەکان ئاشکرا دەکەن.

٤-١٢ کاراکردنی ڕۆڵی دەستەی نەزاهەو دیوانی چاودێریی ئیدارییو داراییو مەخزەنی ناوخۆییو بەستنیان بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەگەڵ دیاریکردنی ئـەرکو دەسـەڵاتـەکـانـیـانو یەکخستنی هەوڵەکانیان.

٤-١٣ دانانی ستراتیژیەتی گونجاو بۆ پەرەپێدانی هەموو کەرتە ئابوورییو خزمەتگوزارییەکانو هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی هەموو جۆرەکانی گەندەڵی بچووکو گەورەو نێودەوڵەتی، بەتایبەتی سپیکردنەوەی پارە بە یاسا.

**سەرچاوەکان:**
- **الفساد الاداری والمالی فی العراق، دکتور سمیر عبود، معهد الادارە الرصافە، ٢٠٠٨، بحپ منشور.**
- **اصول التنقیم، غفور محمد شاکر، جدە، ١٩٨٤، ص ٥٢٦-٥٤٨.**
- **گۆڤاری هەشتاو هەشت، مەڵبەندی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) گەرمیان، ٢٠٠٥، لاپەڕەی ٢١-٢٥.**
- Httpi//ejabat.google.com 162010/9/.
- www.aliraqian.com july 2010.
- www.iraqfoundation.org



# ساڵێکی کابینەی شەشەم، لە دیدی میدیای وابەستەدا

بەهرۆز عەلی

بەشێوەیەکی گشتیی، سیستمی راگەیاندن بۆ دوو شێوە پۆلێن دەکرێت، سیستمی راگەیاندنی لیبراڵ، کە زادەی کلتووری پێشکەوتنی خۆرئاوایەو زیاتر قوتابخانەی راگەیاندنی ئەمریکای سەرمایەداریی نوێنەرایەتی دەکات، لەگەڵ سیستمی راگەیاندنی سوڵتەوی، کە زادەی کلتووری خۆرهەڵاتەو زیاتر یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو نوێنەرایەتی دەکرد، ئەم دوو شێوازە، بوونە بنەمای سیستمی راگەیاندن، هەرچی راگەیاندنی سیستمی لیبراڵە لە ئەمریکاو وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەرکی چاودێریکردنی کاروباری ئیداریی‌و خستنە رووی گەندەڵییەکانە، لە بەرامبەردا ئەرکی راگەیاندن لە سیستمی راگەیاندنی سوڵتەویدا، پیاهەڵدان‌و دەرخستنی دیاردە پۆزەتیڤەکانی حکومەتە، کە ئامانج لێی شاردنەوەی دیاردە گەندەڵیی‌و نێگەتیڤەکانە لە پێناو رەواج پەیداکردن بۆ حوکمڕان.

راگەیاندن لە سیستمی لیبراڵدا، قەبارەی گەندەڵیی‌و ئەندازەی زیان‌و کاریگەرییەکان دەردەخات لەمەڕ دواکەوتنی گەشەپێدان‌و پێشکەوتنی کۆمەڵدا، راگەیاندن لە سیستمی راگەیاندنی سوڵتەویدا، قەبارەی گەورەیی شتە ئیجابییەکان‌و بڕی تێچوون‌و سوودەکان دەخاتە روو.

لێرەدا راگەیاندن لە سیستمی لیبراڵدا، توانای کەسایەتی بوێرو مەعنەویی رۆژنامەنووس دەردەخات‌و وەک چاودێرێکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی دەیناسێنێت، بەڵام راگەیاندن لە سیستمی سوڵتەویی رۆژنامەنووس وەک کەسێکی هەژارو خواردەستی حوکمڕان دەردەخات، گەرچی ئەم پۆلینکردنە هی سەردەمی جەنگی ساردە، بەڵام تائێستاش سیماکانی بەدیدەکرێت لە پەیڕەوکردنیدا، گەر سەیری سیستمی راگەیاندنی هەرێمی کوردستان بکەین، سیمای راگەیاندنەکەی لە هی سەردەمی سۆڤێتی جاران نزیکەو تا رادەیەکی زۆر لە سیستمی راگەیاندنی سوڵتەویی دەچێت، نموونەی ئەم سیستمەش لەوەدا دەردەکەوێت، دوای ساڵێک حوکمڕانیی کابینەکەی بەرهەم ساڵح، کە نە خودی بەرهەم ساڵح، لە ماوەی تەنیا ساڵێک لە توانایدایە کەمترین کاریگەریی دروست بکات لەسەر ئەم هەموو گەندەڵییە کەڵەکەبووەجۆراوجۆرانە، نەکابینەکەشی ستراتیژێکی وای بەرەو رووی چاکسازیی ئاراستەکردووە، بەڵام راگەیاندن‌و رۆژنامەنووسی نزیک لە حوکمڕان، کەوتوونەتە پیاهەڵدان‌و مەدح‌و سەنای مشتە کارێکی ئیجابیی لە خەرمانێکی گەندەڵییدا، ئەوان باسی چۆرێک شتی پۆزەتیڤ دەکەن، لە کاتێکدا لەم ساڵەی حوکمڕانی کابینەی نوێ چەندین هەڵەی ستراتیژیی روویداوە، ئاخۆ چەند هەزار کەس بە مەحسوبی‌و مەنسوبی لەلایەن یەکێتی‌و پارتییەوە دامەزران؟ چی کرا بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسییەی چەندین تاوان؟ چی کرا بۆ رێگریی لەبەردەم زێدەڕۆیی‌و عەشوائیاتی جۆراوجۆرو دەستدرێژیکردن بۆ سەر زەوی کشتوکاڵیی‌و شوێنە ستراتیژییەکانی تر؟ چ هەنگاوێک نرا بۆ هەڵوەشاندنەوەی فەوجی چەکداری شەخسیی دوور لە هەموو پرەنسیپ‌و دیسپلینێکی زانستیی سەربازیی؟ چی کراوە بۆ ژینگەپارێزیی؟ ئەرێ لەماوەی ئەم ساڵەدا لە کابینەی نوێ د.بەرهەم، بەبێ ئاگای سەرۆکی حکومەت وەزیری سیادی سەردانی وڵاتانی دراوسێیان نەکرد؟ کە خوا دەزانێت بۆ چ پرۆتۆکۆڵێکی لابەلا سەردان دەکەن‌و حساب بۆ حورمەتی کابینەکە ناکەن؟ کام هەنگاوی بوێرانەی دوور لە مووجامەلات نرا بۆ سڕینەوەی ئاسەواری دوو ئیدارەیی؟

لێرەدا ئاساییە راگەیاندن‌و رۆژنامەنووسی نزیک لە حوکمڕان بکەونە مەدح‌و سەناو زیاتر دەست بە باڵی سیستمی راگەیاندنی سوڵتەویی بگرن، چونکە واقیع‌و ئەتمۆسفیری هەرێمی کوردستان ئەم سیستمەی لێوە پاشکەوت، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە، کەسێکی وەک د.بەرهەم، کە لە ژینگەیەکی سیاسیی پێشکەوتوو لیبراڵدا پەرەی بە کەسایەتی سیاسیی خۆیداوە، سیستمی راگەیاندن بە ئاقاری سیستمی سوڵتەویی بەرێت‌و رۆژنامەنووس‌و راگەیاندنی وابەستە بە حوکمڕان پەروەردە بکات، گەر بەرهەم ساڵح، بیەوێت سیاسەتێکی ئیسلاحیی پەیڕەو بکات، دەبێت پشت بە رۆژنامەنووس‌و راگەیاندنی لیبراڵ ببەستێت بۆ دەستنیشانکردنی گەندەڵیی‌و هاندانی حکومەت بۆ چاکسازیی، راگەیاندنێکی بابەتییانە لە یەک کاتدا کاریگەریی لەسەر جەماوەری نوخبەو جەماوەری میللی بکات بۆ فشار خستە سەر دەسەڵات، تا حکومەت بە ئاراستەی دەرکردنی بڕیاری سیاسیی چاکسازیدا بەرێت، ئێستا حکومەت لە بەردەم دەروازەی ئەرکی پەرەپێدانی جۆراوجۆری سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی‌و بونیادنانەوەی زیاترو دوور مەودا هەیە، بۆیە دەبێت پشت بە راگەیاندنێکی لیبراڵ ببەستیت، نەک راگەیاندنی وابەستە بە دەسەڵات، کە لە رێگەی دێراوێک لە بابەتی پۆزەتیڤ کێڵگەیەک دیاردەی نێگەتیڤ بشارێتەوە.



# «مافی چارەی خۆنووسین»ی کورد، دەوڵەتی تێدا نییە!

بەختیار شێخ عوسمان

تا ئەو کاتەی گەلێک مابێت بە دەستی خۆی چارەنووسی خۆی دیاریی نەکردبێت، ئەوا مرۆڤایەتی پڕ کەلێن دەبێت لە بەرامبەر ئازادیدا، مێژووی گەلان ئەوەی سەلماندووە کە ئازادیی‌و سەربەخۆیی بەرهەمی هەوڵ‌و خەباتی نەتەوەکان خۆیانن، بۆ ئەوەی هەوڵ‌و خەباتیش بگاتە ئامانج، پێویستیی بە ئیرادەی بەهێزو هوشیاریی تاک‌و باوەڕی پتەو و سەرکردەی خۆنەویست‌و حیزبی دڵسۆزو یەکڕیزیی گەل هەیە، تا ئەمانە دەستەبەر نەبن ئازادیی‌و سەربەخۆیی دەبنە مەحاڵ، کەواتە ئەگەر شتێک هەبێت ناوی «مەحاڵ» بێت، ئەوا لەناوەوە دەستپێدەکات، نەک لەدەرەوە لەلای رکابەرانی ئازادیی‌و داگیرکەرانی گەلان.

یەکێک لەو دروشمانەی کە گەلی کورد لە مێژووی خەباتی خۆیدا بانگەشەی بۆ کردووەو قوربانیی لە پێناودا داوە، دروشمی «چارەی خۆنووسین» بۆ گەلەکەمان بوو، سەدەی رابردوو سەدەی شۆڕش‌و خەبات‌و نسکۆ بوو بۆ گەلی کوردی ئەم هەرێمە، لەو سەدەیەدا (بێجگە لە دوا دەیەی) کورد فەرمانڕەوایی بستێک زەوی نەبوو، دروشمی «چارەی خۆنووسین» هاتە سەر گۆڕەپانی سیاسیی، لەم سەدەیەدا کە بستە زەوییەکەی سەدەی پێشوو بۆ کورد دەبێت بە (٤٠) هەزار کم دووجا، بە (٥١) بلۆک نەوتی ژێر زەمینەوە، سەرکردەیەک دێت‌و خەباتی خۆی‌و گەلەکەی لە بیر دەچێتەوەو هەر لێدوانێکی لای بێگانەکانی بۆ هەڵدەکەوێت بە راست‌و بە چەپدا دەکەوێتە شکاندنی کەسایەتی کوردو بەها پیرۆزەکانی‌و لە چاڵنانی هیواکانی، کورد دەکات بە کۆتری ناو قەفەزی داگیرکەرانی‌و شەرعیەت دەدات بە داگیرکەران، کە بۆ هەتا هەتایە دەست لەو قەفەزە بەرنەدەن، بیانووی جۆراوجۆر دەدۆزێتەوەو دەیداتە دەستیان‌و پێیان دەڵێت: ئەگەر بەم جۆرە نەتانتوانی ئێمە بخنکێنن، ئەوە رێگەی تر هەیەو بەم جۆرەی تر.

بە راست ئەو سەرکردەیە بۆ وا دەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارەو چەند گریمانەیەک:

گریمانەی یەکەم: رەنگە کە قسە بۆ ئەوان دەکات‌و خۆی خۆشەویست دەکات لە لایان، نەزانێت ئێمەی کورد دەیبیستینەوە، هەروەک جارێک لە کەسێکیان پرسی، دایکت خۆش دەوێت، یان هاوسەرەکەت؟ لە وەڵامدا زۆر بە هێواشی وتی: دایکم، وایزانی کە هاوسەرەکەی گوێی لێنەبێت ئیتر وەڵامەکەی راست دەبێت‌و کێشەشی بۆ دروست نابێت.

گریمانەی دووەم: رەنگە قسەی شیرین‌و پیاهەڵدانی دەوروبەرەکەی ئەوەندە کاریگەریی لەسەر دروست کردبێت، گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە هەموو حیزبەکەی وەک چواردەورەکەی بیر دەکەنەوەو هەموو کوردیش وەک حیزبەکەی بیر دەکەنەوە، خۆ ئەگەر واش نییە بۆچی تەنیا کادیرێکی حیزبەکەی نامەی وازهێنان نانێرێت‌و هەڵوێستێکی دژ وەدیار ناکەوێت، یان بۆ میللەت بێدەنگیی هەڵدەبژێرێت‌و هیچ ناڕەزاییەک نییە بێجگە لەوانەی کە خۆی وتەنی «بە مانگەشەو دەحەپن».

گریمانەی سێیەم: رەنگە بەم جۆرە لێدوانانە بە میللەت‌و بە نەوەی داهاتوویش بڵێت؛ ئەوەی ئێستا هەیە بەرهەمی خەباتی منەو لەوە زیاتر بەدینایەت‌و هەر هەوڵێک لەوە زیاتر کوتینی ئاسنی ساردەو ئێوە هەمووتان قەرزاری من‌و هاوەڵەکانمن‌و ئەو کورسی‌و دەسەڵاتەی من هەمە یەکسانە بە هەموو مافەکان‌و کەس بۆی نییە مەترسیی لەسەر دروست بکات لە هیچ پێناوێکدا.

کام مەحاڵ؟

ئەوانەی ئازادیی‌و سەربەخۆیی قۆرغ دەکەن هەرگیز ئامادە نابن دەستبەرداری دیلکردنی گەلان بن، ئەگەر ناچار نەکرێن، خۆ ئەگەر سەرکردەکانی کورد توانای میللەتەکەیان لە شەڕی براکاندا خەرج نەکردایە، خۆ ئەگەر داهاتی میللەتیان بە پلان‌و بە دادپەروەریی خەرج بکردایە، ئەوا کورد خاوەنی توانایەک دەبوو کە رکابەرەکانی ناچار دەبوون بەم شێوەیە نەبنە گابەردی سەر رێگەی دەوڵەت‌و سەربەخۆیی، بۆیە دەڵێین؛ ئەگەر مەحاڵێک هەبێت بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، بوونی ئەو سەرکردەو رابەرانەیە کە بە خۆسەپاندن‌و بە هەڵبژاردنی تەزویر هەموو جارێک دەبنەوە بە فەرمانڕەواو هەموو جارێک ئیرادەمان تێکدەشکێنن‌و لە هەموو وانەیەکدا بڤەمان فێر دەکەن.

# خەڵک بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆن

شوان رابەر*

با بزانین، ئەرکی خەڵک بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆن چییەو چ رۆڵێک دەبینێت؟ ئۆپۆزسیۆن، چ ئەرکو مافێکی لەسەر خەڵک هەیە، بۆ ئەوەی کارابێت‌و پێشبکەوێت، لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆن (بەئەسڵ) لەپێناو خەڵکدا دروست دەبێت، بەرگریی لە خەڵک دەکات، لایەنگیریی خەڵک دەکات‌و لەسەر خەڵک بەرهەڵستی دەسەڵات دەکات‌و رووبەڕووی دەبێتەوە، پێویستە، خەڵکیش بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆن، ئەم کارو ئەرکانە جێبەجێ بکەن.

١- بەگوێکردنی: پێویستە، خەڵک بەهەق بڕوای بە ئۆپۆزسیۆن هەبێت‌و لەسەر هەق بەدوای بکەوێت‌و بەگوێی بکات‌و بە هانایەوە بچێت.

٢- هاوکاریکردنی: پێویستە، بەهەموو شێوەیەک لەپێناو مافەکانی‌و بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکدا، هاوکاریی‌و پاڵپشتی ئۆپۆزسیۆن بکات‌و بەرگریی لێ بکات لە بەرامبەر دەسەڵات.

٣- جورئەت هەبوون: پێویستە، خەڵک لە هاوکاریی‌و لە پاڵپشتیکردنی ئۆپۆزسیۆندا، جەسورو دلێر بێت، لەگەڵیدا هاوهەڵوێست بێت.

٤- بڕوانەکردن بە دەسەڵات: پێویستە، خەڵک لەسەر خراپە، لایەنگیریی دەسەڵات نەبێت‌و لە شتە خراپەکاندا بڕوای پێ نەکات‌و بە دەهۆڵی دەسەڵات هەڵنەپەڕێت.

٥- پێویستە، خەڵک ستەم قبووڵ نەکات، خۆشباوەڕ نەبێت، بەرگریی لە خۆی بکات، خاوەن هەڵوێست بێت، گوزارشت لەڕای خۆی بکات، عاقڵ‌و تێگەیشتوو بێت، موتابەعەی کاروبارەکانی دەسەڵات بکات، نهێنییەکان بداتە ئۆپۆزسیۆن، شت لە دژی دەسەڵات بنووسێت‌و بڵاوبکاتەوە، رێکخراوی دژەکار دروست بکات‌و سکاڵا پێشکەش بە دادگا بکات‌و...هتد.

* ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵ

لە پەرلەمانەوە



کاردۆ محەممەد
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

# هێزی چەکدارو مافو ئیمتیازاتیان

هێزی چەکدارو دامودەزگاکانی ئاسایش‌و پۆلیس‌و پێشمەرگە رۆڵێکی گرنگو کاربڕ دەبینن، کاتێک دەبن بە هێزی نیشتمانیی‌و بەرگریی لە قەوارەو دابینکردنی ئاسایشی هاوڵاتییان دەکەن، بە پێچەوانەوە، دابەشبوون‌و ئینتیمابوونیان بۆ هەموو قەوارە بچووکو لۆکاڵییەکان، مەترسییەکی گەورە دەبێت بۆ نیشتمان‌و ئایندەی وڵاتەکەمان، بێگومان بەشێکی زۆری هێزە چەکدارەکان درێغییان نەکردووە لە خۆبەخشین‌و قوربانیدان‌و لەخۆبووردەیی.

لە هەرێمی کوردستاندا سەرەڕای چەندین بڕیاری سیاسیی‌و یاسایی بۆ رێکخستنی هێزی چەکدار، کەچی نەبوونەتە فاکتەری یەکخستنی هێزەکە، وەک دامەزراوەیەکی یەکگرتوو و نیشتمانیی، لە سۆنگەی بڕوابوونمان بە ئاراستەی چاکسازیی‌و گۆڕان بۆ ئەم دامەزراوە نیشتمانییە، چەند پرۆژەیاسایەک پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرا، (هەر لە قەدەغەکردنی کاری حیزبیی لەناو هێزی چەکدارو دابینکردنی مافو پێداویستییە لۆجیستییەکان، تا ببنە هێزێکی شارستانی‌و خاوەن مافو ئیمتیاز، کە جیاواز نەبێت لە هێزی چەکدار لە عێراقدا.

هەر بۆ هەمان مەبەست پرۆژە بڕیاری چاکردنی مووچەی پۆلیس‌و ئاسایش‌و هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١) ٢٠١٠/٦/٢٩ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، رەوانەی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش‌و لیژنەی یاسایی کرا، دوای گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەکە جارێکی تر لە لیژنەی یاسایی رووبەڕووی رەتکردنەوە بێ پاساوی یاسایی بووینەوە، بەڵام لیژنەی ناوخۆ بۆ تاوتوێکردنی پرۆژە بڕیارەکە بۆ پرس‌و را بە لایەنی پەیوەندیدار، بانگهێشتی وەزیری ناوخۆو پێشمەرگەی کرد، دوای گفتوگۆ ئاڵوگۆڕی بیرورا، ئەوان بۆچوونیان وابوو دەتوانن، چوار مانگی ماوە لەمساڵدا (٢٠١٠) دوو سەدو دە هەزار لە جیاتی خواردن (بدل ارزاق) خەرج بکرێت. ئەمە پێش ئەوەی پرۆژەکە بێتەوە ناو پەرلەمان بۆ پەسەند بکرێت، کەچی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار خەرجکراوە، بۆ بەشێکی پۆلیس، نەک هێزەکانی ناوخۆ، لەوانە: ئاسایش‌و بەرگریی‌و فریاکەوتن‌و زێرەڤانی‌و حەراسەت، کە بڕیار وابوو بۆ هەمووان بێت.

لە کاتێکدا لە مانگی (١٠) میلاکی نشینگەی پەساپۆرت‌و سەفەر گوازراوەتەوە بۆ سەر حکومەتی فیدراڵ (٢١٠) دوو سەدو دە هەزارەکەی سەرجەم ساڵەکەیان بۆ خەرج کردوون، مافی خۆمانە بپرسین، ئایا رێکخستن‌و پەرۆشیی بۆ هێزی پێشمەرگە هەر بە قسەو هات‌وهاوار دەبێت، یا بە پاراستنی مافیان رێکخستنیان لە سیستمێکی شارستانی دا؟ لەکاتێکدا لە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ژ(١١) ساڵی (٢٠١٠) لە هەرسێ بڕگەی مادەی (٢٤) جێبەجێکراوە لە بڕگەی (٣)دا هاتووە: وەدیهێنانی یەکسانیی لەنێوان مووچەی هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیس‌و لە هەرێم لەگەڵ مووچەی هاوتاکانیان لە حکومەتی فیدراڵدا، هەروەها لە دەقێکی راشکاوانە لە مادەی (٤٦)ی یاسای (٣٨)ی ساڵی (٢٠٠٧)دا (یاسای خانەنشینی پێشمەرگەو (پاسەوانی هەرێم)دا، هاتووە: ئەو پێشمەرگانەی (پاسەوانی هەرێم) کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، سوودمەند دەبن، لە هەموو مافو ئیمتیازاتی هاوتاکانیان لە لەشکری عێراقدا، کە یاسای خزمەت‌و خانەنشینی فیدراڵ، یان هەر یاسایەکی تری فیدراڵ دەیانگرێتەوە، لەگەڵ بوونی هەموو ئەو دەقە راشکاوانەو پێویستی پابەندبوون حکومەت بەم یاسایانەوە، هەروەها رەزامەندیی وەزیرە پەیوەندیدارەکان لە لیژنەی ناوخۆدا لەسەر خەرجکردنی ئەم بڕە پارەیە، کەچی لە لیژنەی یاساییدا بە پاساوی زیادبوونی ئیلتیزاماتی دارایی لەسەر شانی حکومەت پێشنیازی دواخستنی پرۆژەکە کرا، تا رای حکومەت وەربگرێت، پرۆژەیاساکە رەوانەی حکومەت دەکاتەوە، ئەم روانینە بۆ هێزی چەکدارو پاراستنی مافەکانیان مومکین نییە بتوانێت سەر لەنوێ هێزی چەکدار ئامادەو پۆشتە بکاتەوە، وە مافەکانیان بپارێزێت‌و لەپێناوی بەرگریکردن لە خاک‌و نەتەوەو کۆمەڵگەیەکی شارستانی‌و دیموکراتی، بەڵام هێشتا دەرفەت هەیە لە خستنە رووی پرۆژە بڕیارەکە بۆ پەسەندکردنی لەناو پەرلەمان ئەم بۆچوونە رەت بکرێتەوەو پرۆژەکە پەسەند بکرێت.

لە کۆتاییشدا خوازیارم بە هەڵەی هەندێک لە پەرلەمانتاران نەبینە مایەی زەوتکردنی مافی هێزە چەکدارەکان، تا نەگەینە ئەو رۆژەی ئەوان خوازیاری ئەوە بن مووچەکانیان لە بەغدا وەربگرن.

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر: ئازاد چالاک
بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
لێپرسراوی هونەری
شاخەوان ئەنوەر ٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦ shakhawan.shdn@gmail.com
کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info.rozhnama@gmail.com
riklam.rozhnama@gmail.com
دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠
ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - زەرگەتە - گردی زەرگەتە - کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
گەڕەکی زانکۆ - چوارڕێیانی حەمرین - تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤

# کورد لەبەردەم هێزە چاوکراوەکانی بەغدا دا



محەمەد رەئوف

هەرچەندە تائێستا حکومەتی نوێی عێراق پێکنەهاتووە، بەڵام سەرجەم ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە حکومەتی داهاتووی عێراقو ئەو هێزو لایەنانەی کە ئەمرۆ هاتوونەتە مەیدان چاوتیژتر دەبن بەرامبەر بە پرسەکانی کوردو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێرو بەغدا، بەو پێودانگەی ئەگەر لە رابردوودا کورد هێزی دووەمی ناو پەرلەمانی عێراق بووبێت، لە ئێستادا کورد بووەتە هێزی چوارەمو هەر بڕیارو پرسێک ئەو هێزانە بیانەوێت تێی بپەڕێنن تێدەپەڕێت، تەنیا زەمانەتی کوردیش دەستوورو تەوافوقی سیاسییە کە هەردووکیان لەبەردەم ئەو هێزانەدا لەرزۆکن، بەو پێودانگەی سەرجەمی ئەو هێزە نوێیانەی کە ئێستا بە گوڕو تینێکی زۆرەوە دەرکەوتوون لە رابردوودا بە هێزێکی کەمتر لە ئێستایان دەستووریان رەتدەکردەوە، ئەگەر کورد پۆستە سیادییەکان بە زەمانەت بزانێت، ئەوا سەرەڕای ئەوەی ئەگەری بەدەستهێنانەوەی ئەو پۆستە کاریگەرانە بۆ کورد ئەستەمەی (هەرچەندە ئەو پۆستانە هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو لەسەر یەکلایی کردنەوەی کێشەکانو بەدەستهێنانی مافەکانی کورد)، بەڵام لە داهاتوودا ئەو پۆستانەی کورد لەبەردەم هەژموونی ئەو هێزانەدا توانای ڤیتۆکردنی بڕیارەکانو رەتکردنەوەی ئەو پلانو هەوڵانەیان نابێت کە چاوەڕوان کراون، سەرجەمی ئاماژەکانیش بۆ ئەوە دەچن، کە ئەو هێزانە بە پلانو بەرنامەی نوێوە دێنەوە مەیدان، چونکە لە رابردوودا بە کەمترین کورسیو هێزەوە پلانەکانیان دژ بە کورد جێبەجێ دەکرد ئاخۆ لەمرۆدا کە هیچ لە تێڕوانینەکانیان بەرامبەر بە کورد گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە بە دڵنیاییشەوە پێگەی بەهێزیان دەبێت لە حکومەتو پرۆسەی سیاسیی نوێدا، دیارە کە پلانو ستراتیژیی تۆکمەیان دەبێت بەرامبەر بە کورد.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا کارتی کورد لە داهاتوودا چی دەبێت لەکاتێکدا ئەوان بەبێ کورد توانای تێپەڕاندنی بڕیارەکانو بەڕێوەبردنی وڵاتیان هەیە.. ئایا کورد دەتوانێت رێگریی لەو بڕیارو پلانانە بکات، کە دژ بە خواستەکانی کورد دەدرێـن؟، ئایا لە رابـردوودا کورد توانیویەتی دۆستی راستەقینە بۆ خۆی پەیدا بکاتو لە رۆژە سەختەکاندا بەرگریی لە مافەکانی کورد بکات؟... یـان بەرژەوەندییەکان سـەری دۆستایەتیان خواردووەو نوێنەرانی کورد لە بەغدا نەیانتوانیوە زەمینەیەکی لەبارو گونجاو بڕەخسێنن‌و پێگەیەکی بەهێز لە عێراقدا داکوتن. ئەوەی لە رابردوودا کورد لە بەغدا کردوویەتی توانای ئەوەی نییە زەمانەتێکی راستەقینە بۆ کورد مسۆگەر بکات، بەو پێودانگەی لە هەموو قەیرانەکاندا کورد لەگەڵ هێزوو لایەنەکاندا لە خاڵی سفرەوە دەستپێدەکاتو بەردەوامیش کورد سازشکەرە، کورد لە پێکهێنانی هەموو حکومەتەکاندا مەرجی جێبەجێکردنی لیستێک داواکاریی دووبـارەی هەیەو ئەوانیش تا دەرچـوون لە قەیرانەکان سەرجەم ئەو مەرجو داواکارییانەیان قبووڵە دواتر بە دەیـان بیانوو پشتگوێی دەخـەن‌و کوردیش بێدەنگ دەبێت، سووڕانەوە بە دەوری ئەو جۆرە دیبلۆماسییەتەی کورد شەقامی کوردی بێ ئومێد دەکـات بـەوەی سەرکردایەتی کـورد بتوانێت زەمانەتێکی راستەقینە بۆ کورد مسۆگەر بکات، ناکرێت تۆ بەشداربێت لە بونیادنانی بەغدایەکدا دنیایەک هێزوو کەسایەتی بەردەوام لە بۆسەدا بن‌و دژایەتی بەرژەوەندییەکانی کورد بکەن.. بەڵام لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە کێ ئەو هێزانەی بوغزاندووە بەرامبەر بە کورد ئەجێندای دەرەوە، یاخود مامەڵەی وشکو هەمیشە بە چاوی دوژمن تەماشاکردنی ئەو هێزانە، ئایا لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە کورد هیچ جۆرە دیالۆگو زەمینەسازییەکی کردووە بۆ راکێشانی سەرنجی ئەو هێزانە؟، ئایا مامەڵەی حیزبیانەی کورد لە بەغدا هۆکارێک نەبووە بۆ بوغزاندنی ئەو هێزانە؟

بەردەوام دروستکردنی ناحەزو دوژمن بۆ کورد هۆکاری دروستکردنی ئەو هێزانە نییە.. لێرەشەوە ستراتیژی کارکردنی کورد لە عێراقی نوێدا چییەو چۆن رووبەڕووی ئەو هێزو پلانانە دەبێتەوە لە پرۆسەی سیاسیی‌و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، کە ژمارەیەک لەو هێزانەی کـورد بە دوژمنی خـۆی دەزانـێـت یاریکەری سەرەکیی ناو ئەنجومەنی نوێنەران‌و پرۆسەی سیاسیی عێراقن؟!!.

# کشانەوەی گۆڕان، سەرەتاو ئەزموونێکی نوێ



چیا عەباس

بە درێژایی مێژووی نەتەوەکەمان دەسەڵاتدارانی کورد بەردەوام لە هزری نەتەوەییاندا گیرۆدەی چەمکێکی زاتی شمولی موتڵەق بوون‌و دەرەنجام زەرەر بە پرسە نەتەوەییەکە گەیشتووەو بە دەگمەن توانیویانە خۆیان‌و هزرەکەی لێبپارێزن.

کشانەوەی فراکسیۆنی گـۆڕان لە هاوبەندیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان رەنگدانەوەی جیاوازیی لێکەوتەوە، گومانیش نییە کە بۆچوون‌و هەڵسەنگاندنی لایـەنـەکـانـی تـر بـە رەچـاوکـردنـی بەرژەوەندییەکانی خۆشیانەوەداڕێژراون، هـەریـەک بەپێی هێزی پێگەکەی لە کوردستان‌و عێراق.

ئەو هێزو لایەنانە سەرپشکن، چۆن ئـەو بـڕیـارەی گـۆڕان‌و دۆخـە تازەکە هەڵدەسەنگێنن، وەلێ ئەم سەرپشکییە مانای ئەوە نییە کە راست و دروست بن لە حوکمەکانیاندا، گۆڕانیش دەستەوەستان نەوەستاوە چاوەڕوانی حوکمی ئەوان بکاتو بە میلۆدیای ئـەوان سەمای یەکریزیی‌و نەتەوەیی جۆشبدات. پێوەری سەرەکیی هەڵسەنگاندنی ئەم هەنگاوەی گۆڕان لە ئایندەداو بە کردار دەردەکەوێت، بۆیە کارێکی سیاسیی گونجاو نییە لە ئێستادا حوکم لە ئاکامەکانی بدرێت.

هـەڵـوێـسـتـی بـەڕێـز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم پێویستی بە هەڵوەستەکردن هەیە، چونکە بەڕێزی سەرۆکی هەرێمەو بە دەستپێشخەریی ئەویش ئەو هاوبەندییە دروستبوو و هەوڵو ماندوبوونێکی زۆری لەو بوارەدا خستبووە گەڕ، لە رەتدانەوەی سەرۆکی هەرێم لە لایەک چەمکی عەقڵانییەت‌و هـزری نەتەوەیی بـەدی دەکـرێـن‌و لە لایەکی ترەوە گەڕاوەتەوە بۆ تێگەیشتنە کلاسیکییەکەی یەکریزیی نەتەوەیی‌و بەو بۆچوونەش ناراستەوخۆ گۆڕانی لەو پرۆسەیە پەراوێزکردووەو بڕیارەکەی گۆڕانیش لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە بە هەڵە وەسفدەکرێت.

بزووتنەوەی گۆڕان نە رۆبن هودو نە فریادڕەسی نەتەوەییەو خۆشی وا نمایش نەکردووە، لە پرۆسەی هەڵبژاردندا متمانەیەکی زۆری خەڵکی کوردستانی بەدەستهێناوەو لەو سەرچاوەیەوە کار بۆ ئەرکو بەرنامەی نەتەوەیی دەکات، گـۆڕان‌و نوێنەرەکانی زادەی خێرو بەرەکەتی هیچ لایەن‌و کەس‌و تاقمێک نین‌و بەرپرسەکانیشی نامۆ نین بە خەبات‌و بزاڤی کوردایەتی‌و لە سایەی رەحمەت‌و شەفاعەتی هیچ سەرکردەو کەسێکدا ئەو ئاستە بەرزەی بەرپرسیارییەتیان بە دەست نەهێناوەو تێدا نەماونەتەوە، ئەمە زەمینە بەهێزو تۆکمەو نەلەرزەکەی گۆڕان‌و سەرکردەکانیەتی.

بەشداریی گـۆڕان لە هاوبەندیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پابەندبوو بە ئومێدێک، کە هەلێک لەو رێگەیەوە برەخسێت تا بە بۆچوون‌و هاودەنگیی هەموو لاکـان دارشتنەوەیەکی نوێی نەتەوەیی بۆ چەمکی شەراکەت لە حکومەتی بەغدا ساز بکرێت، ئەم ئومێدە لە یەکەم ساتەکانی چەکەرەکردنیدا بە ئەزمونی تاڵی شەراکەتی حیزبایەتی‌و بەدەستهێنانی پایەو پلە لە ساڵانی رابردوو لە ئەزمونی بەشداریی دەسەڵاتدارانی کورد لە بەغدا تەنرابوو، گۆڕان دوکانێکی سیاسیی نییە تا بەپێی کەش‌و هەوای رۆژگار کاڵاکانی خۆی عەرز بکات‌و چەمکە سەرەکییەکانی کارکردنی لە سات‌و ئاندا بگۆڕێت.

لە مـاوەی ئەو ساڵانەدا نوێنەرانی کورد لە بەغدا سەرکەوتوو نەبوون لە چەندین مەسەلەی چارەنووسسازی نەتەوەییدا، پشکی شێر لە هۆکارەکانی ئەم شکستە بۆ نوێنەرەکان دەگەڕێتەوەو بە تایبەت ئەوانەی کە بێ یەکو دوو وەک نوێنەری حیزبەکانیان کاریان کردووە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان هزری نەتەوەیی لە پرۆسەی شەراکەت لەگەڵ عەرەبی شیعەو سوننەدا پاشەکشەی کردووە، بۆ نموونە ناوچەدابڕێنراوەکانی کوردستان رووبـەڕووی تەعریب‌و جیاوازیکرنی نەتەوەیی بوونەتەوە، بە لایەنی کەمەوە لوتکەی دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا سیستماتیک ئەم سیاسەتە بەڕێوەدەبات، کەچی نوێنەرانی کورد کە بەشێکن لەو حکومەتە لە بەرامبەر ئەم سیاسەت‌و رەفتارکردنە بەعس ئاسایەدا نەیاتوانیوە بە لایەنی کەمەوە ئەو پرۆسەیە رابگرن‌و بە پێچەوانەوە رۆژانە روو لە هەڵکشاندنە.

کشانەوەی گـۆڕان لەو هاوبەندییە کشانەوە نییە لە پرۆسە نەتەوەییەکە، بەڵکو واڵاکردنی دەروازەیەکی نەتەوەیی ترەو رەخساندنی دەرفەتێکی نوێیە بۆ گونجاندنی دیدو بۆچوونی گەورەترین هێزی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی تردا، بە تایبەت لەگەڵ هێزە دەسـەڵاتـدارەکـانـی کوردستان، خاڵە زۆرە هاوبەشەکانی گۆڕان‌و لایەنەکانی تر لە بەرنامەی کاری هاوبەندییەکەدا دیاریکراون‌و بە نییەتی پاک‌و هەماهەنگیی‌و هاریکاریی نێوان هەموو لایەنە کوردییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەتوانن لـەو پـرۆسـەیـەدا رۆڵـی کاریگەریی خۆیان ببینن بۆ بچڕاندنی گەورەترین بەشی ئەو داواکارییانە، کورد وتەنی: کەلەشێریش نەخوێنێ رۆژ هەر دەبێتەوە، هاوبەندییەکەش تاقانە پێگەی نەتەوەیی نییە تا مۆری نەتەوەیی‌و یەکریزیی بە پێکهاتەکانی کوردایەتی ببەخشێت، دەکرا ئەو چوارچێوەیە گەشەی پێبدرایەو لە گەمەی سیاسیی‌و قۆرخکردن بپارێزرایەو بە کۆی گشتیی هەموو لایەنەکان بکرایە بـەو پلاتفۆرمە نەتەوەییە شەرعییە بەهێزەی لە بەرژەوەندیی خاک‌و نەتەوەدا بووایە.

عەرەبەکانی عێراق بە چەندین قەوارەو حیزب‌و بزووتنەوە لە بەغدا بەشدارن، ئەو شتەی کەکۆیان ناکاتەوە هزری نەتەوەییەو ئەوەشی کە لە بەغدا کۆیکردوونەتەوە چەمکەکانی تایفی‌و مەزهەبی‌و دوژمنایەتی مـێـژووییـە، بۆیە لـەسـەر پۆدیۆمی بەناو دیموکراسی خەریکی کوشتن‌و سڕینەوەی یەکترن. خۆشبەختانە کورد لەم سیاسەت‌و رەفتارکردنە هەمەجییە خۆی پاراستووە، ئەم ساتەشی لەگەڵدابێت نەتەوە هەموومانی بەیەکەوە گرێداوەو هەر لایەنێک بەپێی دیدو بۆچوونی خۆی‌و خاڵەکانی هاوبەشیشمان زۆرترن لەوانەی لە یەکمان دووردەخەنەوە.

لەم سەردەمەی دنیادا، کۆمەڵگەو هێزە سیاسیی‌و بزووتنەوەو تەنانەت رەوتـە فیکرییەکانیش روو لە یەکەو چوارچێوە بچووکەکانی رێکخستن‌و کارکردن دەکەن، شێوە کلاسیکییەکەی سەردەمانی کولۆنیالیزم و شەڕی سارد بۆ کۆکردنەوەو رێکخستنی پێکهاتەکانی بزاڤە نیشتمانیی‌و نەتەوەیی‌و رزگاریخوازەکان کاڵبوونەوەی تـەواوی پێوە دیـارە، تەنانەت تێگەیشتن لە یەکریزیی‌و پێناسەکردنی‌و یەک هەڵوێستیی‌و کێ دۆست‌و دوژمنیشە، جۆرەها لێکدانەوەو چەمکی جیاواز لە خۆ دەگرن، یەکریزیی کورد تەنیا بە حونجەکردنی چەند خاڵو رستەو داواکارییەک نایەتەدی، وەلێ کرۆکی رەسەنی نەتەوەیی‌و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی تەنیا کۆڵەکەیە کە هەموو هێزو رەوت‌و ئاراستە دڵسۆزو جیاکان لـەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە، دەکرێت ئەم کۆکردنەوەیە بە شێوازو رێگەی جیا ئەنجام بدرێت‌و گرنگ نییەت‌و ئاکامە، لێرەدا کەس گومان ناخاتە سەر دڵسۆزیی‌و پەرۆشیی هیچ لایەنێک بە قەدەر ئەوەی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی جیاواز دەبێت ببنە ئەو جومگانەی کە کۆی گشتیی لێیان بنیات دەنرێت، جا ئەو لایەنانە لە دەسەڵاتدا بن، یا لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن. مەخابن هاوبەندییەکە نەیتوانی ئەو جومگانە بە شێوازێکی دروست‌و رەواو گونجاو بە یەکەوە گرێ بدات.

لەم روانگەیەوە هەر سڕینەوە، یا کەمکردنەوە، یا پەراوێزکردنی قورسایی هەر لایەنێک لە کوردستان‌و لەسەر ئاستی عێراق تـەواوی شەرعیەتی جەستەی نەتەوەیی لە سەرجەم پرۆسەکان دەخاتە گومانەوەو تەنیا بە کۆی گشتیی قورسایی هـەمـوو لایـەنـەکـان ئـەو شەرعییەتە بەرجەستە دەکرێت‌و بەردەوام دەبێت.

# پەیوەندیی جەماوەرو پەرلەمانتارەکانی ئۆپۆزسیۆن...!



دڵشاد حافز

هەڵسەنگاندنی مێژووی مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵو بیری ئابووریدا، یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی بیرمەندان‌و رۆشنبیران‌و سیاسییەکانی هەر میلەتێکە کە خەبات دەکات لەپێناوی رزگاریی نەتەوەیی‌و چەوسانەوەی چینایەتیدا، ئەرکی هەموو تاکێکی کوردە کە پێش چوونە ناو دونیای سیاسەتەوە، بەشێوەیەکی زانستی‌و هۆشیارانە مـێـژووی کوردستان‌و دەوروبـەری هەڵسەنگێنێ‌و دۆست‌و دوژمنی حۆی بناسێ،کەئەمەسەرەتایەکی سادەیە بۆ کەسێک کە بچێتە بواری کاری سیاسییەوە لە پێناوی ئامانجێکی دیاریکراودا. هەموو داستان‌و کارەسات‌و رووداوەکانی هەر گەلێک، دەبنە نەخشە رێگاو کلیلی چارەسەری کێشە ئاڵۆزەکان، ئەگەر هەڵسەنگاندنی واقیعییانەی بۆ بکرێت، شۆڕش‌و راپەڕینەکانی کورد لە کوردستانی گەورەدا، بەپێی مێژووی لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا سەریانهەڵداوە، لەو سەردەمانەدا توێژی جوتیاران‌و رەنجدەران زەرەرمەندترین کەسەکان بوون کە لەلایەن ئاغاو دەرەبەگەکانەوە دەچەوسانەوە، لە هەمانکاتیشدا ئەمانە زەخیرەیەکی مرۆیی مەزن بوون لەکاتی داگیرکردن‌و تاڵانکردنیدا کە لەنێوان ناوچەکاندا ئەنجام دەدرا.

لـە دوای راپـەڕیـنـی(١٩٩١)ەوە، هـەر سێ پارێـزگـاکـەی کوردستان سلێمانی، هـەولـێـر، دهـۆک، کەوتە دەستی شۆڕشگێڕە کوردەکان کە لە شاخەوە بەرەو شار هاتن، بە هاوکاریی دۆستەکانی کورد لە خۆرئاواو ئەوروپا، ئەم پارێزگایانە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقدا دەرچوون‌و کورد توانیی بە ماوەیەکی کـەم، پەرلەمان‌و حکومەتی خۆماڵی دامەزرێنێ‌و پەیوەندیی ئابووریی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا پتەو بکات، کە ئەمە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ ئیدامەپێدانی بەڕێوەبردنی کوردستان‌و هەوڵدان بۆ ئاوەدانکردنەوەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە جەماوەری کوردستان لە عێراقدا، پاش رووخاندنی رژێمی بەعس‌و هاتنەسەرکاری حکومەتی نیشتیمانی لە عێراقدا، جارێکی تر نەخشەی سیاسیی ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا هات‌و کەرکوک وەکو شارێکی کوردی لە سنووری کوردستان دابڕێنراو خرایە سەر چوارچێوەی(المناطق المتنازع علیها)، هەرچەندە دەبوایە لە کۆتایی ساڵی(٢٠٠٧) دا ئەم کێشەیەی کۆتایی پێ بهاتایە، بەڵام دۆزی کەرکوک‌و ناوچەکانی تریش، تا ئێستا بەبێ چارەسەر ماونەتەوە.

پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـان کـە بـەهـەڵـبـژاردن‌و دەنـگـی جـەمـاوەری کوردستان، وەکو دەزگایەکی تەشریعی دروسـت بـوو، هەتا سـاڵـی(٢٠٠٩) تەنها هـەردوو حیزبە سەرەکییەکەو هاوپەیمانەکانیان سەرچاوەی بڕیار بوون تێیدا، بەڵام لە دوای (٢٠٠٩/٧/٢٥) وە، پەرلەمانی کوردستان بۆ یەکەمینجار ئۆپۆزسیۆنی بەخۆیەوە بینی، کۆمەڵێک پـرۆژەی بەسوود خرانە بەردەستی پەرلەمان‌و بۆ یەکەمینجار مەسەلەی بودجەو فرۆشتنی نەوت خرایە بەر دیدی خەڵک، ئەمانە هەمووی ئاساین ئەگەر خۆمان بە وڵاتێکی دیموکراتی بزانین، یان باوەڕمان بە سیستمی دیموکراتی هەبێت، لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێک ئاستەنگ دەخرێتە پێش چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆن بە بیانوی زۆرینەی دەنگەکان لەناو پەرلەماندا، واتە ئەگەر هەر پرۆژەیەکی بەدەنگی(1+50)کۆتایی هات، ئەوە دەبێتە بڕیاری پەرلەمان‌و پاشان دەدرێتە حکومە بۆ جێبەجێکردنی کە ئەمەش زیانێکی زۆر بە بەشێکی گرنگی میللەتەکەمان دەگەیەنێت کە دەنگیان بە ئۆپۆزیسیۆن داوە لە کەشوهەوایەکی دیموکراتییانەدا.

### ئێمەی جەماوەر چی بکەین؟

کەس ناتوانێت بە شێوەی (مطلق) دان بەوەدا بنێت کە هەموو تاکێکی کورد، ئاستی هۆشیاریی سیاسی لە قۆناغێکدایە کە بتوانێت بە ئیرادەی خۆی دەنگ بە لایەنێک، یان حیزبێکی سیاسی بدات، تا ببێتە نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵام زۆربەی خەڵکی کوردستان، درک بە گەندەڵی‌و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و خراپ بەکارهێنانی بودجە دەکەن، بۆیە لـەم حاڵەتەدا جـەمـاوەر دەبنە چەند بەشێکەوەو دەنگەکانیش پەرتەوازە دەبن، ئەگەرچی بزووتنەوەی گۆڕان هەر دوای ئاشکرابوونی هاتنەمەیدان‌و توانییان (٢٥)کورسی لە پەرلەمانی کوردستاندا بەدەستبهێنن، هـەروەهـا توانییان چەندین پرۆژەی بەسوود پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان بکەن‌و مۆدیلێکی نوێیان لە خەباتی پەرلەمانی نمایشکردو زۆربەی چاودێرانی سیاسیش پێیانوایە کـە ئـەم هـەڵـوێـسـت‌و هەنگاوانەی پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن، بە گشتی پێویستیان بە پشتگیریی جەماوەری هەیە کە راستەوخۆو رۆژانـە کارلێک لەگەڵ رووداوەکـانـدا بکەن، لە میدیاو تەلەفزیۆنەکانەوە رەخنەی بنیاتنەر ئاراستەی پەرلەمانتارەکانی ئۆپۆزسیۆن بکەن‌و پێشنیازی بەسوود بخەنە سەر مێزەکانیان، ئەمە خـۆی یەکێکە لە شێوەکانی خەباتی جەماوەری لەپێناوی خۆشگوزەرانی‌و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان.

نابێت جەماوەری کوردستان دەست لە ئەژنۆ لە چاوەڕوانییدا بێت، ژیان پێویستی بە هەوڵو ماندووبوونەو زۆر گرنگە لەم سەردەمەدا، بتوانیت بە شێوەی ئاشتییانەو دوور لە توندوتیژی خەبات بکەیت لەپێناوی نان‌و ئازادیدا.

### ئەزموونێکی بچووکی غاندیی مەزن

غاندی، سەرکردەی روحیی هیند، پارێزەرێکی ئـاوارە بوو لە خوارووی ئەفریقیا، کاتێک خەڵکی هیند سەرقاڵی خەباتی مەدەنییانە بوون دژی هەژاریو بێکاری، بۆ یەکەمینجار لە ساڵی(١٩١٥) دا سەرکردایەتی راپەڕینێکی گەورەی جوتیاران‌و هەژارانی هیندی کرد دژی ئەو باجو سەرانەیەی کە بە ناهەق بە سەریاندا سەپابوو، غاندی بـاوەڕی بە یاخیبوونی ئاشتییانە هەبوو، واتە یاخیبوون دور لە توندوتیژی لەپێناوی راکێشانی کاربەدەستەکانی هیند بۆ سەر مێزی گفتوگۆو ئەم پیاوە مەزنە، چەند مەرجێکی دەستنیشانکردووە کە پێویستە هەبن لەپێناوی سەرخستنی یاخیبوونەکە کە ئەمانیش هەندێک بانکگراوندی ئاینی‌و ئابووری‌و سیاسییان تێدا بەدی دەکرێت، وەکو ئازایەتی، راستی، دژەتوندوتیژیی، ئەمانە وەکو پرەنسیپێک کە ئەگەر پیادە بکرێت، گەل بە ئامانجەکانی دەگات.

# کشانەوەکەی بزووتنەوەی گۆڕان



مەریوان عەلی*

لەبەرئەوەی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر نەریتی دیموکراسیی‌و ڕێزگرتنی بەرامبەر دانەمەزراون، لەبەر ئەوەی مێژووی شەڕو شۆڕو پێکدادانەکانیان زۆر زیاترە لە مێژووی هەنگاونانیان بەرەو دیموکراسیی‌و کرانەوەو ڕێزگرتنی ئەوانی دی... بۆیە ئاساییە کە گوێ بە داواکاریی هیچ لایەنێک نەدەن، ئاساییە لەسەر بنەمای هێزی زۆرینەو کەمینە خۆیان بسەپێنن، گەورەیی ئەمان لە هەرێمدا شتێکەو لەسەر ئاستی عێراقیش شتێکی تر، لەسەر ئاستی هەرێم دەبێت هەموو هێزەکان گوێڕایەڵ‌و راییکەری بەرژەوەندییەکانی ئەوان بن، دەبێت هەموو ئەو شتانەی سوودو بەرژەوەندیی ئەوانی تێدایە جێبەجێ بکرێت، نابێت بیر لە چاکسازییەکی سیاسیی‌و ئیداریی‌و یاسایی بکرێتەوە، کە بشێت بالانسی هێزی نێوان یەکێتی‌و پارتی بگۆڕێت، یان ببێتە بنەمایەک بۆ فەرمانڕەوایەتی مەدەنی‌و دیموکراسی.

گەورەیی ئەم دوو هێزە یەکسان نییە بە گەورەیی بنکە جەماوەرییەکەیان، توانای ئەم دوو هێزە یەکسان نییە بەو دەنگانەی بەدەستیان هێناوە، جەختکردنیان لەسەر بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە یەکسان نییە بە سیاسەتی ئاشکراو ژێربەژێریان، ئەم دوو هێزە لە هەموو شوێنێکی دونیاو عێراق باسی دیموکراسی‌و تەوافوق دەکەن تەنیا لە کوردستان نەبێت، لە هەموو شوێنێک پێیان باشە ڕێزو حساب بۆ کەمینە بکرێت، تەنیا لە کوردستان نەبێت، ئەم دوو هێزە پێکەوە بە ئەندازەیەک بەرژەوەندییەکانیان تێکلاوبووە، کە لە یەک حیزب دەچن، ئەگەرچی جیاوازییەکانیان لە ئاستی نەبوودایە، بەڵام ستراتیژی بەرژەوەندییەکانی هەریەکەیان بەجیا، لە ڕووی دەسەڵات‌و سامان‌و کۆنترۆڵکردنی ئیدارەی کوردستانەوە، ئێجگار ناکۆک دێتەوە لەگەڵ یەکتردا، بە چەشنێک هەر هەنگاوێک لەلایەن هەر هێزێکیانەوە بنرێت، وەک گومان‌و هەوڵدان بۆ تێکدانی ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەی نێوانیان تەماشا دەکرێت.

یەکێتی‌و پارتی ئەو هێزانەیان دەوێت کە گوێڕایەڵن، ئەو هاوپەیمانەیان دەوێت، کە بەردەوام بڵێت، بەڵێ، هاوپەیمانێک کاری ئەوەبێت پۆست‌و بەرژەوەندیی‌و سیاسەتی گشتیی ئەوان دابین بکات، لۆژیکی ئەم گوێڕایەڵی‌و پاراستنی بەرژەوەندییە لای ئەم دوو هێزە بریتییە لە بنەمای هاوپەیمانیی بەستن.

دوایەمین هاوپەیمانیی کە لەنێوان هێزە کوردییەکاندا بەسترا بە ناوی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، وا دەردەکەوت هاوپەیمانیەتێک بوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی باڵای کورد لە بەغدا دامەزرابێت،ماڵی کورد لە بەغدا ماڵێک بوو، لە کوردستانیش ماڵێکی تر، لە بەغدا دەبوو ئەندامانی ناو فراکسیۆنەکە تەباو یەکڕیزو بێ کێشەبن‌و کار بکەن بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێک دەستکەوت، بەڵام لە کوردستان هەرچی دەروازە هەبوو بە ڕووی ئۆپۆزسیۆندا داخرابوو، دژایەتیکردنی ئۆپۆزسیۆن گەیشتبووە ئاستێک، ئەستەم دەهاتە بەرچاو ئەم هێزانە بتوانن پێکەوە هەڵبکەن، ئۆپۆزسیۆن ئەگەرچی هێزێکی کاراو فیگەرێکی گەورەیە لەسەر ئاستی کوردستان‌و لەنێو هۆڵی پەرلەماندا، بەڵام چی کار بۆ ئەوە دەکرێت لە ڕێگەی یاساو دەستوورەوە ئەم دوو هێزە بۆ هەتا هەتایە بە شەراکەت فەرمانڕەوایەتی کوردستان بکەن، لە بەغدا داوای برایەتی‌و لە کوردستان دژایەتی، لە بەغدا پێکەوە هەوڵدان بۆ دابینکردنی پۆست بۆ بەرپرسە حیزبییەکانی ئەم دوو پارتە، لە کوردستان دەرکردنی لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆن لە پۆستەکانیان، لە بەغدا داواکردنی تەوافوق‌و ڕێزگرتنی کەمینە، لە کوردستان سەپاندنی زۆرینە، لە بەغدا پابەندبوون بە دەستوورو ڕێساکان، لە کوردستان کارکردن بە هێزو دوور لە یاساو دەستوور... ئەوەی لەم هاوکێشە نا هاوسەنگەی نێوان بەغداو هەولێر دەبیندرێت، ئەوەیە کە دوو هێزە فەرمانڕەواکەی کوردستان بە دیدێکی زۆر ساویلکانە سیاسەت دەکەن، دیدێک پێیوایە؛ هەموو شتێک وەک لق‌و مەڵبەندەکانیان دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، دیدێک باوەڕی وایە هەموو کارو بڕیارێک دەکرێت لە ڕێگەی هێزو سیاسەتی زۆرینەو کەمینەوە ئەنجامبدرێت.

لەم ڕوانگەیەوە کشانەوەکەی بزووتنەوەی گۆڕان بڕیارێکی سیاسیی‌و ئەخلاقی‌و ئەقڵانییە، بڕیارێکە لەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە کۆی جومگە سەرەکییەکانی سیاسەت پێکەوە دەبەستێتەوە، بڕیارێکە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن‌و وەکیەکی نێوان هێزەکان، گەر بزووتنەوەی گۆڕان ئەو بڕیارەی نەدایە، ڕەنگە بکەوتایەتە نێو جەبری بەرژەوەندییە نەخوازراوەکان، واتە دەبووە بزووتنەوەیەک کە ئامانج‌و خواستەکانی بریتیی دەبوو لە پاراستنی بەرژەوەندیی بزووتنەوەکەو خۆهەڵواسین بە هێزە دەسەڵاتدارەکاندا.

ئەوەی گۆڕان ئەنجامیدا بریتییە لە گەڕاندنەوەی حورمەت بۆ بڕیارو بەشداریی سیاسیی‌و شەراکەت‌و ڕێزگرتنی بەرامبەر، بەم کشانەوەیە بزووتنەوەی گۆڕان دەیان هەنگاو بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا.

* سەرنووسەری گۆڤاری رۆشنگەری

فرۆشتنی یەکەکانی صائب سیتی دەستپێکرد

- 768 یەکەی نیشتەجێیە بەتەواوی خزمەتگوزاریی شارێکی هاوچەرخەوە
- دەکەوێتە سەر شەقامی بازنەی مەلیک مەحمود بە دووریی تەنها 850 م
- لەلایەن کۆمپانیای [ڕۆلیدۆ]ی ڕۆمانییەوە جێبەجێ دەکرێت



وەبەرهێنەرەکانی صائب سیتی:
RAZYAR
سلێمانی، شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود
تەلاری بنەوشە، نزیک سەنتەری بۆلینک
+964(0)53 328 7042 | +964(0)53 328 7043
info@saibcity.com | www.saibcity.com
Saib City
ژیانێکی باشتر

راگەیاندنی پرۆژە

ئاگادارییەک بۆگشت وەبەرهێنەران و سەرمایەگوزارانی خۆماڵی و بیانی

لە درێژەی هەوڵ و چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ژێر چاودێری بەرێوبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی کار کراوە بۆ ساغکردنەوە و تەرخانکردنی چەندین پارچە زەوی لە قەزای دوکان بەمەبەستی ئامادەکردنیان بۆ پرۆژەی گەشتیاری بە جۆرێک کە ئەو پرۆژانە ببنە زیاتر ئاوەدانی و گەشەپێدانی ناوچەکە و ڕاکێشانی گەشتیاران لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان .

لە ئێستادا بەرێوبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی چەندین پارچە زەوی لە شارۆچکەی دوکان ئامادەیە بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاری لە ناوچەکەدا ئەو زەوییانەش دابەش بوون بەسەر گشت ناوچەکانی شارۆچکەکەدا .

هەر وەبەرهێنەر و سەرمایەگوزارێکی بەرێز دەیەوێت بەشداری بکات لە ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاری لە شارۆچکەی دوکان ، لەماوەی (١٥) رۆژ لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە داواکاری خۆی بە نامەیەکی ڕەسمی پێشکەش بکات بە بەرێوبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی پاش گەیشتنی نامەکان و ووردبوونەوە لێیان، داواتان لێدەکرێت کە پرۆپۆزەڵی پرۆژەکە پێشکەش بکەن .

بۆ زانیاری ئەو بەرێزانەی کە دەیانەوێت بەشداری لەم پرۆژەیەدا بکەن فەرمانگەکەمان ڕەچاوی ئەم پێوەرانەی خوارەوە دەکات لە وەرگرتنی پرۆژەکاندا:

١. پرۆفایلی کۆمپانیاکە .
٢. کارەکانی پێشتری لە بواری گەشتیاریدا.
٣. هێنانی براندی کۆمپانیای جیهانی لە بواری گەشتیاریدا .
٤. توانای دارایی پێشکەشکاری پرۆژە .

بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەک لەسەر وردەکاری ئەم پرۆژەیە پەیوەندی بکرێت بە بەرێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی لەسەر ئەم ئەدرەسە:

فەرمان غریب سعید
بەرێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی (بەوەکالەت)
ژمارەی مۆبایل : ٠٠٩٦٤٧٧٠١٥٧٠٥٧٧
ئیمەیل: farman200511@yahoo.com

